# چاوگە

(بەرگی یەکەم)

بەرهەڤکردن:
ڕەسووڵ وەیسی ـ سوارە فتووحی

٢٠١٣

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **چاوگە (بەرگی یەکەم)**
- بەرهەڤکردن: رەسوول وەیسی ـ سوارە فتووحی
- بابەت: فۆلکلۆر
- رووبەرگ: ئاوات حەکیم زادە + رێمان
- ژمارەی سپاردن: (٢١٢) ساڵی (٢٠١٢)
- نرخ: ٤٠٠٠
- چاپی یەکەم: ٢٠١٣
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: موکریانی(هەولێر)

***خوێنەرانی بەڕێز:***
ڕەنگە هێندێک لە چیرۆکەکان لە باری زمانییەوە لاوازییان تێدا بەدی بکرێن، بەڵام بە حوکمی ئەمانەتداری هەوڵمان داوە تا ئەو جێگەیەی بۆمان دەکرێ دەستیان تێوەرنەدەین و هەر بە ڕاوێژی وێژەر بیاننووسینەوە.

زنجیرەی کتێب (٧٩٢)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


ئەگەر خودا بیدا لە گردە خڕیلەی پشت گردیش دەیدا............ ١٣
ئەوەی خودا نەیدا نابێ ............................ ١٦
ڕێزی خەڵک بگرە هەتا ڕێزت بگرن........................ ٢٣
پێش ئەوەی کارێکی بکەی بیر لە پاشەڕۆژ بکەوە.............. ٢٥
برینی خەنجەرێ سارێژ دەبێ، برینی زمان سارێژ نابێ .......... ٢٧
بە بەشی خۆت ڕازی بە .............................. ٣٠
بەدووی چووان‌دا مەچوو ............................ ٣٢
تەبایی و یەک‌دەنگی دەستەبەری سەرکەوتنە................ ٣٤
تەماح لە گووی سەگ پیس‌ترە........................ ٣٧
جوابی خراپەی هەر خراپەیە (١) ...................... ٣٩
جوابی چاکەی خراپەیە (٢) .......................... ٤٢
چ بچێنی ئەو دەدرووویەوە.......................... ٤٦
ڕاستی بڵێ با زەرەدیشی بۆخۆت هەبێ .................. ٤٨
ڕیشی تەماحکار بە قنگی موفلیس........................ ٥٠
زمانت بە چاکە بگەڕێ نەک بە خراپە .................... ٥١
عەقڵ دە سەردایە، دە ڕیش‌دا نییە .......................... ٥٣
قرانێکی حەڵاڵ لە هەزار تمەنی حەرام باش‌ترە.............. ٥٨
قەت دوژمنی بە کەم مەگرە .......................... ٦١
وای فەرمووە پیری گەڕیاوی دەوران، یەکیەتییە ڕەمزی سەرکەوتن . ٦٤
هەتا ئاو نەیبردووە، ئاگات لێی بێ......... . ....... ٦٦
هەوەڵ نەخش‌ونیگارم، دووەم هێلکەهەلاڕم، سێیەم پەنی ڕۆژگارم.... ٦٨
با بزانین قەرزدار کامەمان دەباتەوە ...................... ٧١

بیکە دوو پێش‌تمەنی..................................٧٣
خودا نایدا..................................٧٤
ژنیش هەیە و ژنکۆکیش هەیە..................................٧٨
گوێدرێژەکەی ئێمە هەر بە جاشکی کلکی نەبوو!..................................٨٤
لە کیسەی خەلیفەی بەخشین..................................٨٧
نە خانێ هاتووە و نە خانێ ڕۆیشتووە..................................٩٣
واش هەر نامێنێ..................................٩٦
هەر کەس لە ئێمە بۆ خۆی کردی ئیش، بە قوربانت بم....١٠٢
ڕسق بە دەستی خودایە..................................١٠٧
پادارەکان بگرین، بێپاکان ئی خۆمانن(١)..................................١٠٩
پادارەکان بگرە، بێپاکان هی خۆمانن (٢)..................................١١١
ئەگەر بە مالی بە مام و خالی، ئەگەر بێ مالی بە بەیتوولمالی. . . .١١٢
ئەمن لە کۆڵ کەولەکە بوومەتەوە، کەولەکە لە کۆڵ من نابێتەوە.. . . . ١١٥
ئەو جێیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە..................................١١٧
ئەوەی بۆ پوورت هێناوە، بیبە بۆ خاڵت..................................١٢١
باسی کەر و تێڕەکەیە..................................١٢٢
بانێکە و دوو هەوا..................................١٢٤
بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش دەکا..................................١٢٥
بۆتە جووەکەی زرێبار..................................١٢٧
بووە بە گیسکەکەی هەیاس..................................١٢٨
بە گوێرەکەیی کلکتم شکاندووە..................................١٣٠
خودا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە..................................١٣٢
ڕیسەکەم لێ بۆوە بە خوری..................................١٣٦
ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ، دەیکوت ترشە.................. . ....١٣٨
زاری خۆت توند بگرە، خەڵکی بە دز مەگرە..................................١٣٩
زمان لێگەڕێ سەر سلامەتە..................................١٤٢

ژنیش بە پیاو دەگۆڕێ........................................ ١٤٤
عەولادی خراپ بەڵایە......................................... ١٥١
گەنمەکە هی خۆت، ئەدی کەر و جەواڵی خەڵکی بۆ کوێ دەبەی؟.... ١٥٤
نە شیری وشتر و نە دیداری عەڕەب (١)....................... ١٥٦
نە مار کلکی لە بیر دەچێ نە باغەوان کوڕی (٢) ................... ١٦١
هەرکەس چاڵێ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ بۆخۆی تێدەکەوێ (١) ........... ١٦٤
هەرکەس چاڵێ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ بۆخۆی تێدەکەوێ (٢) ........... ١٦٧
هەی وە تەپ و هەی وە دوو، برا خاسە، نەوەک شوو ................ ١٧٠
جارێ ئەو کوڕەی گەورە کە....................................... ١٧٣
ئەگەر کێو نەڕوا دەروێش دەڕوا ..................................... ١٧٤
دیوار لەگەڵ تۆمە، پاسا گوێت لێ بێ................................ ١٧٦
بە کەرێ ناوێری جلەکەی دەکوتی ....................................... ١٧٩
ئێستر لوشکی لێداوە ................................................. ١٨٠
گۆشتێ ناخوا گۆشتاوێ دەخوا!........................................ ١٨١
هەر لە سەرەوە دانیشە قسەی زلزل بکە! (١)............................ ١٨٢
لە سەرەوە دانیشە قسەی زلزل بکە (٢)............................... ١٨٥
وەی لەو ڕێ نزیکە و قازانجە زۆرەی ..................................... ١٨٧

θθθ

## وەکوو دەسپێک

ڕەنگە زۆر خۆش بێ لە زستانێکی سەخڵەتدا لە پەنا سۆبەیەکی بەگرفە ڕۆنیشی و یەک دوو باڵگان لە ژێر ئانیشکان بنێی، یەکێکیش لە بەر دەستتدا هەر بێ و بچێ و لێکدالێکدا چای تازەدەمەت بۆ بێنێ و لە نێو یانەی خەیاڵ و تارمایی چڕەدووکەڵی خەیاڵتدا وێنەی یار ببینی، قسەی لەگەڵدا بکەی، بیدوێنی و شێعری پێدا هەڵبڵێی و پاش قەدەرێک دیوانەشێعرێک ئامادەی چاپ بکەی.

ئەڵبەت مەبەستم لەو قسانە ئەوە نییە کە لە شکۆ و باڵای شێعر کەم بکەمەوە یان بە چاوێکی چەپ و نارەوا بڕوانمە پلەوپایەی شاعیرانمان. ئەوەی ڕاستی بێ شێعری ئێمە بۆ کۆشکی ئەدەبیات، بەتایبەت بۆ ئەدەبە غەوارەکەمان، کۆڵەکەیەکی قایم و پتەوە و بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە کاڵەمێری بەئەزموونی شێعر، بەتایبەت لە ئاسمانی هەراوی ئەدەبیاتی ئێمەدا، لە ڕیزی مەزنترین و پڕشنگدارترین ئەستێرەکانە و

ڕووناکایی ئەو، ڕۆچنەی هیوا و ژیانە. بەتایبەت ئـەو شـێعرانەی لـە ئەنگوستەچاوا و بە لەز لە سەر کەشکەژنۆ نووسراون و بەرەی وەکـوو: خانی، هێمن، هەژار، پەشێو، بێکەس و. . .ی لێ کەوتۆتەوە، چونکـوو ئەوەی ڕاستی بێ لە مەودای ژیانی پڕ کەندولەندی کورد و لـە درێژایـی مێژوودا، هەگبەی شێعری کورد تژی زام و برینانە و باری گەلێک قورس و گرانە، زۆرجار شانی لەبەر بارگرانیی گەلێک دەرد و ئازارەکانی تـاک و کۆمەڵ و نەتەوە زامار بووە و خوێنی لێچۆڕاوە. شێعرِی ئێمە لە ژێـر بـاری قورسـی مێـژووی پـڕ کارەسـاتمان، گیروگرفتـی کۆمەڵایـەتی، خوارو‌خێچیی هێندێک لە داب‌ونەریتمان، ڕووداوە دڵتەزێنەکانی سیاسی و ئەویندار‌یمان، ژان و دەردی هەژاری و نەبوونیمان، ئازاری بێسـوادی و دووربوون لە عیلم و زانست و...، پشتی چەماوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ کـە لەم بارودۆخەدا کەم‌تاکورت پشوویەکی هاتووتەوە بەر، دە با پسـپۆڕان و خاوەن‌ڕایانی بواری جۆراوجۆر، ئەو کۆڵە قورسەی لە شێعر وەرگـرن و لێکی هەڵاوێرن و بە پێی پسپۆڕی و لێزانیی خۆیان بابەتەکان دابـەش بکەن و پەروەردەیان بکەن. لەو هەلومەرجەدا بـەسـتێن و دەرفـەت بـۆ هەنگاونان بەرەو پەروەردەکردنی زۆربەی ئـەو بابـەتانـە لـە قالـب و چوارچێوەی تایبەت بە خۆیاندا ڕەخساوە. با دڵسـۆزانی هـەموو ئـەو بوارانە هەوڵی ئەوە بدەن کە بە ئەسپایی ئەو بارە لە سەر شانی شـێعر بێننە خوارێ و شێعری کورد بێتەوە سەرخۆ و بەرەو ڕێبـازی سـەرەکی هەنگاو بنی و ڕێگا ببڕێ. هەنووکە کاتی ئـەوەی هـاتووە کـە لـە پـەنا

شێعردا، کاری بنەڕەتیش بکرێ. بۆ وێنە هەر لە بەستێنی شێعردا، مەگەر بەرزەشاعیری وەکوو: نالی، مەولەوی، ئەحمەد خانی، مەحوی، مەلای جزیری، خانای قوبادی، سوارە ئیلخانیزادە و. . . شیاوی ئەوە نین لە ژیان و ئاسەواریان بکۆڵدرێتەوە و سووچە تاریکەکانی ژیانیان ڕوون بێتەوە؟ دەرفەت نەڕەخساوە تا لە دەلاقەی فنوونی شێعرییەوە ئاسەوارەکانیان تاوتوێ بکرێن و ئاسۆی لێهاتوویی و کارامەیی ئەوان بۆ دەستەمۆکردنی کارمامزی خەیاڵ و خوڵقان دیاری بکرێ؟ یان ئەوەتا لە بەستێنی مێژوودا، جگە لە ڕاپۆرتی مێژوویی، بە دەگمەن نەبێ، کوا کتێبی تەحلیلی مێژووییمان، یان سەبارەت بە زمان، دابونەریت، کەلەپوور و فۆلکلۆر، سەرجەم چەندی کار لە سەر کراوە و کتێبخانەکانی کوردی پێ ڕازاونەوە؟

لە ڕاستیدا هەموو ئەو کار و هەنگاوانە، بەردی بناغەن بۆ کلتوور و کەلەپووری نەتەوەکەمان. هەنگاو هەڵێنانەوە لە بەستێنی پاراستنی ئەدەبیاتی سەرزارەکی و فۆلکلۆری کە بە هۆی ژیانی مەکینەیی و مەوییوو و بە لەز و ئاڵۆزی مرۆڤ و بەربڵاویی ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، لە باوەشی لە بیرچوونەوە و فەوتاندا پەلەقاژەیانە، هەنگاوێکی پێویست و حەیاتییە. کەوایە کوردکوتەنی: "جارێ پادارەکان بگرین و بێپاکان هی خۆمانن." هەر بۆیە دەبێ پێوشوێنی ئەو بابەتە فۆلکلۆرییانە هەڵگرین، وەیاندۆزین، کۆیان کەینەوە، لێکیان دینەوە و شرۆڤە بکرێن.

پێوەند بە نێوەرۆکی ئەم کتێبە، دەبێ باسی چەند خاڵ و تایبەتمەندی بکەم: ١)ئەوەی لەو بەستێنەدا جێی سەرنجە ئەو پەند، مەسەل و ئیدیۆمانەی ئەدەبی کوردن کە زۆر جار لە یەک ڕستەی کورت و پڕواتا کە بە زمانێکی سادە و ڕەوان و خۆماڵی داڕێژراون، دەکرێ نێوەرۆکی کورتەچیرۆک، ڕۆمان یان دەقێکی قووڵی ئەدەبی و فەلسەفییان تێدا بەدی بکەی.

٢)هەموو ئەو بابەتانەی سەرجەم بە «پەندی پێشینییان» دەیانناسین یان تا هەنووکە لە دوو تۆێی کتێبان‌دا بەو ناوە بڵاو بوونەوە، گشتیان دە چوارچێوەی پێناسە و تاریفێک کە بۆ پەندی پێشینییان کراوە، ناگونجێن، بەڵکوو هێندێکیان پەندن و هێندێکیان مەسەل و ئیدیوم بە پێناسە و تاریفی تایبەتەوەن. ئێمەش بە پێی پێناسە و نێوەرۆکی بابەتەکە، تا ئەو جێیەی تایبەتمەندی پێناسەکە و پوختەی مانا ئیزنی پێداوین ئەو بابەتانەمان لێک هەڵاواردوون و دابەشمان کردوون.
٣)لە بەستێنی ئەدەبی سەرزارەکی‌دا بەو هۆیە کە ئەو پەند و مەسەل و زاراوانە بە دوای خۆیان‌دا بابەتێکی تری فۆلکلۆری، وەکوو چیرۆک و سەرگورشتە ڕاکێش دەکەن، شوێنێکی تایبەتییان هەیە و سەرچاوە و هەوێنی هەر کامیان کارەسات و ڕووداوێکە و لە ئاکام‌دا کورت کراونەوە و کەسێکی وردبین و ژیر لە قالب و توێی پەند، مەسەل و زاراوەدا داڕشتوونەوە و ئەمڕۆ گەیشتوونەتە دەستی ئێمە. ئێمەش لە دوو توێی

ئەم کتێبەدا هەوڵمان داوە تا ئەو جێیــەی بــوار هەیــە ســەرچاوەکانیان بدۆزینەوە.

٤)سەرەڕای ئەو خاڵانەی ئاماژەپێکراو، پێویستە باسی ئــەو خاڵــەش بکەم: ڕەنگە لە دەقی نەتەوەکانی دیکەدا بــە هەڵــکەوت نموونــەی ئــەو پەند و زاراوە و مەسەلانە ببینینەوە کە جــاری وایــە هــەر تــەواو وێــک دەچن. سەبارەت بەو بابەتەش دەبێ بڵــێم هــەر کۆمەڵــگایەک بــە پێــی تایبەتمەندییەکانی خۆی کارەسات و ڕووداووی وای هەبووە کــە ببێتــە هەوێنی پەند و مەسەل و زاراوە. لەو نێــوەدا بــێگومــان سەرگورشــتە و ڕووداووی هاوبەش و هاوشێوە لە وڵاتە جۆراوجــۆرەکــاندا ڕووی داوە، جا بۆیە هیچ سەیــر نییــە کــە لــە نێــو فۆلکلــۆری نەتــەوەکانی تــری ڕۆژهەڵاتدا، تەنانەت لە دەقی ئەدەبیی وڵاتانی دیکەشدا پەند، زاراوە و مەسەلی هاوبەش و هاوشێوە ببینینەوە.

ئێمەش بە هەست کردن بەو بابەتانەی کە پێشتــر ئامــاژەم پێکــردن، ئەوە کەوتووینە ڕێ و دەستی نیاز درێژ دەکەین بۆ هەموو دڵسۆزان بــە فەرهەنگ و ئەدەب و کلتوور و کەلەپــووری کــورد کــە لــەو بەســتێنەدا یاریدەدەرمان بن و دەستمان دەگەڵ دەنێ تــا دەســتی ڕەشــی فــەوتان و نەمان ئاسەواری ئەو گەنجینە بەنرخە نەسڕنەوە.

هەر لێرەشەوە ئەو هەلە دەقوازمــەوە و ســپاس و ڕێــزی بــێپایــانی خۆمان ئاراستەی ئەو دڵسۆزانە دەکەین کە لــەو بەســتێنەدا ڕچەشــکێن بوون یــان ڕێبــواری ئــەو ڕێگەیــەن و هــەوڵ دەدەن تــا ئــەم بابەتانــە

نەفەوتێن. ئەوان کەسان زۆر جار لەو ڕێیەدا ئەوەندە شەکەت بوون کە ئــارەقی تەوێڵــیان، تارمایی کێشــاوەتە ســەر ســۆمای چاوەکانیــان و ئیزنیان نەداوە خەرمان و سامانی نەتەوەکەمان شەقڵی بشکێ.

شایانی باسە چەند ساڵ بوو ئەم بەرهەمە و چەند بەرهەمێکی دیکەمان لەو بوارەدا ئامادەی چاپ بوون، بەڵام بەداخەوە دەرفەتی چاپیــان هــەر نەڕەخسا و مەودای چاوەڕوانیی چەنــدەها ســەدەیەی ئــەم بەشــە لــە ئەدەبمان هەروا درێژ دەبۆوە کە دەلاقەیەکی هیوا و هۆمێد بە ســەر ئــەو بەشــەی کــە ئێمــە گردەوکۆمــان کــردووە، کرایــەوە. هیــوادارم هــەموو ڕێبوارانی ئەو ڕێیە کە بەرهەمی بڵاونەکراوەیان لەو بەســتێنەدا هەیــە، بە زووترین کات بڵاو ببنەوە و سامانی نەتەوەیی‌مان لەو ڕێیەوە هەرچی زیاتر بپارێزرێ. بەو هیوایەن کە ئەم بەرهەمەش لانی‌کەم شیاوی ئــەوە بێ و کەرەسەیەکی خاو بێ بۆ خاوەنڕایــان، لێکۆڵــێنەران و پســپۆڕانی ئەو بوارە.

«سوارە فتووحی»

***چەند تێبینییەک:***

١) هەرکام لەو بابەتانە: *پەند ، مەسەل* و *زاراوە* ، بە پێی پێناسە و تاریفی خۆیان دەچنە بازنەی باسێکی تایبەتییەوە. ئێمەش ئەوە ئەقڵمان لە سەریەک دانا و لێکمان هەڵواردن، بەڵام تاقمێکیان ئەوەندە لێک نزیکن، سنووریان لە چڵەموویەک باریک‌ترە، بۆیە لێک‌هەڵواردنی هێندێکیان لانی‌کەم بۆ ئێمە گەلێک چەتوون بوو.

٢) وەک خاڵێکی سەرەکی بۆ کاری لێکۆڵینەوە، دەبوو بە وردی ناونیشانی ئەو کەسانەی کە ئەو بابەتانەمان لە زمان ئەوانەوە نووسیووەتەوە، دیاری کرابان. هەروەک لە دەسپێکی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێکراوە، لە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمەدا بێ‌هێوا ببووین و بە یەکجاری مەیلمان نابوو و لە دوایی‌دا کە دەلاقەیەکی بۆ چاپ بۆ کرایەوە، خەریکی زیندووبوونەوەیان بووین، بەداخەوە هێندێک لەوان ناونیشانیان بزر ببوون و ناچار هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە بە هەر شێوەیەک بێ بڵاوبوونەوەیان لە لەنێوچوونیان باش‌ترە.

مەسەل

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

## «ئەگەر خودا بیدا لە گردە خڕیلەی پشت گردیش دەیدا»

پیاوێکی هەژار دەگەڵ ژن و سێ منداڵەکەی لە گوندێکی دوورەدەست دەژیان. دەستکورتی تەوژمی بۆ هێنابوون، لە بیری ئەوەدا بوو کارێک وەدۆزێ هەتا بتوانێ ژیانی خۆی و خاو و خێزانی پێ دابین بکا. تەمای ئەوەی گرت سەری خۆێ هەڵگرێ و بڕوا تا بەڵکوو کارێکی دەست بکەوێ. بەیانییەکی زوو تەیار بوو و ماڵاوایی لە ژنەکەی خواست، چاوی هەرسێک منداڵەکانی کە لە غوڕابی خەودا بوون ڕامووسی. ناوی خودا و پێغەمبەرانی هێنا و وەڕێ کەوت. ژنە هەتا بەرماڵان دەگەڵی ڕۆیی بەڕێی کرد تا پیاوەکەی دوور کەوتەوە و لە بەر چاوان ون بوو، سێرەی لە سەر هەڵنەگرت، پاشان بە دڵێکی پڕ لە خەفەت و چاوی پڕ لە فرمێسک گەڕایەوە ماڵ.

پیاوە ڕۆیی و چەند مانگێک خەریکی کار بوو، بەڵام ئەوەی پەیدای دەکرد هەر بەشی بژیوی خۆی دەکرد و پارەیەکی بەرچاوی بۆ پاشەکەوت نەکرا. ڕۆژێ هەر بیری لە ماڵ و منداڵەکانی دەکردەوە و خەفەت دایدەگرت تا وای لێهات ئیدی لەوە زیاتر خۆی بۆ ڕانەگیرا و ڕۆژێکی

بە جلوبەرگێکی دڕاو و پینەکراو، سەروپۆتراکی چڵکن و قرژن بەرەو ئاوایی و ماڵە خۆیان وەڕێ کەوت. پیاوەکە ئەگەر چی تەمەنێکی زۆری نەبوو، بەڵام هەژاری و کوێرەوەری ڕۆژگار سەر و ڕیشی سپی کردبوو. ئەوەندە ڕۆیشت تا گوندەکەیان وەدەرکەوت، بەڵام دوورونزیکی ئاوایی ڕاوەستا، چون زۆر پیس و چڵکن بوو، پێی شەرم بوو خەڵکی ئاوایی ئاوای ببینێ. هەتا تاریکی داهات لە پاڵ گردێکی پشت ماڵان دانیشت و بۆ خۆخافلاندن و کاتڕابواردن بەو پێمەڕەی پێیبوو هەر قووڵکەی هەڵدەقەندن و پڕی دەکردنەوە. لە پڕێک لە قوڵکەیەکیاندا دمی پێمەڕەکەی وە کووپەیەک کەوت؛ لە خۆشییان شاگەشکە بوو، کوپەکە پڕ بوو لە زێڕ، لە خۆشیان نەیدەزانی چ بکا و ئەو هەمووە زێڕە چ لێ بکا. دوای فکرێکی زۆر وای بە باش زانی لە وەختی ماڵنووستناندا بچێتەوە و زێڕەکان لە کەلێنێکی کادێنەکەی ماڵە خۆیاندا حەشار بدا، جا ئەو جار وردەوردە لێیان خەرج بکا. پشتێندەکەی کردەوە و زێڕەکانی تێکردن و کوپەکەی بە چۆم دادا. کاتێک شەو داهات و ماڵ خەوتن، بەرەو دێ بۆوە. دەرکەی حەسارێی بە ئەسپایی کردەوە و چوو زێڕەکانی لە کادێن شاردنەوە و ئەو جار لە دەرکەی ژوورەکەی خۆیانی دا. ژنە کە زانی مێردەکەی گەڕاوەتەوە، لە خۆشییان خێرا دەرکەی کردەوە و گەلێکی بە خێرهاتن کرد. منداڵەکان کە دەنگی باوکیان بیست، وەخەبەر هاتن و بە سەروپۆتراکی هەڵگەڕان.

پیاوەکــە هێنــدێک زێــڕی دە گیرفــانی کردبوون، پێشــانی ژنەکــەی دا و کوتی:

ـ لەو ماوەیدا هەر هێندەم کار کردووە.

ژنە کوتی:

ـ پیاوەکە خۆ ئەمە زێڕە!

ژنە هەر ئەوەندە زێڕەی دیبوون کە دە گیرفــانی مێردەکــەیدا بــوون و ئاگای لەو زێڕانەی کادێنێ نەبوو.

وڵات کە ڕووناک بوو پیاوە زێڕەکانی بردنە شار و بە پووڵــێکی بــاش فرۆشتنی و هێندێک پێداویستیی ماڵێی کڕین و گەڕاوە. خەڵکی گوند کــە دەیاندی پیاوە فەقیرەکە ژیانی گۆڕاوە دەیانکوت:

ـ قاڵبت ساخ بێ، وا دیارە کاسبێکی باشت کردووە!

ئەویش لە وڵامی خەڵکەکەدا هەر ئەوەندەی دەکوت:

ـ «ئەگەر خودا بیدا لە گردە خڕیلەی پشت گوندیش دەیدا.»

***

**پەند**

*سەید عەلی خزری ـ بۆکان*

# «ئەوەی خودا نەیدا نابێ»

زەمانی قەدیم ئەحمەدێک بوو، دەچوو دار و دەوەنی دێنان و لە شار بە دینارێکی دەفرۆشتن. ئەو دینارە بژیوی خۆی و ژنەکەی دابین نـــەدەکرد. عەزیزی نانەوایێ لە شاردا هەبوو، بەشە نانەکەی بۆ بڕیبۆوە لــە ڕۆژدا دەیدایە. ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەحمەد کــە دەچــوو بــۆ دارهێنان، لــە ڕێگــادا یەکێکی چاو پێکەوت کە شێوەی عەرەبانی دەدا، پێیگوت:

ـ ئەی مامە پیرە، تۆ بێجگــە لــەو شوغڵــە نــاتوانی هــیچ شــوغلێکی دیکە بکەی؟

ـــ ئــەی جــەوان هــەروا فێــر بــووم و لــە ئەوەڵــی عومرمــەوە هــەر ئەوەم کردووە.

ئەو جەوانە حەزرەتی جوبڕائیل بوو، دەستی برد لە گیرفانی کــەڕەمی خۆی گەوهەرێکیدایە، کوتی:

ـ ئەی ئەحمەد ئــەو گــەوهــەرەی بــەرە لــە شــار بیــدە بــە پیــاوێکی مسوڵمان و زانا با بۆت بفرۆشێ و خەرجی بکە، ئیدی مەیە ئــەو کــارەی مەکە.

ئەحمەد شوکری خودای بەجێ هێنا کە تازە لەو بارە قورسە نەجاتی دەبێ. دەستی برد تا لە چۆمەکە سەر و چاوی فێنک بکاتەوە، قەزای خوا گەوهەرەکە لە باغەڵی خزی و کەوتە چۆمەکەوە و ماسی قووتی دا.

بە سەرلێشێواوی هاتەوەماڵەوە و ئەو بەسەرهاتەی بۆ منداڵەکانی گێڕاوە:

ـ ئەوڕۆکە جەوانێک کەرەمێکی وای لەگەڵ کردم و هاتم لە سەر چۆمی دەستوپلم بشۆم، گەوهەرە خزی و کەوتە چۆمەکەوە و بە قسمەتم نەبوو.

ژنەکەی کوتی:

ـ پیاوەکە حاشا لەو بەشە کە خودا نەیدا! خودا بە قسمەتی نەکردووی و نارەحەتی ناوێ. حەزرەتی جوبرائیل سێ جار بەم جۆرە چاکەی لەگەڵ ئەحمەد کرد، خودای تەعالا بە قسمەتی نەکرد.

ئەحمەد چۆوە ماڵێ، کوتی:

ـ ئیدی من ئا ئەمە ناکەم، ئەم جەوانە جارێکی باوەڕ پێکردم، دوانی باوەڕ پێکردم، سێیانی باوەڕ پێکردم. ئەمجار باوەڕم پێ ناکا، ئەڵێ درۆم لەگەڵ ئەکەی!

ئاخرین جار کە لە ڕێگاوە هات، حەزرەتی جوبرائیل هێنای بۆی لە پرێسکەیەک نا و لە کۆڵی بەست کە هاتەوە لە ڕێگادا باشوویەک، سەقرێک، لە پرێسکەی دا و پچڕاندی و بردی و ڕۆیی.

هاتەوە کوتی:

ـ ئیتر ئەم معاملەیە ناکەم.

دەستی لەو کەسبە هەڵگرت و ڕووی کردە چۆمی، تەماشای کرد دەستەیەکی ڕاوچی لەوێ خەریکی ڕاو بوون، چوو ڕووی کردە ئەوان. سەلاموعەلەیکووم و عەلەیکەسەلام.

ـ کاکە چ کارەی؟

کوتی: کرێکارم و هاتووم ئەگەر کارتان بێ بیکەم!

کوتیان:

ـ کاکە گیان! ئێمە کرێکار بە حەق ناگرین، هەر کەس دێ کارمان بۆ ئەکا، تا نیمەڕۆ بەرهەمی کارەکە بۆ ئێمەیە کە ئەربابین، دوانیمەڕوان بە ناوی خوا و بەشی ئەو کابرایەی کارمان بۆ دەکا. خۆی و بەختی خۆی هەر یەک تۆڕی تێدەخەین.

ئەحمەد هەر چەند ڕۆژێک کە چەند ماسییەکی بۆ پێوە دەبوو، ئەیهنانەوە و دەیفرۆشتن، عەزیزی نانەواش کە لە شاری بەسرا یا میسر بوو، بەشە نانەکەی دەدایە. ڕۆژێ لە ڕۆژان شانسی ئەحمەد وابوو کە تۆڕیان تێخست، کۆتەدارێک لە تۆڕەکە هاڵا و کیشایانە دەرێ. کوتیان: ئەحمەد وەڵڵاهی شانسی تۆ ئەورۆ هیچ ماسی نەهێناوە. هەر ئەم کۆتەدارەی هێناوە! کوتی: ئەوەش بۆ تەنگانە بە کار دێ. ئێوە بڕۆن با کەمێک ئاوەچۆڕ بێ، پژوێنەکەمی تێدەخەم و دەیهێنمەوە.

ئەوان دوورەوە کەوتن، داری قەڵشتەوە و جەوانێکی چاردە ساڵان لە نێو دار هاتە دەرێ و کوتی:

ـ سەلامووعەلیکوم ئەحمەد!

کوتی:

ـ وەعەلیکومولسەلام ڕەحمەتوڵلا. تۆ کێی؟!

کوتی:

ـ کوڕی پاتشای دەریام.

ـ جا چت لە من دەوێ؟

ـ دەمەوێ سەودایەکت لەگەڵ بکەم!

کوتی:

ـ جا منێکی بەدبەختی کلۆڵ چ سەودایەک دەتوانم بکەم؟!

کوتی:

ـ بڕۆ میوەی سەر زەمین، هەر چی باشە و دەرەجە یەکە بیهێنە. هەر سندووقێ میوە بێنی، سندووقێکت زێڕ دەدەمێ!

ئەحمەد هاتەوە چوو بۆ لای عەزیزی نانەوا. کوتی:

ـ ئەی عەزیز، ئەو قەول و قەرارەمان لەگەڵ کوڕی پاتشای دەریا بەستووە، فەقەت من هیچم بە دەستەوە نییە.

عەزیزی نانەوا زۆر پیاوانە هەستا هاتە لای حاجی کە میوەفرۆشی ئەو شارە بوو، قەراری لەگەڵ بەست کوتی:

ـ ئا ئەمە خزمی منە، ڕۆژێ هەر چەند سندووق میوەی باش و دەرەجەیەکی ویست بیدەیە، داشقەیەکیشی بۆ بکرە، ئەمنیش هەر چەند ڕۆژ جارێ دێم و حیسابت لەگەڵ دەکەم.

ئەحمەد ماوەیەک ئەم سەودایەی لەگەڵ کوڕی پاتشا کرد. قەرارەکەشیان وابوو هەر بێتە قەراغ دەریاکەوە بەردێ بخاتە نێو ئاوەکەوە و ئەویش بێتە دەرێ. لەو سەودایەدا ئەحمەد هێندە دەوڵەمەند بوو لە هەموو جێگایەدا دەنگی دایەوە. مووساییەک جیرانی بوو، سەروەتێکی زۆری بوو. کچێکیشی بوو، کوتی:

ـ وا چاکە بە فێڵ ببم بە مسوڵمان، تا ئەم کابرا پیرە بکەم بە زاوای خۆم و ئەو وەختە کە مرد تەواوی سەروەتەکەی دەبێتە هی من.

شەوێ هات و دای لە دەرگای ماڵی ئەحمەد، کوتی:

ـ ئەحمەد وەڵڵاهی دینی تۆ دینێکی بەرحەققە و هاتووە بە هاوارتەوە. ئێستاش من دێمە سەر دینی تۆ، بەڵام بە شەرتێ ئەو کچەم بکەی بە هاوسەری خۆت!

ئەحمەد هێنای کچەی مارە کرد، بەڵام پاش حەوت ڕۆژ، کابرای مووسایی مرد و تەواوی سەروەتەکەی بە ئەحمەد گەیی. وەختێک لە شارا دەنگ بڵاو بۆوە و خەبەر بە شا سەلیم گەیی، کوتیان: نەفەرێک لەم شارەدایە سەروەتێکی زۆری لە گەنج و جەواهێرات هەیە، کەس نازانێ لە کوێوەی هێناوە؟!

شا سەلیم کوتی:

ـ چۆنی لەگەڵ بکەین؟

وەزیر گوتی:

ـ پاتشا سلامەت بێ، ناکرێ بە زۆر لێی بستێنین، تۆ ئەو کچەت هەیە، لێی مارە دەکەین، ئەو کابرایە پیرە و پاش ماوەیەک دەمرێ.

کوتی:

ـ تەگبیرێکی باشە.

ئەحمەدیان بانگ کرد، کوتیان:

ـ ئەحمەد ئێرە بۆ پیاوی وەک تۆ نابێ، وەرە با کچی پاتشات بدەینێ. کاخێک لە کاخەکانی پاتشات پێ دەبەخشین، لە وێ دانیشە و ببە بە وەزیری دەستەڕاستی پاتشا!

مەلایان هێنا و بە شەرحی خودا و پێغەمبەران مارەی ئەو کچەیان لێ بڕی. تەواو حەوت ڕۆژی پێ نەچوو، بە قودرەتی خودا پاتشا مرد.

کوتیان:

ـ چ بکەین، خۆ ئەم مەملەکەتە نابێ بێ پاتشا ببێ؟!

کوتیان:

ـ جا میراتگر کچەکەیەتی. ئێستاش بێنن ئەحمەد بکەین بە پاتشا!

ئەحمەدیان کرد بە پاتشا و لە سەر تەختیان دانا. خودا بە حەزرەتی جوبڕائیلی فەرموو:

ـ بچۆ دیدەنی لە پاتشای میسر بکە.

جوبڕائیل هات و گەڕاوە، خودا فەرمووی:

ـ چیت دی؟

عەرزی کرد: باریتەعالا ئەوەی کە تۆ داوەتێ مەگەر هەر خـۆت بـزانی چت داوەتێ.

فەرمووی: نەتناسی؟

فەرمووی: نەخێر قوربان!

فەرمووی: ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە تۆ گەوهەرت دەدایـە، بـەڵام مـن نەمدەدایە. ئێستا من داومەتێ، کێ ئەتوانێ لێی بستێنێ؟

***

پەند

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

# «ڕێزی خەڵک بگرە هەتا ڕێزت بگرن»

لە شارێکدا تاجرێکی دنیادیدە و بەئەزموون دەژیا. ئاسەواری پیری بە سەر و چاوییەوە دیار بوو. وازی کارکردنی نەمابوو، هەر بۆیە گەرەکی بوو یەکێک پەیدا بکا هەتا لە حسیب و کتێبدا یارمەتی بدا. دە شاریدا جاڕ درا کە فلان تاجر پێویستی بە لاوێکی باسەواد هەیە، لاوانی شار هەر کە ئەو هەواڵەیان بیست کەوتنە جموجۆڵ هەتا بە هەر شێوەیەک بێ ببن بە پیاوی تاجر. هەر کام لە لاوەکان دەچوونە لای دۆستانی تاجر هەتا تکایان بۆ بکەن. هەر بەو بۆنەوە هەر کام توانی کاغەزێک لە دۆستی نزیکی تاجر وەرگرێ و لە ڕۆژی دیاریکراودا لە بەردەمی تاجری دابنێ. هیچ کام لە لاوەکان ئاگاداری یەکتر نەبوون کە چییان کردووە و چۆن گەرەکیانە ببن بە پیاوی تاجر. لە ڕۆژی خۆیدا بە فیز و هەوایەکی زۆرەوە دەچوونە ژوورەوە و بە کەیف و خۆشییەوە لە سەر کورسی دادەنیشتن و لاقیان دەهاویشتە سەر لاقیان. تاجریش کڕومات سەیری دەکردن. هەموو کورسییەکان پڕ ببوون. تەنیا کورسییەکی بەتاڵ لە لای خوارەوە مابۆوە. دوای ماوەیەک لاوێکی فەقیر و هەژارۆکە هات زۆر بە هێمنی لە دەرگای دا و وەژوور کەوت؛ سلاوی کرد و ڕاوەستا و چاوی دە

چاوی تاجری بڕی. تاجر کوتی: ڕۆڵە گیان دانیشە. کوڕە زۆر بە ئەدەب دانیشت. لاوەکانی‌تریش کە هەر یەکەی نامەیەکی لە دۆستێکی تاجر وەرگرتبوو، خۆیان لەوی‌تر پێشتر دەزانی و بە کوڕە هەژارەکە پێدەکەنین. کوڕە بێدەنگ دانیشتبوو سەری هەڵنەدەهێنا. لەو کاتەدا تەقە لە دەرگا هات و پیاوێک وەژوور کەوت و سڵاوی کرد، بەڵام نە کەس وڵامی سڵاوەکەی داوە و نە کەسیش لە بەری هەستا! لاوەکە یەکپێ قیت بۆوە و سڵاوی لێ وەرگرتەوە. دەستی کابرای گرت و لە جێگای خۆی داینا و بۆخۆشی بە پێوە ڕاوەستا، تاجر ئەو کارەی لاوەکەی زۆر بە دڵ بوو و کوتی:

- ئیمڕۆ سەرەڕای ئەوە کە دەبوایە یەکێک لە نێو ئێوە هەڵبژێرم، تاقی‌کردنەوەیەکی باشیش بوو بۆ هەمووتان! لەنێو ئێوەدا تەنیا ئەو لاوەی بە پێوە ڕاوەستاوە شیاوی ئەوەیە لە لای خۆمی ڕاگرم، چونکوو بە کردەوە سەلماندی کە لاوێکی فرە زانا و تێگەیشتووە و ڕێزی خەڵکی لە لایە. کە وابوو جگە لەو لاوە هەمووتان دەتوانن بڕۆنەوە.

بەم چەشنە کوڕە هەژارەکە مایەوە و بوو بە نووسەری تاجر.

لێرەدا دەردەکەوێ هەرکەس ڕێزی خەڵک بگرێ ڕێزی دەگرن.

***

پەند

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

## «پێش ئەوەی کارێکی بکەی بیر لە پاشەڕۆژ بکەوە»

پاتشایەک بە نێو شاردا دەگەڕا و بۆ ئەوەی کەس نەیناسی جلوبەرگی خۆی گۆڕیبوون. هەروا کە دەگەڕا کابرایەکی دی کە دانیشتووە و چەند سندووقی لە پێش خۆی داناوە. چۆ پێش و نرخی سندووقەکانی پرسی. کابرا داوای نرخێکی زۆری کرد.

پاتشا زۆری پێ سەیر بوو، کوتی:

ـ ئەم نرخە بۆ ئەم سندووقانە یەگجار زۆرە، ئەوەندەی ناکەن، دە دەستتدا دەمێننەوە. هەرزانیان بدە با بفرۆشرێن.

کابرا کوتی:

ـ ڕاست دەکەی ئەم نرخە زۆرە، بەڵام هەر کام لەم سندووقانە شتێکی زۆر بەنرخیان تێدایە کە بە هیچ پارەیەک ناکڕدرێن.

پاتشا دانەیەکیانی کڕی و بردییەوە کۆشکەکەی خۆی. کاتێک سەری هەڵگرت، دیتی کلکەوانەیەکی تێدایە کە لە سەری نووسراوە:

«پێش ئەوەی کارێکی بکەی، بیر لە پاشەڕۆژ بکەوە.»

نووسراوەکەی زۆر پێخۆش بوو و کلکەوانەکەی دە ئەنگوستی کرد. هەر کات گەرەکی بوو کارێک بکا، چاوێکی بە نووسراوەی سەر کلکەوانەکە دەخشاند و پاشان بە وردی بۆ کارەکە دەچوو.

ڕۆژێک ناردی بە شوێن دەللاکدا کە بێ سەر و ڕدێنی بۆ بتاشێ. دەللاک بێ سێودوو هەستا و بەرەو کۆشکی پاتشا وەڕێ کەوت. کە گەیشتە ئەوێ سەر و ڕدێنی پاتشای دە خووس نا و گوێزانی دەستدایە. لەو وەختەدا مێشێک هات و لە سەر سەری پاتشا نیشت. سەری وەخورووکەوت، دەستی هەڵێنا سەری بخورێنێ. دەللاک چاوی بە نووسراوەی سەر کلکەوانەکە کەوت و ترسی ڕێنیشت و هەر لە بەر خۆیەوە دووپاتی دەکردەوە و دەیکوت:

- یا ڕەبی خودایە تۆبە، یا ڕەبی خودایە تۆبە. . .

پاتشا گوێی لە ورتەورتی دەللاک بوو و کوتی:

- ئەو ورتەورتەت لە چییە دەللاک؟ ئەوە دەڵێی چی؟ ڕاستیم پێ بڵێ چت زانیوە؟

دەللاک کوتی:

- گەورەم چت لێ وەشێرم، ئەمن دەگەڵ نەیارانی تۆ هاودەستم، بەر لە وەی بێمە لای تۆ، بڕیارمان دابوو کە سەر و ڕدێنت دەتاشم، بەم گوێزانە دەماری ئەستۆت ببڕم و بتکووژم، بەڵام دەرکەوت ئەگەر بێتوو ئەم کارە بکەم سەری خۆشم تێدا دەچێ! پێشتر بیرم لەم کارە نەکردبۆوە.

پاتشا دەللاکی خەڵات کرد و هەموو نەیارەکانیشی گرتن و خستینیە بەندیخانەوە.

***

**پەند**

*سەید زاهید هیدایەتی ـ سنە*

## « برینی خەنجەری سارێژ دەبێ، برینی زمان سارێژ نابێ »

پیاوێکی هەژار بۆ وەدەستهێنانی بژیوی خاو و خێزانی، هەموو ڕۆژێ خەنجەرێک دەبەر پشتێندیدا دەچۆ نێو باغێک و داری دەبڕین و دەیبردنە شاری و دەیفرۆشتن. چەند ڕۆژێک بەم چەشنە تێپەڕ بوو تا ئەوەی ڕۆژێک خاوەن باغ کە ئاقڵی برێک سووک بوو، هاتە نێو باغەکەی و بە نێو دارەکاندا گەڕا، لە دوورەوە چاوی بە کابرا کەوت کە خەریکی داربڕین بوو، بە دەنگێکی بەرز هەرای لێکرد:

ـ هۆی نەفام، گێلە! نازانی ئەو باغە بێسێحەب نییە، ئێستا ئەو دارانە بۆ دەبڕی؟

داربڕ کە باغەوانی چاو پێکەوت، کەوتە پاڕانەوە کە ئیزنی بدا برێک دار ببڕێ و باغەکەشی بۆ ئاو بدا.

خاوەن باغ دڵی پێسووتا و کوتی:

ـ باشە، بەڵام بە مەرجێک دارەکان بە جوانی ئاو بدەی و بە باشی ئاگاداری لە باغەکە بکەی و زۆریش دار نەبڕی.

داربڕ زۆری بە کەیفێ دەبێ و بە کۆڵێک دارەوە دەگەڕێتەوە ماڵ و بە خێزانی دەڵێ:

- ئافرەت کابرایەکی شێتوشـوورم دیوەتـەوە کـە بـاخێکی گـەورەی هەیە، بۆ وەی جێگەپێی خۆم دە باغەکەیدا قـایمتـر بکـەم وا باشـە بـۆ سبەی نیوەڕۆیە بانگهێشتنی بکەین.

ژنەکەی دەڵێ:

- جا بە خـوای قـەت تـەگبیری ناگاتێ، ئـەمنیش چێشـتێکی خۆشـی بۆ لێدەنێم.

داربڕ بۆ سبەینێ خاوەن باغەکە دەباتەوە ماڵ. کـاتی نـان خـواردن، خـاوەن بـاغ لیکـاوی بـە زاریدا دێتـە خـوار، ژنی داربـڕ چـاوی بـە دەموولـەوسی کابرا دەکەوێ، پێی دەڵێ:

- هۆی شێتە! دەمت وەرگێڕە قێزمان دەبێتەوە.

خاوەن باغ هەر چەند بە بیستنی قسـەی ژنی داربـڕ زۆر تێـکدەچـێ، بـەڵام دەنـگ ناکـا. ڕۆژی دواتـر دەچێتـە بـاغ و لـە داربڕەکـە نزیـک دەبێتەوە و دەڵێ:

- کاکی برا!پشـتم زۆر دێشـێ. حـەجمینم لـێ هەڵـگیراوە، دەتـوانی نووکەخەنجەرێک بەو خەنجەرەی بەر پشتێندت لە پشتم بدەی، بەڵکوو چا بێ؟

داربڕ دەڵێ:

- ئەی بۆ ناتوانم، دا ڕاوەستە بزانم!

خەنجەرێکی لە پشتی دەدا و برینداری دەکا. خاوەن باغ لێـدەدا دەڕوا. دوای چەند ڕۆژێـک کـە برینەکـەی سـاڕێژ دەبێتەوە، دەگەڕێتـەوە لای داربڕ و پێی دەڵێ:

ـــ کـاکی داربــڕ دا وەڕە چاوێـک لــە پشــتم بکـە بزانــە برینەکـەی ساڕێژ بۆتەوە؟ داربڕ کە چاو لە پشتی دەکا، دەڵێ:

ـ ئەرێوەڵڵا بە خۆشییەوە چاک چاک بۆتەوە.

ئەوجار خاوەن باغ دەڵێ:

ـ ئەو ڕۆژەت لە بیرە کە بانگهێشتنتان کردبووم؟

ـ ئا، بۆ؟

ـ لە بیرتە ژنەکەت چی پێ کوتم؟

ـ نا، چی کوت؟

وەبیرت نایە لە سەر نان خـواردن کـوتی: شـێتە دەمـت وەگێـڕە قێزمان دەبێتەوە؟ هــەر بۆیــە منــیش ئــەو ڕۆژە هاتمــە لات کـوتم پشتمدێشێ خەنجـەرێکم لــە پشــتێ بـدە تـا بریـندار بـێ و دوای ساڕێژبوونەوە نیشانت بدەم کە «برینی خەنجەرێ سـاڕێژ دەبـێ، برینی زمان ساڕێژ نابێ.» کە وابوو هەر ئێستا لە باغ وەدەر کەوە، دەنا هەر بەو خەنجەرەی خۆت دەتکووژم.

***

پەند

*قوربان مێهری ـ سەردەشت*

## «بە بەشی خۆت ڕازی بە»

کابرایەکی سەقا*، کەرێکی بوو و ڕۆژ تا ئێوارێ ئاوی بۆ ماڵان پێدێنا، بەڵام یەکجار کەمی پێڕادەگەیی. کەرەکە تا چاوی بە دەنکە جۆیەک دەکەوت، لە حەوت شوێن ملی خۆی بۆ دەشکاند. چونکوو قەت لە کای ویشکیش تێری نەدەخوارد، کابراش هێندەی نەقیزە تێوەژاندبوو، خوێنی بە کلۆتان*دا دەهاتە خوارێ.

ڕۆژێک میراخوڕی* پاتشای تووش بوو کە پێشتر یەکتریان دەناسی و برادەر بوون، چاکوخۆشییان کرد، میراخوڕ کە چاوی بە کەرەکە کەوت بەزەیی پێداهات و کوتی:

ـ ئەو کەرەی تۆ بۆ هێندە لەڕ و لاوازە؟

ـ بڵێم چی؟ لەبەر دەسکورتی.

ـ چەند ڕۆژێک بیسپێرە بە من هەتا بیبەم لەگەڵ ئەسپەکانی پاتشا خزمەتی بکەم بەڵکوو تۆزێک بێتەوە سەرخۆ.

میراخوڕ کەرەکەی برد و خستییە تەویلە و لە سەر ئاخوڕێک بەستییەوە. کەرەکە تەماشای کرد ئەو هەموو ئەسپە قەڵەوە، هەر یەک بە ئاوازێکەوە دەحیلێنێ! ئاخێکی کێشا و لمبۆزی بەرەو حەوا بەرز کردەوە، کوتی:

ـ خودای گەورە، ئاخر با کەریش بم، مەگین مەخلووقی تۆ نیم؟ ئەتۆ خەڵقت نەکردووم؟ جا باشە بۆ وا بێ رسق و زەلیل و پشت برینـدارت دروست کردووم؟ شەو تا بەیان لەبەر ئێشی برینەکانم و سکی برسیمەوە خەوم وەچاوان ناکەوێ. ڕۆژ تا ئێواری باری گرانم لەسەر پشتێ لاناچێ! کەچی دەبینم ئەو ئەسپانە وەکوو شای ڕادەبوێرن و هیچ گرفتیەکیان نییە. ئەوان بۆ ئاوا و منیش ئاوا؟! چ گوناحێکم هەیە تووشی ئەو چەرمەسەرییەت کردووم؟

کەرەکە لەو قسانەدا بوو کە تەپڵ لێدرا، کوتیان:

ـ ئەسپەکان زین بکەن دوژمن هێرشی هێناوە، بچن بۆ شەڕ.

ئەسپەکان کە لە شەڕ گەڕانەوە، کەرەکە دیتی ئەو ئەسپە بەکەیف و قەڵەوانە چییان بە سەر هاتووە؟

بەیتاریان هێنا، برینەکانیان کردنەوە و بە تیغ و سمتراش سەرەنێزەیان لێ دەهێنانە دەرێ و برینەکانیان دەقەڵاشت. سەری بەرزکردەوە و کوتی:

ـ خودای گەورە! تۆبە، پەشیمانم لەو قسانەی کە کردوومە، بە هەژارییەکەی خۆم ڕازیم و نەقیزەی خاوەنەکەی خۆم زۆر لە سەرەنێزەی دوژمنان پێ باشترە.

***

پەند

*عومەر محەممەدی ـ شنۆ*

# «بە دووی چووان‌دا مەچوو»

ڕۆژێک کابرایەک باری خورمای لە گوێدرێژەکەی نابوو، بۆخۆی‌سواری ببوو و جاشکەکەشی بە دوای‌دا دەڕۆیی. دەگاتە کانیاوێک، تووشی پیاوچاکێک دەبێ، ماندوو نەبوونی لێ دەکا و پێی دەڵێ:

ـ مامە! بۆچی لێرەی؟

ـ هاتووم ڕێگای باش و چاکە بە ڕێبوار نیشان بدەم.

ـ جا ئەگەر وایە ڕێگایەکی باش نیشانی من بدە!

ـ نیشانت دەدەم، بەڵام بە مەرجێک لە بیرت نەچێ، ئەویش ئەوەیە کە «قەت بە دووی چووان‌دا مەچوو.»

خوداحافیزی لێ دەکا و دەڕوا.

کابرای خورمافرۆش سواری گوێدرێژەکەی دەبێ و دەڕوا، لە چۆلەوارێک گورگێکی دێتە سەر ڕێگا و لە پشتەوەڕا جاشکەکەی لە

عەرزی دەدا و سکی دەدڕێ. کابرا غار دەدا گورگەکە دەردەکا، گورگە خێرا خۆی دەگەیەنێتە گوێدرێژەکەی و سکی ئەویش دەدڕێ.

کابرای خورمافرۆش پەندی پیاوچاکەکەی بیر دەکەوێتەوە ودەڵێ:

ـ ئەو پیاوچاکە بە منی کوت بە دووی چووان‌دا مەچوو، بەڵام ئەمن گوێم پێنەدا. خۆ تازە جاشکەکەم هەر چووبوو، گوێدرێژەکەم بۆ لە دەست دا؟!

***

پەند

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

## «تەبایی و یەکدەنگی دەستەبەری سەرکەوتنە»

لەو ڕۆژەوە کە خودای میری مەزن مرۆڤی خولّقاندووە، تەبایی بنچینەی خۆشبەختی هەر بنەماڵەیەک بووە. ئاشتی و تەبایی لە پێکهاتنی پێوەندییەکی ڕاستەقینەی پڕ لە بەختەوەریدا دەورێکی کارای هەیە.

دەگێڕنەوە لە ساڵانی زۆر کۆندا بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و خاوەنمەڕوماڵات و زەوی‌وزار دەژیان. مەزنی بنەماڵە پیاوێکی بەساڵاچوو و بەئەزموون بوو. تاڵی و سوێری ڕۆژگاری چێشتبوو. منداڵەکانی زۆر بە باشی پێگەیاندبوون، کوڕەکان ژنیان هێنابوو و کیژەکان شوویان کردبوو، بەڵام ڕا و تەگبیری بنەماڵە هەر بە باوک بوو.

شەوێکی پاییز کە لە کاروباری جێخوون* و مەزرا بیوونەوە، گەورەی ماڵ خێزانەکەی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە و قسەی بۆ دەکردن؛ لەو کاتەدا جیرەیەک لە دەرگا هات، قسەکەی بڕی و ڕوانیە دەرگا، بەڵام کەس وەژوور نەکەوت. ئافرەتەکان ترسان. کوڕەکان هەستانە سەر پێ. لەپڕ دەنگێک هات، کوتی:

ـ ئێوە ئەمن نابینن، ئەمن نەگبەتم و هاتووم بەشێک لە سامانی ئێوە ببەم. کامتان پێخۆشە بیگێڕنەوە، ئەوی تریان دەگەڵ خۆم دەبەم.

هەموویان حەبەسان. ژنەکان دەگریان و دەیانکوت:

ـ برۆ وەدەرکەوە، بۆ لەم گوندەدا هەر ئێمە دەوڵەمەندین؟!

نەگبەت کوتی:

ـ هەر ئەوەیە کە کوتم، دەستوبردی خۆتان بکەن.

گەورەی ماڵ سەری هەڵێنا و کوتی:

ـ تازە کارەو هاتووە.

کوڕەکان کوتیان:

ـ باوکە خۆت هەر چۆنت پێخۆشە با وابێ. باوک کوتی نا، دەو ماڵەدا هەر کەس دەبێ بیروڕای خۆی دەرببڕێ.

هەرکام لە کوڕەکان قسەی خۆی کرد. کوڕی مەزن کوتی:

ـ باوکە بە بڕوای من نەگبەت با مەڕەکان بەرێ، بە گاجووت زەوی دەکێڵین، زراعەت دەکەین و مەڕی پێدەکڕینەوە.

کوڕی نێونجی کوتی:

ـ نا، با ماڵاتەکان بەرێ و مەڕەکان بۆ خۆمان بێ، چونکوو مەڕ زووزوو زیاد دەکا و دەتوانین ماڵاتی پێ بکڕینەوە.

گەورەی ماڵ ڕووی دە خێزانی کرد و کوتی:

ـ ژنەکە ئەدی تۆ دەڵێی چی؟ ئاخر تۆش شتێک بڵێ. ژنە قسەیەکی کرد و بە دڵی پیاوەکەی نەبوو.

ئەو جار بووکەکان وەقسە هاتن. بووکی گچکە کە پاڵی بە دیـوارەوە دابـوو، سەری هەڵبڕی و کوتی:

ئەگەر نەگبەت بە قسەی من دەکا هەرچی هەمانە با بیبا، بـەڵام تـەباییمان نەبا!

گەورەی ماڵ ئەو قسەیەی زۆر بە دڵ بوو و کوتی:

ـ نەگبەت! ئێمە هەموومان لە سەر قسەی ئەم بووکەین، ڕاست دەکا، جگە لە تەباییمان هەموو شت بۆ تۆ.

نەگبەت کوتی:

ـ ئەوە قسەیەکی ڕاستە کـە پێشـینییان کوتوویانـە: «ئـەقڵ بـە گـەورە و چکۆلەیی نییە». ئەم بووکە زۆر ژیر و وشیارە، چاکی بـیر کردووەتـەوە کـە وابوو منیش هیچ کامیان نابەم.

کوتیان:

ـ ئەی ئەم گشتە هەڕەشەوگوڕەشەیەت لە چی بوو، بۆچ پەژیوان بوویەوە؟!

نەگبەت کوتی:

ـ ئەگەر ئەمن ماڵ و داهاتی ئێوە ببەم ڕەنگە هەر بـۆ ماوەیـەکی کـورت بـە هەژاری بمێننەوە. چونکوو تەباییتان جارێکی تر ئێوە بە سامان دەگەیەنێتەوە. مەبەستی من تەباییتان بوو کە ئەویش نەمتوانی لە ئێوەی هەڵبڕم.

ئەوەی کوت و جیڕە لە دەرگا هات. بەدەم ڕویشتنەوە هەر دەیکوت:

«تەبایی. . . تەبایی. . . ئافرین بووکە بۆ تەگبیرت. . . .»

***

پەند

*سەلاح پایانیانی ـ مەهاباد*

# «تەماح لە گووی سەگ پیس‌ترە»

حاکمێک لە وەزیرەکەی پرسی:

ـ چ شتێک لە هەموو شت پیس‌ترە؟

وەزیر داما و نەیتوانی وەڵامێک بداتەوە. مۆڵەتی لە حاکم خواست و لە شار دەرکەوت و هەتا لە چۆلەوارێک تووشی شوانێک هات. سڵاوی کرد و شوانە وڵامی سڵاوی داوە، گوتی:

ـ وەزیر! لەو دەوروبەرە چ دەکەی؟

ـ شوانە! پرسیارێکت لێدەکەم، ئەگەر وڵامت داوە هەرچی بخوازی دەتدەمێ. ئێستا پێم‌بڵێ بزانم چ شتێک لە هەموو شت پیس‌ترە؟

ـ وەزیر! بەر لەوەی وڵامت بدەمەوە با مزگێنیت بدەمێ کە لە پشتی ئەم گردە گەنجێکم دۆزیوەتەوە، وەرە با بچین بۆ خۆمانی بهێنینەوە و لێرە قەسرێک دروست بکەین و لەشکرێک ساز بکەین و حاکمی لە سەر تەخت بخەینە ژێرەوە. ئەتۆ حاکم بە و ئەمن وەزیر!

وەزیر کە ئەم قسەیەی بیست زۆر خۆشحاڵ بوو و قسەکەی شوانەی قبووڵ کرد و کوتی:

ـ زووکە گەنجەکە لە کوێیە؟ برۆ پێشانم بدە.

ئەمە شەرتی هەیە.

ـ شەرتەکەی بڵێ بزانم چییە؟

دەبێ سێ جار زمانت دە پیسایی سەگەکەم وەربدەی هەتا پێشانت بدەم.

وەزیر کە هیچ عیلاجی نابێ بە خۆی دەڵێ:

ـ خۆ کەس لێرە نییە، لە پێشدا دەست بە سەر گەنجەکە دادەگرم و دوایە شوانە دەکووژم.

بە کورتی وەزیر سێ جار زمانی دە پیسایی سەگی شوانە وەردا و پێیگوت:

ـ ئێستا بڵێ بزانم گەنجەکە لە کوێیە؟

ـ وەزیری بە تەماح جا برۆ بگەڕێوە، وڵامی پرسیارەکەت تەماحە کە لە پیسایی سەگیش پیسترە.

(ئەم پەندە بۆ مرۆڤی تەماحکارە.)

***

پەند

*مەحموود نەعمانی ـ بانە*

## «جوابی خراپەی هەر خراپەیە»(١)

## «شوان و مار»

لە ڕۆژگارانی کۆندا شوانێک هەبوو، هەموو ڕۆژێ دوای لەوەڕاندنی ڕانەکەی* دەچوو لە دەم جۆگەلەئاوێک دادەنیشت و شمشاڵی لە بەر پشتێندی دەردەهێنا و بە کەیفی خۆی تێیدەتووڕاند. ڕۆژێک کە هەروا خەریکی ژەندنی شمشاڵ بوو، لەپڕ چاوی بە مارێکی ڕەش دەکەوێ کە لە نێوان دوو بەرداندا قیت بۆتەوە و زەق تەماشای دەکا. شوانە بە دیتنی مارەکە دەحەبەسێ، خیرا شمشاڵەکەی دەبەر پشتێندی دەنێتەوە و بە پەلە ڕادەکا. دوای ماوەیەک کە ترسەکەی دەنیشێتەوە، وردەوردە بەرەو شوێنی خۆی دەگەڕێتەوە و سەرلەنوێ دە شمشاڵ دەتووڕێنێ. هێندەی پێناچێ مارەکە دیسان سەر وەدەر دەنێتەوە. شوانە ئەمجار زۆر ناترسێ، دەزانێ کە مارەکە دەنگی شمشاڵەکەی پێخۆشە.

ئیتر لەو ڕۆژە بەو لاوە شوانە دوای لەوەڕاندن و تێرکردنی ڕانەکەی دەچێ لە دەم جۆگەلەئاوەکە شمشاڵ دەژەنێ و مارەکەش هەروا گوێی

لەو دەنگە دڵبزوێنەیە. شوان و مار بە یەکجاری ببوونە دۆست. شوانە دۆستایەتی خۆی و مارەکە بۆ خەڵکی دێ دەگێڕێتەوە. خەڵک بە دۆستایەتی ئەوان دەزانن.

کابرایەکی مارباز ڕێگەی دە دێی شوانە دەکەوێ. خەڵکی دێ باسی دۆستایەتی مار و شوانە بۆ کابرا دەگێڕنەوە. مارباز هەڵدەستێ دەچێتە لای شوانە و پێی‌دەڵێ:

ـ دەبێ ئەم مارە بە کیسەیەک پووڵ بدەی بە من! شوانە ڕازی دەبێ، شمشاڵەکەی دەردێنێ و تێدەتووڕێنێ و مارە سەر بەرز دەکاتەوە. مارباز کیسەیەک دەکا بە سەری مار و دەیگرێ. کاتێ دەیەوێ بڕوا شوانە دەڵێ:

بیهێنە با جارێکی دیکە چاوم پێی بکەوێ! مارباز سەری کیسەکە دەکاتەوە، شوانە کە چاوی پێدەکەوێ دەبینێ ئەوە مارەکە دەگری. مارباز سەری کیسەکە دەبەستێ و دەڕوا. شوانە لە کردەوەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە. ڕانەکەی کۆ دەکاتەوە و بەرەو دێ دەڕواتەوە.

کابرای مارباز کە بە ڕێگەدا دەڕوا شەوی بە سەردا دێ، لە ژێر دارێک لێی دەخەوێ. کیسە مارەکەش لە ژوور سەری‌دا بە لقی دارێکەوە هەڵیداوەسێ. لە نێوەشەودا کەروێشکێک کە لەو دەوروبەرانەدا دەگەڕێ، چاوی بە کیسەکە دەکەوێ. دەچێ کیسەکە دەجاوێ و کونی دەکا. مار لە کونی کیسەکەڕا دەکەوێتە خوار. ڕۆژی دوایی، شوانە هەر بە یادی ڕۆژان دەچێتەوە سەر جۆگەلەکە و نەرمنەرم دەنگی شمشاڵی لێ بەرز دەکاتەوە، لەپڕ چاوی بە مارەکە دەکەوێ کە لە نێوان دوو بەردەکەدا

قیت بۆتەوە. شمشاڵەکەی فڕێ دەدا و لاقەقوونەی خەڵاس دەکا. لە ناکاو لاقی لە بەردێک هەڵدەنگوێ و دەکەوێ. مار دەگاتە سەری، چاو دە چاوی شوانە دەبڕێ و تفێکی دە نێوچاوانی دەکا! تفی مار نێوچاوانی شوانە دەسووتێنێ. شوانە دەچێتەوە دێ و سەربوردەی خۆی بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە کە چی بە سەر هاتووە. خەڵکی دێ دەڵێن:

حەق بوو ئاوات بە سەر بێ. چون ئەتۆ ناپیاوەتیت دەگەڵ مار کرد. ئەمەش سزای ناپیاوەتیە.

***

پەند

*سەلاح پایانیانی ـ مەهاباد*

# «جوابی چاکەی خراپەیە» (۲)

ڕۆژێک دارستانێک ئاور دەگرێ، لەو کاتەدا پیاوێکی عەڕەبیش لە نێو دارستانەکەدا دەبێ و هەوڵ دەدا خۆی لە دەست ئاور ڕزگار بکا. لە کاتی ڕاکردندا دەبینێ مارێک دەنێو ئاورەکەدایە. زگی پێی دەسووتێ و هەڵیدەگرێ دەنێو توورەکەیەکی دەخا و لە سووتانی ڕزگار دەکا. دوای خۆ دەربازکردن، سەری توورەکە دەکاتەوە و مارەکە بەرەڵڵا دەکا، بەڵام مار ناڕوا و بە کابرا دەڵێ:

ـ هەتا پێتەوە نەدەم لێرە نابزووم! کابرا کە ئەو چاوەڕوانییەی لە مار نابێ بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ:

ـ ئاخر بۆ؟! خۆ من لە چاکە زیاتر هیچم بۆ تۆ نەبووە؟! بۆ لە خۆڕایی ئەو بەزمەت بە من گرتووە؟ مار دەڵێ:

ـ ئەوەی نازانم! لە کۆنەوە هەروا بووە و هەر واش دەبێ. جوابی چاکەی هەر خراپە بووە! ئەگەر باوەڕ بە منیش ناکەی دەچین لە کەسانیتر دەپرسین.

کـــابرا و مـــار لـــە پـــێش‌دا دەچنـــە لای «دار» و بەســـەرهاتەکەی بـــۆ دەگێڕنەوە.

«دار» دەڵێ:

ـ بە بڕوای من هەق بە مارە و هەر نابـێ لێـتڕاوەسـتێ! ئـەمن ئـەوە دارێکم و بە ڕوحمی خودا بۆ حەسانەوەی خەڵکی لە سەر ئـەم کانیـاوە ڕواوم تا لە بەر سێبەرم دانیشن، ئەوە کوا دەبێ یەکێک بێ و لکـێکم لـێ ببڕێ و بڵێ ئەوە بۆ دوولک باشە. یەکێکی تر بێ و لقێکم لێ ببڕێ و بڵێ ئەوە بۆ دەسکەپێمەڕە باشە! چۆن جوابی چاکە بە خراپە دەدەنەوە.

کابراکە قسەکانی «دار»ی بە کەیفێ نابێ، دەڵـێ: هەسـتە بـا بـڕۆین ئەوە چ تێناگا!

کابرا و مار وەڕێدەکەون و لە ڕێگادا تووشی گایەک دێن. لێـی دەچنـە پێش هەتا شەرحی خۆیانی پێ بکەن. کابرای عەرەب بەسەرهاتەکەی بـۆ دەگێڕێتەوە. گایەکە دەڵێ:

ـ بە بڕوای من هەق بە مارە و دەبێ پێتەوە بـدا، چونکوو ئـەمن ئـەوە چەند حەوتوویە بۆ ساحێبم جووتی دەکـەم. دوو ڕۆژ نابـێ لـە جـووت کردن بوومەتەوە، لێگدالێگدا قەسابم دێـنێتە سەر هـەتا بـۆ کوشـتنەوە بمفرۆشێ. ئەوە جوابی چاکەمە!

کابرای عەرەب دەڵێ:

ـ فایدەی نییە، وا دیارە ئەم گایەش هەر هێندەی دارەکەی تێدەگا. وا چاکە شەرحەکەمان ببەینە لای یەکیتر. چی وا ناڕۆن، دەگەنە مام ڕێوی و لێی دەخوازن شەرحیان بۆ بکا. ڕێوی‌بە کابرا دەڵێ:

ـ بە وردی بۆم بگێڕەوە بزانم ئەم مارەت چۆن لە سووتان ڕزگار کرد؟

کابرا دەڵێ:

ـ لە نێو دارستان‌دا بووم کە لە پڕ دیتم دارستان ئاوری گرت، ئەم مارەش دەنێو ئاورەکەدا بوو، زگم پێی سووتاو دەنێو ئەم توورەکەیەم هاویشت و لە سووتان ڕزگارم کرد. ئێستا لە جیاتی چاکەم دەگەڵ بکاتەوە، دەڵێ پێتەوە دەدەم!

ڕێوی دەڵێ:

ـ دادەی بزانم چۆنت دە توورەکەی هاویشت؟

کابرا مارەکە هەڵدەگرێ و دە توورەکەی داوێ. ڕێوی دەڵێ:

ـ توورەکەکە لە عەرزی ڕاکێشە.

کابرا توورەکە لە عەرزی ڕادەکێشێ و مارەکە دەکووژێ.

ڕێوی دەڵێ:

ـ ئەمن ئەتۆم لە داوی مار ڕزگار کرد، ئەتۆش لە بەرامبەر ئەو کارەی من‌دا چاکەیەکم دەگەڵ بکە. ئەگەر تووشی ڕاوچییان هاتی پێیان بڵێ بۆ ئەم دۆڵە مەچن نێچیری لێ نییە.

کابرا سپاسی ڕێوی دەکا و دەڕوا. لە ڕێگادا تووشی چەند ڕاوچی دێ و دەڵێ:

ـ بەم دۆڵەدا بچن ڕێوییەکی لێیە کلکی دەڵـێی ڕێواسـە. ڕاوچییـەکان پێوشوێنی ڕێوی دەگرن و دەیبیننەوە و تاژی تێبـەر دەدەن و ڕێوییەکـە دەخنکێنن! جا هەر بۆیە کوتوویانە «جوابی چاکە خراپەیە.»

***

پەند

*ئەحمەد جانالی ـ نەغەدە*

# «چ بچێنی ئەو دەدروویەوە»

کابرایەک دەچێتە لای باڵوولی زانا، چونکوو زۆر قسە لە ڕوو بووە باڵوولە شێتیان پێکوتووە، دەڵێ:

ـ زانای گەورە! هیچم نییە و زۆر دەستکورتم، تکایە ڕێنوێنیم بکە بەڵکوو لەم شێوە ژیانە ڕزگارم بێ.

باڵووڵ دڵی پێی دەسووتێ و دەڵێ:

ـ برۆ تا دەتوانی یاڕەڵماسی بکڕە و هەڵیگرە هەتا وەختی خۆی. ئەمساڵ یاڕەڵماسی گران دەبێ.

کابرا دەچێ یاڕەڵماسییەکی زۆر دەکڕێ و عەنباری دەکا. پاش ماوەیەک دەیانفرۆشێ و پوولێکی زۆر کۆ دەکاتەوە و دەوڵەمەند دەبێ. ساڵی تێوەردەسووڕێ و دیسان دەچێتەوە لای باڵووڵ و دەڵێ:

ـ ها! باڵووڵە شێت! ئەمساڵ دەڵێی چی؟ چ گران دەبێ؟

باڵووڵ بەم قسەیەی کابرا زۆر تێکدەچێ. هێندێک بیر دەکاتەوە و دەڵێ:

ـ عەنبارێکی گەورە پەیدا بکە و هەتا دەتوانی پیـوازی تێکـە و دەرک و پەنجەرانی لێ دابخە و لە سەرێشڕا ئـاوی لـێ بـدە، لێی گـەڕێ هـەتا وەختی خۆی.

کابرا بە بێدەنگی و لە سەرەخۆ دێتە دەر و بە خۆی دەڵێ: (نا باڵـووڵ هیچ قسەیەک بەبێ هۆناکا.)

عەنبارێکی گەورە پەیدا دەکا بە قەت هۆگانەجووتێک*، هەرچی پووڵـی دەبێ دەیدا بە پیواز و عەنباری دەکا و لە سەرێشڕا ئاوی دەنێـو دەکـا. کاتێک وەخۆ دێتەوە دەبینێ کە چووقەرەی* پیـواز لـە سـەربانی وەدەر کەوتووە و کە دەرکەی عەنبار دەکاتەوە چاو لێدەکا پیوازەکـە هـەمووی وەک چێشتی کولاوی لێهاتووە و قـەت دانەیـەکیان سـاخ نـەماوە. بـە لەخۆدان و ڕۆڕۆ دەچێتە لای باڵووڵ و پێی دەڵێ:

ـ ئەمن چ خەراپەیەکم دەگەڵ تۆ کردبوو ئەو پەندەت بە سەر هێنام؟!

باڵووڵ بزەیەکی دیتێ و دەڵێ:

ـ یەکەم جار هاتی کوتت:«باڵووڵی زانـا». ئـەمـیش زانایانـە وڵامـم دایەوە. دووهەم جار هاتی کوتت: «باڵووڵە شێت»، شێتانە وڵامم دایەوە. قەتبیستووتە شێت قسەی ئاقڵانە بکا؟ بە وتەی پێشـینییان: «چ بچـێنی ئەو دەدروویەوە.»

***

پەند

*مستەفا ڕەسووڵیئازەر ـ شنۆ*

# «ڕاستی بڵێ با زەرەدیشی بۆخۆت هەبێ»

باڵووڵ یەکێک لــە خزمــانی نزیکــی سوڵــتان مــەحموود دەبــێ، هیچ کار و کاسبییەکی نابێ. ڕۆژێک دەچێتە لای سوڵــتان مــەحموود و داوای لێدەکا کارێکی بۆ بدۆزێتەوە. سوڵتان مەحموود بڕێکی نۆک دەداتێ تــا بۆخۆی بیفرۆشێ، باڵووڵ نۆکەکان هەڵدەگرێ و دەیبا دە دوکانێی دەکا و وردەوردە خەریکی فرۆشتنیان دەبێ. خەڵــکەکە بــاوەڕێکی زۆریــان بــە باڵووڵ دەبێ، ڕوو دەکەنە دووکانەکــەی نــۆکی لێدەکــڕن و ڕۆژ بــە ڕۆژ فرۆشی زۆرتر دەبێ و دوکانەکەی برەوێکی زیاتر پەیــدا دەکــا. سوڵــتان مەحموودیش کە دەبینێ باڵووڵ دووکانەکەی وەڕمــێن* کــەوتووە، هــەر لەبەرڕا نۆکی بۆ دەنێرێ.

ڕۆژێک یەکێک لە کڕیارەکان بە باڵووڵی کوت:

ـ نۆکەکانت کوڵەکن* یا نا؟

باڵووڵ کوتی:

ـ بە خوا نازانم! تاقیم نەکردوونەوە.

کابرا ڕۆیی و باڵووڵ هەستا ئاگری ساز کرد و نۆکی وەسەر ئـاگر نـا. نۆکەکان هەتا ئێوارێ هەر لە سەر ئاگر بوون، بەڵام دانەیەکیان نەکوڵی. ئەو جار هەر کەس دەهات دەیپرسی نۆکەکان کوڵەکن؟ دەیکوت: نەکڵۆکن. وای لێهات بـازاڕی باڵـووڵ ڕۆژ بـە ڕۆژ خـراپـتـر دەبـوو و بـەرەوی نەمابوو، ڕۆژی وابوو هەر هیچی نەدەفرۆشت.

سوڵتان مەحموود پێی زانی، چۆ لای باڵووڵ و کوتی:

ـ ئەوە بۆچی فرۆشت وەکوو جاران نییە؟

باڵووڵ کوتی:

ـ بەر لە کڕین لێم دەپرسن نۆکەکانت کوڵەکن یـا نەکڵـۆکن؟ ئـەمنیش ڕاستییەکەی دەڵێم نەکڵۆکن.

سوڵتان ئەو قسەیەی لە دڵ گران هات و بە تەواوی هێزییەوە شـەقێکی لە باڵووڵ دا و کڵاوەکەی لە سەری فڕێ دا.

بە دوای ئەوەدا هەرکەس بۆ نۆک کڕین هاتبـا لای باڵـووڵ دەیپرسـی نۆکەکان کوڵەکن یا نەکڵۆک؟ دەیکوت:

ـ ئەمن نازانم، ناشوێرم ڕاستی بڵێم، بچوون لە هۆو کڵاوەی بپرسـن، ئەو پێتان دەڵێ کە "ڕاستی" چی بە سەر من هێنا.

***

مەسەل

*سەید جەلال خادەمی ـ سەقز*

## «ڕیشی تەماحکار بە قنگی موفلیس»

کابرایەکی ڕاوچی تانجییەکی دەبێ بە ناوی «موفلیس»، ڕۆژێک دەچێتە ڕاو. تانجییەکەی زۆر خێرا دەبێ و هەر لە شاخێک بە دوو ڕست* دوو کەروێشک ڕاو دەکا، بەڵام تەماحی پڕ نابێ. دەچێتە شاخێکی تر و لەوێش دوو کەروێشک دەکووژێ. تەماح دەیگرێ و هەر دەست هەڵناگری و دەچێتە شاخێکی تر و کەروێشک هەڵدەستێنێ و تانجییەکەی تێبەر دەدا. کەروێشک کە بە سەر هەرەسەبەفرێکا* تێدەپەڕێ، تانجی بە دوای کەروێشکەکەدا و کابرای ڕاوچی بە دوای هەردووکیاندا. تانجی لە سەر کلیلەبەفرەکە* کەروێشکەکە دەگرێ و کابرای ڕاوچیش دەگاتە سەریان، بەڵام کلیلەبەفر هەرەس دەکا و هەموویان تێکەوە دەپێچێ و لە کەندەڵان و شیوێکی خوار کێوەکەیان دەگیرسێنەوە و لە ژێر بەفردا ڕەق هەڵدێن.

پاش ماوەیەک ڕاوچی کە بۆ ڕاو دەچنە ئەو شوێنە دەیانبیننەوە، تەماشا دەکەن ئەوە فلان ڕاوچی پێنج کەروێشکی لە لایە و ڕیشی بە قوونی تانجییەکەوە نووساوە و ڕەق هەڵاتووە. هەر لەو سەردەمەوە ئەو مەسەلە باو بووە کە دەڵێن:

«ڕیشی تەماحکار بە قنگی موفلیس.»

پەند

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

## «زمانت بە چاکە بگەڕێ نەک بە خراپە»

دە ساڵانی زۆر کۆندا، پاتشایەک شالیارێکی* زۆر بەئەزموون و تێگەیشتووی دەبێ، پاتشا دەیەوێ شالیارەکەی تاقی بکاتەوە. بانگی دەکا و داوای لێدەکا کە شیرینترین شتی ئەم دنیایەی بۆ بێنێ.

شالیار دوای سەردانواندن لە بەرامبەر پاتشادا، بۆ بەجێ گەیاندنی مەبەستەکەی وەدەر دەکەوێ. دەڕوا لە نێو شاردا «زمان»ێک دەکڕی و دەگەڕێتەوە و زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە لە بەر دەمی پاتشای دادەنێ.

ماوەیەک بەسەر دەچێ، پاتشا جارێکی تر شالیارەکەی بانگ دەکا و داوای لێدەکا ئەم جارە تاڵترین شتی ئەم دنیایەی بۆ بهێنێ.

شالیار دەست لە سەر سنگ پاشەوپاش دەچێتە دەر و دوای چەند ساتێک کە «زمان»ێکی بە دەستەوەیە دەگەڕێتەوە و هەروەک جاری پێشوو لە پێش پاتشای دادەنێ. پاتشا دەبینێ دیسان هەر زمانی بۆ هێناوە، دەڵێ:

ـ دانیشە بزانم، من داوای شیرنترین شتم لێکردی زمانت بۆ هێنام، داوای تاڵترین شتم کرد هەر زمانت بۆ هێنام، ئەمە چ سرڕێکە؟!

شالیار گوتی: پاتشام سلامەت بێ، خوا بۆ ئێمەت ڕاوەستاو بکا و خەڵک لە سێبەرتدا حەساوەتر بن. زمان دەتوانێ هەم شیرن بێ و هەم تاڵ. ئەگەر بە چاکە بگەڕێ ئەوە شیرینە، ئەگەر بە خەراپەش بگەڕێ دیارە کە تاڵە.

پاتشا ئەزموونەکەی زۆر پێخۆش بوو و شالیاری خەڵات کرد.

***

پەند

*محێدین*

## «عەقڵ دە سەردایە، دە ڕیشدا نییە»

سوڵتان مەحموود لە هەیاس کەوتە بیانوو کوتی: هەیاس حەتمەن لە دارت دەدەم. دەبێ خواردنێکم بۆ بێنی، خواردنیش بێ و خواردنیش نەبێ! پیاوێکم بۆ پەیدا کەی پیاویش بێ پیاویش نەبێ! ئەسپێکم بۆ بێنی ئەسپیش بێ و ئەسپیش نەبێ!

هەیاس کوتی: قوڕ وەسەرم، جا ئەوانە لە کوێ پەیدا بکەم؟! حەوت ڕۆژی مۆڵەت درابوو. چوو خولاوە، شەش ڕۆژی چووبوو و هەر ڕۆژێکی مابوو. کوتی: فایدەی نییە با بڕۆمەوە تازە ئەمن هەر بە کوشت چووم، پێشم پەیدا نابێ! بە لای گاوانێکدا ڕۆیی. گاوان هەرای لێکرد:

- هەیاس وەرە دەزانم دەتکووژن!

هەیاس کوتی:

- جا بە قوربانت بم. ئەگەر بزانی هەیاسم دیارە بە دەردەکەشم دەزانی.

گاوان کوتی:

- کوڕە ئەتۆ لە پاتشاکەت بێئاقڵتری، دەنا ئەوە زۆر هاسانە! وەرە بۆ ئێرە تا پێتبڵێم.

هەیاس چوو بۆ لای سڵاوی لێکرد، کوتی:

ـ جا بە قوربانت بم پێم بڵێ:

گاوان کوتی: جارێ چایەک بخۆوە ئەو جار پێت دەڵێم!

هەیاس کوتی:

ـ وەڵڵاهی ئەگەر پێم نڵێی چا ناخۆم!

گاوان کوتی:

ـ برالە بچۆ دوو خیارە تاڵی لە پێش دابنێ، بزانە چۆنی دەخوا، ئەوە خواردنەکەی. پیاوێکیش ئەگەر چوو سەر ماڵی ژنێ، ئەوە پیاویشە و پیاویش نییە. سەبارەت بەوەی پیاو نییە، چون تووشی دۆستێکی وەک تۆ دەبێ، خۆ لە ڕووی هەڵنایە بڵێ: فلانکەس با بچینە ماڵە مە چایەک بخۆ یا میوانی من بە. ئەوە پیاویشە و پیاویش نییە! بچۆ ئەسپێکی شەلی بەرەڵلای بۆ بەرە، لە حەوشە بڵێ: وەرە سواری بە بچوو بۆ ڕاو، بزانم چ دەکا؟

هەیاس چوو ئەسپی بۆ برد و خەیارە تاڵەکانی نایە بەردەمی.

سوڵتان مەحموود کوتی:

ـ ئەی پیاوەکە؟

هەیاس کوتی:

ـ دەچم پیاوەکەشت بۆ دێنم.

ـ چوو پیاوێکیشی بۆ پەیدا کرد کە چووبووە سەر ماڵی ژنێ و کوتی:

ـ ئەوەش پیاوەکە!

سوڵتان کوتی:

ـ ئاخر ئەوە پیاوە بۆچی پیاو نییە؟!

کوتی:

ـ ئاخر ئەوە چۆتە سەر ماڵی ژنێ، دە ڕاستیدا ئەوە شـووی کـردووە نەک ژنی هێنابێ، جا ئەوە پیاویشە و پیاویش نییە.

سوڵتان کوتی:

ـ جا ئەوە بۆخۆت زانیت یا پێیان کوتی؟

ـ نەوەڵڵا بۆ خۆم نەمزانی.

ـ ئەدی کێ پێی کوتی؟!

ـ کوڕە کەچەڵەیەک لە لای گاڕان بوو، ئەو پێی کـوتم، نـاوی سمایـل بوو.

سوڵتان دەستووریدا چوون سمایلیان هێنا و دەستەوەستان ڕاوەستا و کوتی:

ـ سمایل گیان! ئەوە چۆنت زانی؟

ـ لەو کاتدا پاتشا دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا، کەچەڵـیش دەسـتی نـا سەر سەری!

سوڵتان کوتی:

ـ کوڕە ئەمن دەستم بە ڕیشمدا هێنا، ئەتۆ بۆ دەستت نا سەر سەرت؟

ـ ئەتۆ کوتت ئێمە ئەوە ڕیشمان سپی بوو بە قەت تۆمان نەزانی.

ئەمنیش کوتم: ئەقڵ دە سەردایە دە ڕیشدا نییە!

سوڵتان کوتی:

ـ سمایل گاڕان بەرەڵلا کە وەرە ببە وەزیری من.

ـ سمایل بوو بە وەزیری سوڵتان. لەو دەمدا پاتشایەک دەسەر سوڵتانی ببوو کە یا کچەکەیم بە پیاوەکانی خۆیدا بۆ بنێری یا شەڕم لەگەڵ بکا.

ئەو پیاوەی کە پاتشا ناردبووی جەغزێکی کێشا. سمایل دوو جگی دە گیرفانیدا بوون، دەریهێنان و فڕێی دانە نێو جەغزەکەوە! کابرا جگەکانی کۆکردەوە و لێیدا ڕۆیی.

سوڵتان پێی کوت:

ـ ئەو کابرایە جگەکانی بۆ برد؟

ـ کابرا کە جگەکانی برد کوتی ئێمە ئاوا کۆتان دەکەینەوە، ئەمنیش کوتم ئێوە بێنە سەرمان ئاوا شەڕتان لەگەڵ دەکەین.

ئەو پاتشایەی داوای کچەکەی کردبوو، ناردی بە سوڵتان بڵێن: ئەسپەکانی ئێمە لێرە حیلاندوویانە، ماینەکانی ئەوان ئاوس بوونە، جانووەکانمان بۆ بنێرنەوە!

ـ ئەویش دەستەیەک سواری ساز کرد، ڕۆیی بۆ شارەکەی ئەوان. تووشی هەر سەگێک دەبوون دەیانتۆپاند. خەبەریان بە پاتشا دا دەستەیەک سوار هاتوون، تووشی هەر سەگێک دەبن دەیتۆپێنن. بانگیان کردن، کوڕە ئەو سەگانە بۆ دەتۆپێنن؟

کوتیان:

ـ وەڵڵا گورگ لە مەڕەکانی ئێمەیان دا، هەر چەند بانگن کردن یــەکێک لەو سەگانە نەهاتە گیانی گورگەکان! مەڕەکەیان لێ قڕ کردین!

کوتیان:

ـ جا سەگ لێرە گورگ لەوێ چۆن شتی وا دەبێ؟!

ئەوانیش کوتیان:

ـ ئەی ئەسپ لێرە بحیلێنێ، ماینەکانی ئێمە چۆن ئاوس دەبن؟!

***

پەند

*جەلال واهیم ـ شنۆ*

## «قڕانێکی حەڵاڵ لە هەزار تمەنی حەرام باشترە»

پیاوێک بوو، زۆر دەستەنگ و نەدار بوو. کۆشێکی منداڵ هەبوون، ڕۆژێکی ژنەکەی کوتی:

ـ پیاوەکە بەڕێناچین، بۆ کارێکی ناکەی؟ ئاخر ئاوا ناگوزەرێ.

پیاوەکە پیر بوو و هێزی کارکردنی نەمابوو، هەستا لەو شارە ڕۆیی. ڕووی دە شارێکی دیکە کرد. لەوێ دەستی کرد بە سواڵ کردن.

ڕۆژێک بە نێو بازاڕدا دەگەڕا. پیاوێک هەزار تمەن و قڕانێکی لە پێش دانا و کوتی:

ـ ئەم هەزار تمەنە حەرامەت دەوێ یا ئەم قڕانە حەڵاڵە؟

پیاوە پیرە قڕانەکەی هەڵگرت و ڕۆیی. هێندە نەڕۆیبوو تووشی کابرایەک هات کە بە کوتەک لە پشیلەیەکی دەدا.

ـ کوتی:

ـ کاکە ئەوە بۆ لەو بەستەزمانەی دەدەی؟

کابرا کوتی:

ـ ئەگەر زۆرت ڕوحم پێدا دێ لێم بکڕە.

کابرا قڕانەکەی دا و پشیلەکەی کڕی و دەگەڵ خۆی بردی بۆ شارێکی دیکە.لەوێ تووشی جیرانەکەیان هات کە بازرگان بوو. دوای چاکوخۆشی، بازرگان پێی کوت:

ـ دەی بڵێ بزانم ئەتۆ چی و ئێرە چی؟!

پیاوە پیرە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە.

بازرگان کوتی:

ـ ئەمن ئەوە بەرەو ماڵ دەبمەوە، ئەگەر کارێک یا ڕاسپاردەیەکت هەیە بڵێ هەتا بە ماڵێی ڕابگەیەنم.

ـ هیچ کارێکم نییە،تەنیا ئەو پشیلەیە نەبێ، دەگەڵ خۆم بۆ ناچێ. ئەگەر زەحمەت نەبێ دەگەڵ خۆت بۆم بەرەوە.

بازرگان پشیلەکەی لێ وەرگرت و بردییەوە. دەپێشدا چووە ماڵە حاکمی، کاتێک گەیشتە وێ دیتی چەند کەس بە کوتەک و گۆپاڵ لە بەر دەرکەی ڕاوەستاون! لە حاکمی پرسی:

ـ ئەو گۆپاڵبەدەستانە بۆ لە بەر دەرکەی ڕاوەستاون؟!

حاکم کوتی:

ـ ماوەیەکە مشک زۆر بوون! پشیلە وەدەست ناکەوێ. ئەوانە هاتوون ئەگەر مشک هاتنە دەرێ بیانکووژن.

بازرگان کوتی:

ئەمن پشیلەیەکم پێیە، بەڵام ئی خۆم نییە و ئی جیرانەکەمانە، داویە بە من بۆی بەرمەوە ماڵێ.

حاکم زۆری تکا و ڕەجا کرد. بازرگان پشیلەکەی بە پوولێکی زۆر بە حاکم فرۆشت. پوولەکەشی بۆ خێزانی پیرەپیاوە نارد. پاش قەدەرێک کە پیرەپیاوە ئەو هەواڵەی بیست، زۆر کەیفخۆش بوو، گەڕاوە ماڵ و ژیانێکی باشی دەگەڵ خاو و خێزانەکەی دەست پێکردەوە.

هەر بۆیە کوتوویانە: «قرانێکی حەلاڵ لە هەزار تمەنی حەرام باشترە.»

***

پەند

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

# «قەت دوژمنی بە کەم مەگرە»

کابرایەک بە هۆی کەمتەرخەمی یەکێکی لە دەست زایە* دەبێ. هەر چەند مەلا و حاجی و ڕدێنسپی دەنێرێتە لای خزم و کەسی کوژراو، مەسڵەتی دەگەڵ ناکەن و دەڵێن:

بابم ئێمە پیاومان لێ کوژراوە، خوێنمان لێ ڕژاوە. خوێن هەر بە خوێن دەکووژێتەوە.

کابرا کە دیتی فایدەی نییە و مەسڵەتی دەگەڵ ناکەن و ئەگەر لەوە زیاتر بمێنێتەوە ڕەنگە منداڵەکانیشی دە پێناودا بچن، بڕیاری دا لەوێ بار بکا و بچێتە شوێنێکی تر کە دەستی کەسی پێڕانەگا. لە سەر ئەو بڕیارە هەر بە شەو بار دەکەن و وەڕێ دەکەون و تا ڕۆژی پاشتریش هەر بە ڕێگادا دەڕۆن. لە بوومەلێڵی ئێوارەدا دەگەنە ئەو دیوی سنوور و خانوویەک بە کرێ دەگرن. یەکجار ماندوو دەبن و لە پێ دەکەون. باران دەخەن. لە ماندووبوونیان، هەر یەکەی لە حاستە خۆی بەلادا دێ. کابرا

لەوێش لە ترسان خەوی لێ ناکەوێ. کوڕی گەورەی کە لە خەو هەڵدەستێ، دەبینێ باوکی هەروا وەخەبەرە، دەڵێ:

ـ باوکە ئەوە بۆ نەنستووی؟ شەو و ڕۆژێکە بە ڕێگادا هاتووین و زۆر ماندووی! خۆ لێرە کەس دەستی پێمان ڕاناگا.

باوکی دەڵێ:

ـ نا ڕۆڵە! لێرەش هەر دەبێ وشیار بین، هەزار ئاوای* دنیایە، دەبێ بە نۆرە بنووین. هێشتا ئەتۆ بڕێکی دی بنوو، ئەو جار هەڵتدەستێنم، بەڵام دەبێ زۆر وشیار بی.

کوڕە دەڵێ:

ـ بابە دیارە ئەتۆ زۆر ترسەنۆکی، ئاخر لێرە کێ دەستی پێمان ڕادەگا؟ ئەوە نییە دەرکە و پەنجەرەکانیشمان هەموو داخستوون؟ ئیدی ترسێکی پێناوێ!

باوکی دەڵێ:

ـ ڕۆڵە جارێ ئەتۆ تێناگەی. پیاو لە هەر هەلومەرجێکدا دەبێ وشیاری خۆی بێ، نابێ دوژمنی بە کەم بگرێ. ئێمەش ئێستا دوژمنمان هەیە و دەبێ چاکتر ئاگاداری خۆمان بین. لەو کاتەدا یەکێک لە پشت دەرگاوە دەڵێ:

ـ ئەمن برای ئەو پیاوەم کە بە دەست ئێوەوە کوژراوە، هەر لەو شوێنەی کە بارتان کردووە هەتا ئێرە بە دواتاندا هاتووم کە ئەگەر هەلم بۆ بڕەخسێ تۆڵەی برام بکەمەوە. گوێم لە قسەکانتان بوو، بەڵام

چونکوو تۆ لێرەش هەر دەترسێی و دوژمنی خۆت بە پیاو دەزانی و کوشتنی تۆش جگە لەوەی دوژمنایەتی قوولتر بکا برینێک سارێژ ناکا، ئەوە لێت خۆش بووم. هەر ئێستا بگەڕێوە سەر ماڵ و حاڵ و مووچە و مەزرای خۆت و لە سەر دەستی مەلا و ڕدێنسپییەکانی ئاوایی لێت خۆش دەبم.

کوڕەکە لە جێگای خۆی وشک هەڵاتبوو، بە ترس و لەرزەوە کوتی:

ـ بابە، بە ڕاستی تۆ شت دەزانی، من ئەوانەم نەدەزانی. بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو لێرەش پێمان بزانن، لێرە هەموو شتێکم بۆ ڕوون بۆوە.

***

پەند

*حوسێن نەوازی ـ سەقز*

## وای فەرمووە پیری گەڕیاوی دەوران،

## یەکیەتییە ڕەمزی سەرکەوتن

دەگێڕنەوە، پیرێکی گەڕیدەی دەوران، چەند کوڕی بوو، کوڕەکانی هەمیشە تەک یەکا ناکۆکییان بوو، لە سەر هەر ناکۆکییەک بە گژ یەکا ئەچوون، بەم چەشنە ژیانی خۆیان تاڵ کردبوو.

باوکیان هەرچی هەوڵی دەدا یەکیەتی لە نێوانیانا پێک بێنێ، بۆی نەکرا. ڕۆژێک کیسەیەک پووڵ و چەند شووڵی درێژ و باریکی هێنا، شووڵەکانی بە پەتێک بە یەکەوە بەستن. کوڕەکانی بانگ کرد و پێی کوتن:

ـ هەر کام لە ئێوە بتوانێ ئەم شووڵانە بشکێنێ، ئەم کیسە پووڵەی پێدەدەم.

هەرکام لە کوڕەکان بۆ ئەمە شووڵەکان بشکێنن، کەوتنە خۆ، هەوڵی زۆریان دا، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی شووڵەکان بشکێنن.

پیرەمێرد کوتی:

ـ کوڕەکانم! شکاندنی ئەم شووڵانە گەلێ ئاسانە، بەڵام ئێوە ڕێگەکەتان نەدۆزیوەتەوە.

خۆی شووڵەکانی هەڵگرت و پەتەکەی دەوریانی کردەوە و یەک یەکی ئەوانی شکاند و کوتی:

ـ ئازیزانم! دیتتان شووڵەکان چون بە یەکەوە بوون، هیچ کامتان بەم هەموو هێزەوە نەتانتوانی بیانشکێنن، بەڵام کاتێ لە یەک جیا کرانەوە، منیش توانیم بە ئاسانی بیانشکێنم.

ـ ئا ڕۆڵەکانم! ئێوەش هەر ئاوان، کاتێ لەتەک یەکا بن، یەکیەتیتان ببێ، هەموو کاتێ لە ژیاندا سەرکەوتوو و پیرۆز ئەبن و هیچ کات دوژمنی زۆرداریش ناتوانێ ئێوە لە پێ بخا و شکستتان بدا، بەڵام ئەگەر ناکۆکیتان لە نێودا بێ و لە یەک جیا بن، دوژمن زۆر بە ئاسانی بە سەرتاندا زاڵ دەبێ.

«هەر بۆیەشە کوتوویانە، یەکیەتی دەستەبەری سەرکەوتنە».

***

**پەند**

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

# «هەتا ئاو نەیبردووە، ئاگات لێی بێ»

لە ساڵانی زۆر کۆندا، پیرەپیاوێک دەگەڵ کوڕەکەی لە دەم ڕووبارێکدا دەژیان. ئەو زۆر زانا و تێگەیشتوو بوو. هەموو دەم لە هەوڵی ئەوە دابوو کوڕەکەشی وەکوو خۆی وشیار و تێگەیشتوو بار بێنێ، هەر بۆیە گشت ئاکار و کردەوەکانی ئەوی دە ژێر چاوەدێریدا بوو. پیرەی بە ئەزموون ڕۆژێک بەڕەیەکی دا دەست کوڕەکەی هەتا بیبا دە ئاوێدا بیخووسێنێ و لە پاشان بە یەکەوە بیشۆن.

کوڕە بە پێی بڕیاری باوکی بەڕەی هەڵگرت بردی دە ئاوێی هاویشت و چەند بەردێکی لە سەر دانا.

پیرە هەموو ئێواران کە لە کار دەگەڕاوە دەچۆوە دەم ڕووبار و چاوێکی لە بەڕەکە دەکرد و دەیکوت: جارێ ماویەتی بخووسێ. هەر جارەش کوتانێکی چاکی لە کوڕەکەی دەدا. خەڵکی ئاوایی کاری ئەو پیرە بەئەزموونەیان بە لاوە زۆر سەیر بوو کە ئەو کوڕە هیچ هەڵەیەکی نەکردووە، ئەدی بۆ هەموو ئێواران دە سەر و گوێلاکی دەکوتێ؟!

ڕۆژێک کوڕە دەگەڵ هاوالآنی کایە دەکا، ئاگای لێ نابێ بەڕەکـە ئـاو دەیبا، هەواڵی بە ئاوداچوونی بەڕە لە ئاواییدا دەنگ دەداتەوە. خەڵـک بۆ کوڕەکە بە پەرۆش دەبن و لە دڵە خۆیاندا دەڵێن:

ـ ئەو کوڕە تا ئێستا هیچی نەکردبوو بـاوکی هـەموو ئێـواران سـەر و گوێلاکی تێک دەکردەوە، ئەمڕۆ کە بەڕەکەی بە ئاودا چووە بە کوشتنیش دەستی لێ هەڵناگرێ.

پیرەی بەئەزموون ڕۆژانئاسا کە لە کار گـەڕاوە چـووە لای ڕووبـار، بینی بەڕەکە لە شوێنی خۆی نـەماوە و کوڕەکـەی لـە بـەر کایـەکردن ئاگای لە خۆ بڕاوە و بەڕە ئاو بردوویە.

بەپێچەوانەی ڕۆژانی تر دەستی کوڕەی گرت و بەرەو ماڵ بۆوە! خەڵک زۆریان لە لا سەیر بوو. هۆی ئەم کارەیان لە پیرە پرسی کە بۆچی ئـەو کوڕە ڕۆژانی پێشوو چی نەکردبوو و بەڕەکەشـی هـەر دە ئـاوێدا بـوو وەریدەگەڕایە، بەڵام ئیمڕۆ کە بـەڕە ئـاو بردوویـە، بـە هـێمنی و لـە سەرەخۆیی دەگەڵی دەجووڵێتەوە؟!

پیرە لە وڵامی خەڵکی ئاواییدا کوتی:

ـ ڕۆژان بۆیە لێم دەدا هەتا بترسێ و باش ئاگای لە بەڕە بـێ تـا ئـاو نەیبا، ئێستا کە دەبینم بەڕە بە ئاودا چووە، ئیتـر لێـدانی بـە کـەلکی چی دێ.

***

مەسەل

*ژیلا حوسێنی ـ سنە*

# «هەوەڵ نەخشونیگارم،

# دووەم هێلکەهەلارم، سێیەم پەنی ڕۆژگارم»

پیرێژنێک کوڕێکی تاجری دەبێ و بووکێک. ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕە دەچێ بۆ تجارەت و داپیرەی بە ژنەکەی دەسپێرێ.

داپیرە گەلێک پیر و پەککەوتە دەبێ. بووکە لێی دەکەوێتە پەلپ و بیانوو و پێی دەڵێ:

ـ وەکوو بیستوومە کاتی خۆی تەونکەرێکی لێهاتوو بوویە. ئادەی ئەم تەونە بچنە بزانم!

ـ داپیرەکە سۆمای چاوانی نەمابوو، هیچی لە دەست نەدەهات. ئەوجار هێندێک هێلکەی نایە ژێری و وتی دەبێ هەڵیانبێنی! پیرە دیارە ئەویشی بۆ نەدەکرا. ئەمجار بووکە داپیرەی فرۆشتە کابرایەکی لۆتی و ئەویش لەو شوێنی دوور خستەوە و بردییە شوێنێکی تر. لەوێ دارێکی دایە دەستی و وەک عەنتەر هەڵیدەپەڕاند. داپیرەش هەر لە جێی خۆی هەڵدەپەڕی و دارەکەی دە عەرزی دەکوتا و دەیکوت:

ـ ئەوەڵ نەخش‌ونیگارم، دووهەم هێلکەهەلارم، سێهەم پەنی ڕۆژگارم.

خوای من و تۆ کردی، کوڕەکەی لە تجارەت گەڕاوە و ڕێی دەو شوێنە کەوت کە دایکی لێبوو. لە دوورەوە بینی خەڵکێکی زۆر لە دەوری شتێک هالاون، بەرەو خەڵکەکە چوو و دایکی ناسییەوە. بۆئەوە دەنگ بکا پوولێکی دایە کابرای لۆتی و دایکی لێ سەندەوە.

دایکەش حاڵ و حەکایەتی خۆی بۆ گێڕاوە و کوڕە زۆر ناڕەحەت بوو. بەرەو ماڵ گەڕاوە و دایکەکەی لە شوێنێک حەشار دا و لە دەرکەی دا. ژنە بە پەرۆشەوە بە پیرییەوە چوو. کاتێ کابرا هەواڵی دایکی پرسی، ژنە بەربووە خۆکوشتن و خۆبڕین کە:

ـ هەیڕۆ دایکت مرد، ئەی ژنە باشەکە، ئەی ژنە بەهەشتییەکە و. . .

کابرا کوتی:

ـ لە کوێ ناشتووتە؟

ژنە کوتی:

دڵم نەهات بیبەم بۆ سەر قەبران و لە ژێرخانی ماڵی خۆمان ناشتوومە. کابرا چووە ژێرخان و دیتی کۆگایەک خۆڵ هەڵدراوەتەوە. کوتی:

ـ من دڵم بڕوا نادا دایکم لە ژێرخان‌دا بێ و هەر ئێستا دەریدەهێنم و دەیبەم لە گۆڕستان دەینێژم. ژنە کەوتە هات‌وهاوار، کابرا چۆن کاری وا دەکەی، بای دنیای لێی دەدا، گوناحبار دەبی.

کوڕە گوێی پێنەدا و دەستی‌کرد بە هەڵکەندن و دیتی هیچی تێدا نییە. ژنە لە ترسان واقی وڕ مابوو. کابرا چۆ دەرێ و دایکی دەگەڵ خۆی هێناوە ژوورەوە.

ژنە کوتی:

ـ ئەمە کێیە؟ خۆ دایکی تۆ مردووە؟!

داپیرە لە وڵامدا کوتی:

«ئەوەڵ نەخش‌ونیگارم، دووهەم هێلکەهەلارم، سێهەم پەنی ڕۆژگارم».

بووکە سەری شەرمەزاری داخست و ئیتر چی پێ نەما و کوڕەش ژنەی لەو شوێنە وا هەلێکەندبوو زیندەبەچاڵ کرد و داپیرەی بەڕێز و حورمەتەوە هێنایەوە سەر و بەو شێوە درێژەیان بە ژیان دا.

***

مەسەل

*نادر نیروومەند ـ بۆکان*

## «با بزانین قەرزدار کامەمان دەباتەوە»

بەیانی بوو، سیرە و چریکەی پەلەوەرانی نزیک ئاوایی، مۆسیقایەک بوو کە تەوەزەلترین و خەو خۆشترین مرۆڤی لە ژێر پێخەف دەکێشا دەر و بۆ زووتر لە خەو هەستانی بەیانیان هانی دەدا. خۆر لە پشت ئاسۆی بەرز وەدەر کەوت و بەلاتێلی* گەرم و ئەویندارانەوە سەیری ڕوخساری ڕازاوەی بووکی زەوینی دەکرد. چیا زەردەخەنەی کەوتبووە لێو. ئاسمان پاش شیلنگەبارانێکی* بەخوڕ هێندە شین و جوان ببوو کە هەر تەنیا وەخۆی دەچوو.

پۆلەکۆترێکی سپی لەو پەڕی سەربەستیدا لە بەرزایی شینیئاسمانەوە خەریکی تەقڵەلێدان و گل و دەور بوون. هێندە بە ئازادی و سەرخۆشی لە هاتووچۆدا بوون کە مرۆڤ بە دیتنیان بێ-دەسەڵات خۆزگەی بە هەموو سەربەستییەک دەخواست.

کاکی وەرزێر نیری خستە ملی گاڕەش و گاسوور و کڵاوەی* لێ شەتەک دان و ئاموورەکەی* سەروبن پێدا هەڵواسی. نەقیزە لە سەر شان لە نێو دێوە، گایەکانی بەرەو مەزرا دا بەر خۆی هەتا پەڵەزەوییەک کە بۆ بەهار کێڵ* بێستان و زەرحات کەتەنی* کردبوو، شێو ببرێ. مامەی وەرزێر بە دەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە بیری لە خەفۆکی و

بوغزی گاسوور دەکردەوە کە چلۆن هەتا هێڵی دەباتە سەر سێ جار بۆی تخێڵ* دەبێ. تەوەزەلی و نەکرکاری گاسوور کاروباری لێ لەنگ دەکرد و ئەگەر هەروا بچوایە پێش هێنـدەی پێنـەدەچوو ئاتـاجی نـانی شـەوێ دەبوو. نەشیدەوێرا بیفرۆشێ، چونکوو سوور دەیزانی هەر لـە دەسـتی بێتە دەر، تازە گای بۆ ناکڕێتەوە.

بەدەم ئەم خەیاڵاتەوە گەیشتە جێگە جووتەکە و ئامووری ئەم بارەوبار کـرد، سـەرەکەی خسـتە گاینچـەی نیرەکـە و قایشـی لـێ هەڵـپێکا. دەستەکەوشەی* بە دەستەوە گرت و بـە دوای دیـاری کـردنی هۆرتـە* و بەرە، دەگایەکان ڕاخوری و دەنگی دان. وەحەهۆ. . . . ! دەببزون دەی. . ! گاڕەش و گاسوور وەڕێکەوتن، خاکی بۆشی بەهار بـە تـەواوی کەشـی هاتبووو، لە پێش گاسـنەکەوە شـەقاری دەبەسـت، بـەڵام گاسـووری خەفۆک* دەوامی نەهێنا و ئەمجارەش هێڵـێکی بـە تـەواوی نەگەیانـدە سەر و خەوت. مامەی جووتیار کە ئەمـەی زانی، تـازە بـۆی ڕاسـتەوە نابێ، بێ ئەوە زەحمەتی هەڵسـتاندنی بداتـە بـەر خـۆی، دەچـێ لـە تەنیشتییەوە ڕادەکشی و پێی‌دەڵێ:

ـ «گاسوور! تۆش بخەوە منیش دەخەوم. جا بزانین قـەرزدار کامـەمان دەباتەوە!»

↓↓↓

مەسەل

*عەزیز ئالی ـ مەهاباد*

## «بیکە دوو پێشتمەنی»

دەگێڕنەوە ساڵێکی دوو کۆنەهاوڕێ، شەوێک لە شەقامێکی شاردا شان بە شانی یەکتر بەرەو ماڵ دەبنەوە. بەر لەوەی ماڵاوایی بکەن و لێک جیا ببنەوە، یەکیان لە پڕێکا لە سەر عەرزکە چاوی بە ئەسکناسێکی دە تمەنی دەکەوێ، سووکێ قاچی لە سەر دادەنێ و لە جێگای خۆی دەچەقێ. بۆ ئەوەی ئاواڵەکەی شک نەکا و پێنەزانێ، دەست دەکا بە قسە و لە تەیروتیوور تێکەڵی دەکا و لێی نابڕێتەوە. هاوڕێکەی کە ئیدی بەجارێ جاڕس* دەبێ دەڵێ:

ـ براگیان شەو درەنگە، وا باشە بیکەی بە دوو پێشتمەنی و نەجاتم بدەی. (ئەم زاراوە، بۆ کورت بڕینەوە و ئەسڵی مەبەست دەربڕین دێ.)

↓↓↓

پەند

*یۆسف شوکرە ـ مەهاباد*

# «خودا نایدا»

قەدیم کابرایەکی ئاسنگەر هەبوو، هەرچەند لە مەلابانگدانەوە هەتا تاریکان کاری دەکرد، بەڵام هێشتا هەر برسی و ئاتاج بوو، هەر بۆیە هاواری دەکرد:

ـ خودایە نایدەی نا!

ڕۆژێک حاکمی شار بە وێدا دەڕۆیی، گوێی لێبوو کە کابرای ئاسنگەر دەیکوت:

ـ خودایە نایدەی!

حاکم ڕووی لە وەزیری کرد، کوتی:

ـ وەزیر! ئەو کابرایە بۆ هەر هەرا دەکا دەڵێ خودایە نایدەی؟! بڕۆ مریشکێکی سوورەکراوەی بۆ پڕ لە زێڕ و جەواهێرات بکە و بیدەیە و بڵێ ئەوە دیاری حاکمە، دڵنیام کە ئەو جار هاوار ناکا و ناڵێ خودایە نایدەی.

وەزیر بە دەستووری حاکم سکی مریشکێکی پڕ لە زێڕ و جەواهێرات کرد و بۆ کابرای ئاسنگەری برد و کوتی:

ـ ئەوە دیاری حاکمی وڵاتە بۆی ناردووی.

ئاسنگەر مریشکی لە وەزیر وەرگرت و دوای تەواو بـوونی کـار بـەرەو ماڵ بۆوە و بە خێزانی کوت:

ـ حاکمی وڵات ئەو مریشکەی بە سوورەوەکراوەی بۆ ناردووین.

ژنە کوتی:

ـ کابرا ئەو جیرانەمان زۆر جاران شتمان بۆ دەنێریێ، با ئێمـەش ئـەو جار ئەو مریشکە بۆ ئەوان بنێرین.

مریشکی پڕ لە زێڕ و گەوهەریان بۆ ماڵی جیران نارد. کابرا بۆ سـبەی وەک ڕۆژان چۆوە سەر کار.

حاکم بەیانی زوو، بۆ ئەوەی بزانێ ئاسنگەر دیسان هاوار دەکا یا نا، دەگەڵ وەزیر چوون بۆ لای ئاسنگەر، بەڵام بەر لـەوە بگەنـە لای ئـەو، دیتیان کە هاوار دەکا:

ـ خودایە نایدەی نا!

حاکم ڕووی لە وەزیر کرد و کوتی:

ـ ئەدی ئەتۆ مریشکە پڕ لە زێرەکەت بـەو ئاسـنگەرە نـەداوە؟ ئـەدی بۆچی دیسان هاوار دەکا؟!

ـ قوربان ئەمن پێمداوە، بەڵام ئیدی نازانم بۆ هەر هاواری دێ؟!

ـ ئەوشۆ دوو لایلۆنی پڕ لە زێڕ بەرە لە بەر دەرگای ماڵـەکەی دانـێ، بزانین سبەش هەر ئاوا هاوار دەکا؟

ئاسنگەر بەیانی کە لە ماڵ وەدەرکەوت، چاوی بە دوو لایلۆن کـەوت، وەیزانی زبڵوزاڵە لەبەر دەرگاکـەیان دانـاوە. بـردی لـەو لای تـووڕی هەڵدا و بەرەو دووکان وەڕێکەوت.

حاکم کە پێیوابوو ئیدی ئەوڕۆ کاکی ئاسـنگەر هـاوار ناکـا (خودایـە نایدەی)، دەگەڵ وەزیر بەرەو لای ئاسنگەر چوون. دیتیان ئاسنگەر هەروا هاوار دەکا.

حاکم، تووڕە بوو و بە وەزیری کوت:

ـ ئەو کابرایە زۆر بەتەماحە، چاوی تێر نابێ، پێـی بڵـێ بـەیانی زوو بێتە بارەگا. شەوێش بچوو لە بـەر دەرگـای ماڵـە ئاسـنگەرەوە هـەتا بەردەرکەی بارەگا زێڕڕێژ بکە، بزانین ئەوجار تەماحی پڕ دەبێ یا نا؟

وەزیر ڕاسپاردەی حاکمی بە ئاسنگەر گەیاند و ئەو جار لەبەر دەرگای ئاسنگەرەوە هەتا بارەگا زێڕڕێژی کرد.

ئاسنگەر، بەیانی بە مەبەستی چوون بۆ دووکان لە ماڵ وەدەرکـەوت، بەڵام لە بەر دەرکە لاقی دە سەتڵی زبـل هەڵـەنگووت، ئـاخێکی کێشـا و کوتی:

ـ ئای پیری، هەر بینا کوێریش بووین. باشە ئەوانەی کوێرن و چاویان چ جێیان نابینێ، چۆن دەڕۆن؟ وەڵڵاهی ئەمنیش هـەتا بارەگـای حـاکم هەر بە کوێرەکوێرە دەڕۆم.

ئاسنگەر کە گەیشتە بارەگا، حاکم پێیکوت:

ـ کابرا، باشە ئەتۆ بۆ هەر هاوار دەکەی دەڵێی: خودایە نایدەی؟

ـ جا قوربان بڵێم چی، خودا نایدا ئیدی.

ـ دوو ڕۆژ لەوە پێش مریشکێکم بۆ ناردی چت لێکرد؟

ـ قوربان! جیرانەکەمان زۆر باشە، هەموو ڕۆژێ هەرچی هەیبێ بۆمانی دەنێرێ، بۆیە منیش مریشکەکەم بۆ ئەو نارد.

ـ دوێنێ بەیانی کە لە ماڵ هاتییە دەر، هەر لەبەر دەرکەکەتان چاوت بە چی کەوت؟

ـ قوربان نازانم چە ماڵوێرانێک ڕقی لە منە، دوو لایلۆنی پڕ لە زبڵی هەر لە بەر دەرگا دانابوو، منیش بردم تورِم هەڵدا!

ـ ئەی ئیمڕۆ کە هاتی بۆ ئێرە، کوێر بوویە، هیچت نەدیوە؟

ـ نەخێر قوربان!!

حاکم بە تووڕەییەوە کوتی:

ـ بۆ خۆ کوێر نی، چۆن هیچت چاو پێنەکەوتووە؟

ـ قوربان! هەر وەدەر کەوتم لاقم دە سەتڵی زبڵی هەڵەنگوت. بۆیە کوتم: بزانم دەتوانم بە کوێرەکوێرە بە ڕێگادا بڕۆم؟ هەتا ئێرە بە چاونووقاندن هاتووم.

حاکم کە لە هەموو مەسەلەکە گەیشت. ڕووی لە ئاسنگەر کرد و کوتی:

ـ بە ڕاستی خودا نایدا، ڕاست دەکەی، بڕۆ هەتا مردن هەر هاوار بکە «خودا نایدا».

***

**پەند**

*موحسین کەریمی / گوندی تیاری باینگانی پاوە*

## ژنیش هەیە و ژنکۆکیش هەیە

وەک دەگێڕنەوە لە سەردەمێکی زۆر دوور، لە ولاتی ژێردەسەلاتی شاعەباسدا، ڕەسم وا بووە، کاتێک دایک و باوک پیر و پەککەوتە دەبوون، منالەکانیان دەیانبردنە سەر چیایەکی زۆر بەرز و لە بلێندایی چیاکەڕا دەیانخستنە خوارەوە. لەو ولاتەدا باوکی وەزیری شاعەبباسیش دەگاتە سەردەمی پەککەوتەیی، واتا کاتی خستنە خوارەوەی لە چیا. وەزیر باوکی هەلدەگرێ و دەیباتە سەر کێوێکی ئێجگار بەرز. کاتێ گەرەکییە باوکی بخاتە ژێرەوە، دەبینێ باوکی زۆر بە ڕووخۆشییەوە پێدەکەنێ! هۆی پێکەنینی لێدەپرسێ:

ـ باوکی دەلێ:

ـ ڕۆلە دەوراندەورانە، جێی هیچ گازندە و گلەییەک نییە. ئەمنیش سەردەمێک هەر ئە لەم شوێنە باوکم خستە ژێرەوە. چاوەنواڕ بە، ڕۆژێک نۆرەی تۆش دێ.

وەزیر بەم قسەیەی باوکی دادەمێنێ و دە فکرەوە دەچێ. پاشان دەڵێ: وەڵڵاهی شاعەبباس پەتیشم لە مل بکا ئەم کارە ناحەزە ناکەم.

ـ هەر چەند باوکی دەڵێ:

ـ ڕۆڵە لە سەر من خۆت تووشی گێرە و کێشە مەکە، ئەمن تازە پەکم کەوتووە. گوێی پێنادا و دەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە ماڵ و دەیبا لە عەمبارێکدا جێگەی بۆ خۆش دەکا. هەموو ڕۆژێک کە دەگەڕێتەوە ماڵ، دەچێ سەرێک لە باوکی هەڵدێنێ. باوکی لێی دەپرسێ:

ـ ڕۆڵە! باسوخواسی بارەگا چییە؟ کوڕە دەڵێ:

ـ دنیایەکی خۆش و بێباسوخواس. ڕۆژگار هەروا تێدەپەڕێ.

ڕۆژێک وەزیر بە پەشێوی دەچێتەوە ماڵ و بەر لە هەر شتێ سەری باوکی دەدا. باوکیشی هەر پرسیاری پێشووی لێدەکاتەوە.

کوڕە دەڵێ:

ـ شاعەبباس هەر چەند شەو جارێک دەچێتە نێو شار و دنیای بەسەر دەکاتەوە. دوێنێشەو چۆتە دەر و کردەوەیەکی ناحەزی لە ژنێک دیوە و دەروازەی ماڵەکەی نیشانە کردووە. ئیمڕۆ کە چوومە بارەگا مەئموور کرام ئەو ژنە ببەمە خزمەت پاتشا. کاتێ چوومە گەڕەکەکەیان، هەموو دەروازەکان نیشانەی شاعەبباسیان پێوە لکابوو. هەر کە هەواڵم بردە لای پاتشا، بڕیاری دا دەبێ هەموو بنەماڵەکانی ئەم گەڕەکە لە سێدارە بدرێن. منیش بۆ ئەم ئیشە ناحەز و ناڕەوایە بەرپرس کراوم! چۆن لە

دەستم بێ گشت ئەم خەڵکە کە سەدان منداڵ و مێرمنداڵی بێتاوانیان لە نێودایە قەڵتوبڕ بکەم؟!

باوکی دەڵی:

ـ ڕۆڵە ئەمن ببە بۆ لای شاعەبباس هەتا حیکایەتێکی بۆ وەگێڕمەوە.

کوڕە دەڵێ:

ـ چون دەکرێ؟ پاتشا وا دەزانێ چەند ساڵێکە تۆم لە کێو خستۆتە خوارەوە.

باوکی زۆری تکا لێدەکا و کوڕەش قسەی باوکی لە عەرد نادا و دەیباتە لای پاتشا. باوکی وەزیر لە هەمبەر پاتشادا چۆک دادەدا و دەڵێ:

ـ پاتشام خۆش بێ، چون دەتەوەێ لەبەر ژنێکی پەست و خراپ گەڕەکێک کوێر بکەیەوە؟ نەتبیستووە گووتوویانە ژنیش هەیە و ژنکۆکیش* هەیە؟ کە واتە گۆی بگرە هەتا حیکایەتێکت بۆ وەگێڕمەوە:

ژنێک مێردێکی شوانی دەبێ، مێردەکەی هەموو ڕۆژێ مێگەلەمەڕی وەپێش خۆی دەدا و بەرەو کەژ و کۆ تێهەڵدەکشێ و ژنەش هەر چەند ڕۆژ جارێک بۆ نانکردن دەچێتە ماڵە دەوڵەمەندێک. کابرایدەوڵەمەند، تەماح دە ژنەکە دەکا و پێی دەڵێ: دەبێ دەست لە شوانە هەڵبگری و شوو بە من بکەی! ژنە لە وتەی کابرا تووڕە و زۆیر دەبێ و بە قەڵسی لە ماڵە کابرا دەردەکەوێ. کابراش دەچێتە لای شوانە و بۆ ژنە تێدەچنێ و دەڵێ:

ـ ماڵوێران ئەتۆ بەو کوێرەوەرییە شوانێتی ماڵان دەکەی و ئاگاشت لە ژنەکەت نییە چ ئیشگەلێکی چەوت و ناحەز دەکا! خۆ ئابڕووی بۆ نەهێشتووی!

کابرا هەتا دەتوانێ شوانە هان دەدا. شوانەش بەبێ سێودوو کردن بەرەو ماڵ دەبێتەوە و تێروپڕ لە ژنەکەی دەدا و پاشان وەدەری دەنێ.

ژنە کە بە ڕێگادا دەڕوا، ماندوو و شەکەت دەکەوێ. ڕێبوارێکیخواناس لە بان ڕێگاکەدا چاوی پێی دەکەوێ و دەیباتەوە ماڵە خۆی. ژنەکە دوای چەند ڕۆژێک هۆشی دێتەوە سەر خۆی، داوا لە کابرا دەکا دەستێک جلوبەرگی پیاوانەی پێ بدا. کابرا دەستێک جلوبەرگ و هێندێک پارەی پێدەدا. ژنە جل وبەرگەکە دەپۆشێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ. ڕێگەی دە شارێک دەکەوێ. دەبینێ حەشیمەتێکی زۆر لە شوێنێک کۆ بوونەتەوە کە نیزیک دەبێتەوە دەبینێ ئەوە بازی پاتشایی دە حەوا دەکەن، لە سەر شانی هەر کەسێک بنیشێ دەبێ بە پاتشای شار. کاتێ باز هەڵداوێن، بازەکە ڕاست دەچێ لە سەر شانی ژنەکەی کە خەڵک لایان وابوو پیاوە دەنیشێ، بەڵام خەڵکەکە قبووڵ ناکەن. چەند جاری تر هەڵیداوێن، دیسان هەر دەگەڕێتەوە سەر شانی ژنە. ئیدی هیچ عیلاجیان نامێنێ و مەجبوور، ژنە دەکەن بە پاتشای خۆیان. ژنە هەتا حەوت ساڵان پاتشایەتی ئەو شارە بە دەستەوە دەگرێ، ڕۆژێک لە مەیدانی کێبەرکێیەکدا پیاوە دەوڵەمەندەکە و

پیاوە ڕێبوارەکە دەبینێ. دەستوور دەدا بیانبەنە بارەگا. لە بارەگادا بە بڕوبیانووگەلێک، کابرای دەوڵەمەند لە سێدارە دەدا و باشترین جلوبەرگی ئەو سەردەم و زۆر شتی بەنرخی تریش خەڵاتی پیاوە ڕێبوارەکە دەکا. ڕۆژێک دەچێتە دیوی مەحکەمە، لەوێ مێردەکەی دەبینێ کە بە تاوانی سواڵ کردن گیراوە. بڕیار دەدا بۆ سبەی نابێ هیچ کەس لە شار بچێتە دەر و دەبێ هەموو خەڵک لە مەیدانی شار کۆ ببنەوە. کاتێ خەڵک کۆ دەبنەوە، مێردەکەی دەکێشێتە ناوەندی مەیدان و دەڵێ:

ـ ئەی خەڵکی ئەم شارە، هەر وەک ئاگادارن ئەمن ئەوە حەوت ساڵە پاتشای ئەم شارەم، ئێوە هەتا ئێستاش وا دەزانن کە ئەمن پیاوم! بەڵام ئەمن ژنم و ئەم پیاوەش مێردی منە! جا ئێستا ئەگەر ڕاتان لە سەر بێ مێردەکەم لە جیات من پاتشایەتێ بکا، ئەگینا ئەوە خۆتان و شارەکەتان و ئێمە بەرەو شوێنی خۆمان دەچینەوە و ژیانی ئاساییمان درێژە پێدەدەینەوە.

خەڵک سەریان لەم کارە سوڕ دەمێنێ. ڕدێنسپییەکانی شار بڕیار دەدەن مێردی ژنە بکەن بە پاتشا.

ـ بەڵێ گەورەم کە وابوو «ژنیش هەیە و ژنکۆکیش هەیە» . ئەو ژنە لەو ڕێگەوە کە مێردەکەی دەری کرد بە پاتشایی گەیی. دەبێ ئەمەش بزانی کە لە نێو ئەم هەموو حەشامەتەی گەرەکتە بە بۆنەی ژنێکی

خراپەوە لە نێویان بەری، گەلێ ژنی وەک ئەم ژنەش هەیە. ئێستاش خۆت و ڕەحم و بەزەیی خۆت.

شاعەبباس قسەکانی باوکی وەزیری گەلێک بە کەیفێ دەبێ و ڕادەگەیەنێ، هەر کەس پیرێکی نییە، بچێ پیرێک پەیدا بکا.

***

مەسەل

*هەمزە قادری*

## گوێدرێژەکەی ئێمە هەر بە جاشکی کلکی نەبوو!

کابرایەک دەچووە شارێکی، دیتی گوێدرێژێک دە قوڕێ کەوتووە و خاوەنەکەی هەر چەند دەکا بۆی دەرنایە. داوای یارمەتی دەکا. ڕێبوارێک چوو ڕۆبووە کلکی گوێدرێژ و چەند جار هەلێهێناوە، کەلکی نەبوو. بۆ جارێکی تر ڕۆبووە کلکی و لە بنەوەڕا دەریهێنا. خاوەن گوێدرێژ کە ئەمەی چاو پێکەوت دینی لە لا نەما، هەڕای کردە کابرا و کابراکە ڕای کرد و خاوەن گوێدرێژیش بە دوایدا. لەو کاتەدا ئەسپێک ڕەویبۆوە و بەرەو ڕوویان دەهات. خاوەن ئەسپ هاواری کرد:

ـ بە خاتری خودای پێشی بگرن.

کابرا تاوی دا خڕکەبەردێک و بە ئەسپەکەی دادا و خڕکەبەرد ڕاست چاوی چەپی ئەسپەکەی پێکا و کوێری کرد. خاوەن ئەسپ و خاوەن گوێدرێژ وەدوای کابرا کەوتن. کابرا جار دەگەڵ جار توندتر هەڵدەهات، گەیشتە سەربانێک و دەبوایە لەو سەریڕا خۆی فڕێ دابا. ڕوانییە

خوارەوە، لێفەیەکی لە بن دیواری چاو پێکەوت، خۆی فڕێ دا سەر لێفەکە. پیرەپیاوێکی نەخۆش کە لە بن لێفەکە خەوتبوو، بە هۆی کەوتنە خوارەوەی کابرا هەر لەجێوە گیانی دەرچوو. خاوەن ئەسپ و خاوەن گوێدرێژ و بابمردوو وەدوای کابرا کەوتن. دەرکە وەزگی ژنێکی دووگیان کەوت و منداڵەکەی لەبەر چوو. مێردی ژنە دەگەڵ ئەوانیتر وەشوێن کابرا کەوتن و پاش سەعاتێک گرتیان و بردیانە لای قازی. کابرا کە گەیشتە لای قازی، بەڵێنی بەرتیلێکی پێدا. ڕۆژی لێپرسینەوە قازی دەپێشدا بابمردووی بانگ کرد و کوتی:

ـ ئەو کابرایە بچێتە نێو لێفە و ئەویش لە سەربانیڕا خۆی باوێتە سەر! بابمردوو کە نەیوێرا ئەو کارە بکا، سکاڵای خۆی وەرگرتەوە. دوای ئەوە مێردی ژنەی بانگ کرد و کوتی:

ـ ئەتۆ دەبێ ژنەکەت تەڵاق بدەی و ئەو کابرایە مارەی بکا، دوای ئەوەی زگی پڕبوو، دەرکەی ماڵێی لە زگی بدەی. مێردی ژنە کە ئاوای دی سکاڵاکەی خۆی وەرگرتەوە.

ئەوجار بە خاوەن ئەسپەکەی کوت: چونکوو چاوێکی ئەسپەکە کوێر بووە، دەبێ بیکەی بە دوو بەش و پووڵی ئەو بەشەی لەو کابرایە بستێنی کە کوێری کردووە.

کابرای خاوەن ئەسپیش کە دیتی هیچی بۆ ناچێتە سەر، سکاڵاکەی وەرگرتەوە. خاوەن گوێدرێژیش کە بڕیارەکانی قازی بەم چەشنە دی، ویستی بە پێدزکێ لە ژوورەکە بچێتە دەر. قازی کوتی:

ـ ئەوە بۆ کوێ دەچێ؟

خاوەن گوێدرێژ لە وەڵامدا کوتی؟

ــ وەڵڵاهی جەنابی قازی گوێدرێژەکەی ئێمە هەر بە جاشکی کلکی نەبوو.

***

مەسەل

*مەحموود نەعمانی ـ بانە*

## «لە کیسەی خەلیفەی بەخشین»

لە بارەی چۆنییەتی دەسەڵاتی جەعفەری بەرمەکی بە سەر هارۆونەڕڕەشیددا گەلێک چیرۆک گوتراوە، بەڵام لام وایە ئەم چیرۆکە کەمتر بیسراوە کە عەبدولمەلیک کوڕی ساڵح، یانی کوڕی ئەو پیاوە کە لە شوێنی زاتەسەلاس (نزیک میسر) بە سەر مەروان، دوایین خەلیفەیئەمەویدا، سەرکەوت. بە ناردنی سەری مەروان بۆ سەففاحی عەبباسی، گەورەترین هەنگاوی بۆ تێکشکاندن و لابردنی حکوومەتی ئەمەوییەکان هەڵگرت. لە ماوەی حکوومەتی هارۆونەڕڕەشیددا هەر چەند کە عەبدولمەلیک خۆی جیا لەو بنەماڵەیە نەدەزانی، بەڵام دەگەڵ ڕق و تووڕەیی خەلیفە بەرەوروو بوو و ڕۆژگاری بە نەبوونی و نەداری و دوورلە ئیش و کار دەبردە سەر.

عەبدولمەلیک لە سەردەمی خۆیدا، لە پیاوەتی و لێهاتوویی و زانایی‌دا کەم‌وێنە بوو. لە ساڵی ١٦٩ی کۆچیی مانگی لە لایەن ئەلهادییەوە، حکوومەتی مووسڵی پێ سپێردرا. دوای دوو ساڵ دەسەڵاتی بە سەر مووسڵدا، بوختان و قسەی ناڕەوای بۆ هەڵدەبەستن. کار دەگاتە ئەو جێگەیە کە هاروونەڕڕەشید دەسەڵاتی لێ دەستێنێتەوە و وەدەری دەنێ. عەبدولمەلیک دوای دەرکردن و بێدەسەڵاتکردن، دەچێتە بەغدا و لە شوێنێک دادەنیشێ.

شەوێک کە هەموو خەڵکی بەغدا دەخەون، هەڵدەستێ بەرەو ماڵی جەعفەر بەرمەکی دەچێ و باس‌وخواسی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. کاتێک دەگاتە بەر دەرگا، جەعفەر بەرمەکی بە ڕوویەکی خۆشەوە وەریدەگرێ و دەیباتە ژوورێ. جەعفەر بەرمەکی هۆی درەنگ هاتنەکەی لێ دەپرسێ!

عەبدولمەلیک پێی دەڵێ:

تۆ خۆت باش دەزانی ماوەیەکە خەلیفە لێم بە ڕقدا چووە و قینی لێ هەڵگرتووم، بێ دەسەڵاتی کردووم. هەرچی هەمبووە خواردوومە، هیچم بە دەستەوە نەماوە. غروورم ئیزنم پێنادا دەست بۆ لای هەموو کەس درێژ بکەم، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ڕۆژگارێک چاو لە دەستی من بوونە! ئەتۆش بە پیاوێکی باش و ماقووڵ دەناسم بۆیە ڕووم تێکردووی هەتا ڕێگەچارەیەکم بۆ بدۆزییەوە. ئەگەریش ئەتۆ نەتوانی کارێکم بۆ بکەی، ڕازەکەم لە لای خۆت دەپارێزی.

جەعفەر بەرمەکی لێی پرسی:

ـ باشە، بە کەس قەرزداری؟

بەڵێ! دە هەزار دینار. دەترسم بمرم و نەتوانم بیدەمەوە.

ـ قەرزەکەت وەئەستۆ دەگرم.

ئاخر بۆ داهاتووشم دەبێ فکرێک بکەیتەوە.

ـ دە هەزار دیناریش بۆ بەڕێچوونت باشە؟

عەبدولمەلیک سەری خەجاڵەتی داخست و کوتی:

ـ ئەوەی نیازم بوو جێبەجێ کرا، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش گەرەکمە ئەگەر خەلیفە ڕەزای لە سەر بێ، بچم بۆ شاری مەدینە و ئەم چەند ساڵەی ئاخری عومرم لە خزمەت بارەگای حەزرەتی ڕەسووڵدا بەرمە سەر!

جەعفەر بەرمەکی دەستبەجێ داخوازەکەی قبووڵ کرد و کوتی:

ـ هەر لە سبحەینێڕا دەتوانی بە ناوی حاکم بچییە ئەو شارە، بەڵام وا وێدەچێ دیسان داوای دیکەت مابێ؟

بەڵێ قوربان! بەڵام چونکە کەمێک نابەجێیە باسی نەکەم باشترە!

ـ قەیناکا هەر چییە بیڵێ.

تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە خەلیفە، «ساڵحی» کوڕم بە زاوای خۆی قبووڵ بکا و ئیتر هیچ.

جەعفەر کوتی:

ـ مزگێنیت پێ بدەم کە خەلیفە ڕازی دەبێ «عالیە»ی کچی بدا بە سالّح و دەشزانم کە لەوانەیە حاکمەتی میسریشی پێبدا.

جەعفەر بەرمەکی بەیانی زوو لێبڕا بچێتە خزمەت خەلیفە و ئەو بەلّێنیانەی بە عەبدولمەلکی داوە بۆی بگێڕێتەوە. هەر بەو نیەتەوە ڕێگەی گرتە بەر. پاش سلاو و چاکوخۆشی، خەلیفە باسوخواسی دنیایەی لێ پرسی: جەعفەر لە ولامدا کوتی:

ـ دوێشەو عەبدولمەلێک هاتبووە لام، ئەم پیرەمێردە دستمان لێهەلّناگرێ!

ـ حەتمەن داخوازییەکی نابەجێی هەیە؟

ـ دە هەزار دینار قەرزدارە، دانەوەکەییم وەئەستۆ گرتووە!

خەلیفە بە گالّتە پێی کوت:

ـ بەلّێ! دیارە لە کیسەی خۆشت؟

ـ نەخێر ناوەلّلا قوربان لە کیسەی خەلیفەی! چون عەبدولمەلیک مامی تۆیە، ڕەوا نییە بێئیحترامی پێ بکەم.

ـ دەی ئیتر چی؟

ـ دە هەزار دیناریشم بۆ بەڕێچوونی داوەتێ.

ئەدی ئەمەیان خۆ لە کیسەی خەلیفەی نییە؟

ـ قوربان بە ئیزنت ئەوەشم هەر لە کیسەی خەلیفەی بەخشیوە!

هارونەڕەشید بزەیەکی هاتێ و کوتی:

هیوادارم هیچ بەلّێنی دیکەت پێنەدابێ.

ـ نا! تەنیا ئاواتێکی هەبوو!

ـ ئەو چ بوو!

ـ ڕۆیشتن بۆ شاری مەدینە.

ـ باشە تۆ ئەم بەڵێنییەت بۆ پێدا؟

ـ بۆ ئەوەی بە خەڵکی مەدینە نیشان بدەم کە خەلیفە مامێکی وا تێگەیشتوو و زانای وەک عەبدولمەلیکی بۆ ئەوێ ناردووە.

ـ زۆر باشە! کە وابوو دەسەڵاتی شاری تایفیشی پێ بسپێرە. خۆ هیچی دیکە نەماوە؟!

ـ بۆچی!

ـ ئەدی ئەو لە کیسەی کێیە؟

ـ قوربان ئەو بەخشینە لە کیسەی خەلیفەوە نەبێ بە کەس ناکرێ!

ـ خۆ کچەکەشمی ناوێ؟

ـ قوربان زۆر چاکی بۆچووی!

ـ بەڵێنیت پێنەداوە؟!

ـ وەڵڵاهی قوربان ئەوەشیانم بەڵێنی پێداوە. بۆ ئەوەی زاوای خەلیفە کەسێکی ئاسایی نەبێ، حاکمایەتی میسرێشم پێ ئەسپاردووە.

جەعفەر! ئەتۆ ڕێزت لە لای من گەلێکە، هەر بەڵێنییەکت بە مامم عەبدولمەلیک دابێ قبووڵە. هەر ئەوڕۆ بەرەو شاری مەدینەی وەڕێخە و کاری ساڵح و عالیەش هەرچی زووتر بەڕێوە بەرە.

ئەنجامی ئەم چیرۆکە تا ڕادەیەک سرنجڕاکێشە کە عەبدولمەلیک دوای چەند ساڵ مانەوە لە شاری مەدینە، لە دژی هاڕوونەڕڕەشید ڕادەپەڕێ و داوای حکوومەتی ئەو نێوە دەکا. بەم بۆنەوە هاڕوون بڕیاری گرتنی دەدا. عەبدولمەلیک دەگرن و دەیبەنە بەغدا و لەوێ زیندانی دەکەن و تا سەدەی حکوومەتی ئەمین لەوێ بەند دەبێ. دوای ئازاد بوونی دەسەڵاتی شامیان پێ ئەسپارد و تا دوایین ساڵی تەمەنی حاکمی شاری شام دەبێ و لە ئاکامدا بۆ هەمیشە چاوی لێک دەنێ.

***

مەسەل

*قادر بامداد ـ مەهاباد*

# «نە خانێ هاتووە و نە خانێ ڕۆیشتووە»

پیاوێکی گێل و بەستەزمان هەبوو بە ناوی «سەفەرقوڵی»؛ ئەو ژنێکی زۆر سادە و بێ فڕوفێڵیشی هەبوو. لە سەر ئەو حاڵەیڕا پێی خۆش بوو وەک گەورەپیاوێک، مەزنی هۆز بێ و خەڵک ڕێزی لێ بگرن. وەک پیاوێکی ماڵدار و دەوڵەمەند خۆی دەنواند و لە زۆر کاراندا دمدرێژی دەکرد، هەتا خەڵک وا تێبگەن سەخی و ماقوول و تێگەیشتووە. خەڵکیش بە جوانی دە حاڵ و وەزعی گەیشتبوون، جا بۆ دڵخۆشی ئەو پێیان دەکوت «سەفەرقوڵیخان».

ڕۆژێک کە لە دێیەکەوە بۆ دێیەکیتر دەچوو، ویستی شتێک بۆ تۆشەی سەفەری بکڕێ، بەڵام پووڵێکی کەمی پێبوو. چۆ نێو دێ هەتا بڕێک نان و کاڵەکێک بکڕێ، کابرای کاڵەکفرۆش هەر کە لە دوورەوە چاوی بە سەفەرقوڵی کەوت، کوتی:

ــ ئا. . . ی جەنابی سەفەرقوڵیخان، سڵاوت عەرز دەکەم.

سەفەرقوڵی، زۆری پێخۆش بوو. دیتی کە لەو حاڵەدا بۆ وەی نابێ

کاڵەکی چکۆلە بکڕێ، چوو لەنێو کاڵەکەکاندا یەکێکی هەرە گەورەی هەڵبژارد و بۆ کڕینی نان، پارەی پێنەما. کاڵەکەکەی هەڵگرت و وەڕێکەوت. لە نیوەی ڕێگەدا برسییەتی هێرشی بۆ هێنا.لە ژێر نیسێی دارێکی قەراخ کانییەک دانیشت. کاڵەکەکەی شکاند و کوتی:

ـ ئەم کاڵەکە زۆر زلە و ئەمنیش ناتوانم یەکجێ بیخۆم، وا باشە نیوەی بخۆم و نیوەشی لێرە بەجێ بهێڵیم کە ئەگەر ڕێبوارێک بە وانەدا هات وا بزانی کە پیاوێکی دەوڵەمەند و سەخی وەک سەفەرقوڵیخان بێرەدا هاتووە. دوای خواردنی لەتێک لە کاڵەکەکە نەختێک بۆی خەوت. کاتێک وەخەبەر هات دیسان برسی بوو. کوتی: وا باشە ئەو لەتەش بخۆم. هێنای لەتە کاڵەکەکەی بە بەردێکی تیژ چا کرد. گۆشتەکەی خوارد و تۆخێکی تەنکی لە توێکڵەکە هێشتەوە. دوایە کوتی:

ـ وەڵڵاهی ئەو توێکڵە زۆر تەنکە. بڕێکی فکر کردەوە و کوتی:

ـ وا باشە ئەو توێکڵەش بخۆم، هەر کەسێک بێرەدا بێ و ئەو تۆکڵە ببینێ دەڵێ: خان کە بێرەدا هاتووە ئەسپیشی پێبووە، بۆ خۆیکاڵەکەکەی خواردووە و ئەسپەکەشی توێکڵەکەی و تۆوەکەشیان بەجێ هێشتووە.

سەفەرقوڵی توێکڵەکەشی خوارد و دیتی هەر تیر نەبووە، تۆوەکەشی خوارد و کوتی:

ـ «ئێستا نە خانێ هاتووە و نە خانێ ڕۆیشتووە» .

ئەم زاراوەیە کاتێـک دەگـوترێ کـە کەسـێک بیهـەوێ دوای هێنـدێک هەوڵ و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مەبەستێک کە هیچ قازانجی تێدا نییـە، پەژیوان بێتەوە، یا ئەوەتا ئەوان گوێی پێنەدەن و ئەویش بڵێ لێیانگەڕێ چ دەکەن با بکەن. هەر وەدەزانین نە خانێ هاتووە نە خانێ ڕۆیشتووە.

***

زاراوه

خ ـ بەهرامبەگی

## «واش هەر نامێنیٚ»

حاکمێک بوو پێی خۆش بوو بتوانیٚ لە سەرەخۆ و بە سەبر و دڵسۆز بیٚ، بەڵام نەیدەتوانی. ئەگەر کارێک بە پێچەوانەی مەیلی ئەو کرابا، توورە دەبوو، فەرمانی توندوتیژی دەدا و دوایەش پەشیمان دەبۆوە. ئەگەر نەشیتوانیبا توورەیی خۆی دەربڕیبا، دڵی دەگیرا و خەم و دەرد دەوری دەدا و لەوانە بوو دیق بکا.

هەر وەختێک بە شتێک خۆشحاڵ دەبوو، خۆی لیٚدەگۆڕا و غلوور دەبوو، فەرمانی سەیر سەیری دەر دەکردن، زوڵمی دەکرد، خەڵکی ئازار دەدا، دوایە خاو دەبۆوە و لە کاری خۆی پەشیمان دەبۆوە و دەیکوت:

ـ ئاوا هەمووان لە خۆ دەتۆرێنم!

ڕۆژێک دانیشت، کڵاوی خۆی کردە قازی و بە خۆی کوت.

ـ ئەوە کارێکی خراپە. ئەمن زوو هەڵدەچم و ناتوانم هێدی و هێمن بم، ڕەنگە نەخۆشیم هەبیٚ. وا باشە حەکیمان بانگ بکەم، بەڵکوو ئەوان چارەیەکم بۆ بدۆزنەوە. حەکیمی گەورەی شاری بانگ کرد و پێی کوت:

ـ حاڵ و مەسەلەی من ئەوەیە، چ دەرمانێک بخۆم باشە؟
حەکیم کوتی:
ـ قوربان ئەتۆ هیچ عەیب و نەخۆشییەکی وات لە لەشدا نییە تا بە داوودەرمان چارە بکرێ. نەخۆشی جەنابت بە دەرمان چارەی نایە. ئەتۆ هەر لە منداڵییەوە وا گەورە بوویە و فرچکت بە تووڕە و تۆسنی گرتووە. ئەتۆ بۆ ئەوەی چاک ببییەوە دەبێ کتێبان بخوێنییەوە. لە گفتی* گەورەپیاوان پەند وەرگری. دەبێ بە خۆت بڵێی، تازە تووڕە نابم، یا ئەمن تووڕە نیم، ئەوەت هەمێشە لە بیر بێ و قەت لە بیری مەکە. عادەتی پێدەگری و وەختی خۆشی و ناخۆشی، خۆت لێ ناگۆڕێ.
حاکم کوتی:
ـ ڕاستە، بۆخۆشم ئەوەم دەزانی.
ئەوجار ناردی لە دوای مامۆستای گەورەی ئەو زەمانی شار و نەقڵی خۆی بۆ گێڕاوە.
مامۆستا کوتی:
ـ وا باشە جارجارە بچییە قەبرستان. بیری مەرگ بکەیەوە. ئەو دەم لە عاقیبەتی کارەکان غافڵ نابی و بۆت مەعلووم دەبێ کە خۆشی و ناخۆشی دایمە نین. جا ئەو جار تۆخژنت دەکەوێتە دڵی.
حاکم کوتی:

- بڕۆ بابە، ئەمن کوا دەتوانم هەتا تووڕە بووم یا کەیفم ساز بوو هەڵێم بۆ قەبرستان و لەوێ عیبرەت وەرگرم. ئەمن دەستوورێکی هاسانترم دەوێ کە هەمێشە لەگەڵم بێ.

مامۆستا کوتی:

- ئەگەر وایە چەند کەسی زانا لە دەوری خۆت وەکۆ بکە و لە هەموو ئەو کارانەدا پرسیان پێ بکە و بەبێ پرسی ئەوان فەرمان مەدە. ئەگەر ناڕەحەت و تووڕە بووی، ئەوان دڵخۆشیت دەدەنەوە.

حاکم کوتی:

- بڕۆ بابە. جا ئەگەر قەرار بێ ئەمن دەستوورم پێبدەن، ئەدی حاکمیم دە کوێدایە؟ ئەمن بۆ خۆم چاکە و خەراپە دەناسم، بەڵام وەختێک تووڕە بووم یا کەیفم ساز بوو، هەموو شتێکم لە بیر دەچێتەوە. ئەمن لە قسەیەکی دەگەڕێم لە سەر نەقیمی ئەنگوستیلەکەمی بنووسم تا هەمیشە چاوم لێی بێ. بارانم وێکەوێ تووڕە نەبم. ئەگەر شتێکم دی بە دڵم نەبوو، لە داخان هەڵنەچم. ئەگەر ڕۆژێک تاریفیان کردم، سەرەڕۆ نەبم. بەکورتی شتێکم دەوێ لە هەموو حاڵێکدا ئەهوەنم بکاتەوە.

مامۆستا کوتی:

- باشە، دیتنەوەی قسەیەکی کورت کە بتوانێ هێندە پڕ بایەخ بێ زۆر سەختە.

قسەی جوان و بەنرخ زۆرن، بەڵام هەر یەکەی بۆ شتێک کوتراون. دیسانیش ئەگەر زۆر بە پەلەی دەبێ هەموو زانایان کۆ بکەیەوە و هەر

کەس هەرچی دەیزانێ بیڵێ، جا هەر چی پەسندت کرد لە نەقیمی ئەنگوستیلەکەتی بنووسە.

حاکم کوتی:

ـ زۆر جوانە، ئەو کارەی دەکەم. دەستووری دا نامەیان نووسی هەرچی قسەزان و عالم بوو بانگهێشتنیان کردن. کۆبوونەوەیەکی گەورە پێکهات. زانایان چەند ڕۆژان هەر ڕاوێژیان بوو و هەر یەکەی لە بارەی سەبر و لەسەرەخۆیی شتێکیان دەگێڕاوە. شێعریان دەخوێندنەوە و حەدیسیان دەگێڕانەوە، بەڵام حاکم هیچیانی پەسند نەدەکردن و لە هەر کامیان ئیرادێکی دەگرت و دەیکوت:

ـ ئەوە هەو نییە و ئەوەیان دوورودرێژە و ئەویدی منداڵانەیە و هۆوە بە دڵەوە نانووسێ و. . .

ڕۆژی ئاخر، پیرەپیاوێکی بەساڵاچووی گۆچان بەدەست کە لە ئاواییڕا هاتبوو و خەبەرێکی تازەی بۆ حاکم هێنابوو، لە مەسەلەکە حاڵی بوو، کوتی:

ـ ئەگەر ئیزنم بدەن ئەمنیش شتێکی دەڵێم، لەوانە لە ئی هەمووان باشتر بێ.

حاکم کوتی:

ـ مەجلیس ئیزن بدا دەتوانی قسەکەت بکەی.

مەجلیس یەک‌دەنگ کوتیان قوربان چۆن شتی وا دەبێ! ئێمە شەو و ڕۆژ خەریکین. هەموو کتێبمان سەر و بن کردووە، هێشتا قسەیەکی وامان نەدیتۆتەوە بە کاری جەنابت بێ! چۆن پیاوێکی نەخوێندەوار دەتوانێ نوتقی بێ؟

پیرەپیاو کوتی:

ـ گوێ بدەنێ زەرەدێ ناکەن، ئەمنیش قسە دەکەم ئەگەر پێتان باش بوو بە قسەم بکەن ئەگەر نا، بەڕێی خۆمدا دەگەڕێمەوە.

حاکم کوتی:

ـ قەیدی‌ناکا، لێیگەڕێن با قسەی خۆی بکا.

زانایان ئیزنیان بە پیاوە پیرەی بێسەواد دا قسەکەی بکا.

مامە پیرە بە خۆی و گۆچانێکەوە وەلای سەرەوە کەوت و بە دەنگێکی بەرز کوتی:

ـ تا ئەو جێگەیەی ئەمن خەبەرم بێ، حاکم دەیەوێ قسەیەکی چووک و پڕمانا لە سەر نەقیمی ئەنگوستیلەکەی بنووسێ کە دەبێ ئینسان لە ناهومێد بوون و سەرەڕۆبوون بگێڕێتەوە. پێموایە سێ وشەی جوان هەیە کە بابەتی نەقیمی ئەنگوستیلەی حاکمە.

حاکم کوتی:

ـ ئەوە چییە مامە پیرە؟

مامە پیرە کوتی:

ـ بنووسە «واش هەر نامێنێ!!»

بە بیستنی ئەم قسەیە، هەڵڵا و بگرە دە مەجلیس کەوت. یەک دەیگوت: ئەوە بە کار نایە، ئەوی دی دەیکوت: ئەوە کەڵلەی کۆنە. یەک لەو سەر هەلیدەدایە و یەک لەو سەری. قەرەباڵغێک بوو، مەپرسە.

حاکم کوتی:

ـ ئەمن بەش بە حاڵی خۆم زۆرم پێ جوانە، لە هەموان کورتتر و پڕ ماناترە و دڵی من بەوە نەبێ ئۆقرە ناگرێ. وەختێک وەبیرم بێتەوە هیچ شتێک وەکوو خۆی نامێنێ و خۆش و ناخۆش هەتا سەر نین، دڵم ئەهوەن دەبێتەوە و دەرفەتی ئەوەم دەبێ کە بیر بکەمەوە و زیاتر لە ڕادەی خۆی ناهومێد و سەرەڕۆ نەبم. ئەوە زۆر ڕاستە «هیچ شتێک وەکوو خۆی نامێنێ».

***

زاراوە

*خالید کەریمی ـ سەقز*

## هەرکەس لە ئێمە بۆخۆی کردی ئیش
## بە قوربانـت بم هــەڵتــەکێنــە ڕیش

شەوێک لە شەوان سوڵتان مەحموود جلوبەرگێکی فەقیرانـــەی دەبــەر کرد و بەرەو شەقام و کۆڵانەکانی شار وەڕێکەوت. هەموو شوێنێک گــەڕا هەتا گەیشتە دەرەوەی شار. تووشی سێ دزان هــات، ســڵاوی لێکــردن، سڵاوەکەیان بە گەرموگوڕی لێ وەرگرتەوە. کوتیان:

ـ خاڵە بۆ کوێ دەچی؟

کوتی: فەقیرم دەگەڕێم. ڕۆژگار سەختی لێگرتــووم. بــە دوای پــارووە نانێکدا دەگەڕێم. کوتیان:

ـ دەکرێ ئیمشەو دەگەڵ ئێمە بێــی و لـــە هــەر کارێــکدا کــە کردمــان هاوڕێیمان بکەی؟

ـ ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێ من ئامادەم.

دزەکان خۆشحاڵ بوون لەوەی کە تووشی کەسێکی فەقیرۆکــە و بــاش هاتوون، هەر چوار وەڕێکەوتن. تاریکەشەوێک بوو چاو چاوی نــەدەدی. بەدەم ڕۆیشتنەوە قسەیەکی زۆریــان لێــرە و لــەوێ کــرد. بــەم ئاکامــە

گەیشتن کە هەر یەک هونەر و توانای خۆی بـۆ ئـەوانیتـر بگێڕێتـەوە.
یەکیان کوتی:

ـ من هەستی ناسـینم زۆر بـەهێزە، بـە چەشـنێک کـە لـە شـەوێکی تاریکونوتەکدا هەر کەس لە هەر جلوبەرگێکدا بێ، هەر جارێک چاوم پێی بکەوێ، دەیناسمەوە. تەنانەت ئەگەر بـۆ بـەیانی جـلوبەرگیشـی بگۆڕێ هەر دەیناسمەوە.

دووەمی کوتی: دەستی من توانایەکی وەک مۆجزەی هەیە. بگاتـە هـەر قفڵێک ئەگەر زۆر زلیش بێ، بۆخۆی دەکرێتەوە.

سێیەمی کوتی: توانای من لەوەدایە کـە زمـانی هـەموو گیانلەبـەرێک دەزانم و تێیان دەگەم.

کابرای فەقیریش کوتی:

ـ توانای منیش لەوەدایە کە هـەر تاوانبارێـک ئەگـەر تـاوانێکی زۆر گەورەشی هەبێ بە هەڵتەکاندنی ڕیشم ڕزگاری دێ.

لەو کاتەدا loورەلووری سەگێک بەرز دەبێتەوە. لە سـێیەمی دەپرسـن تۆ کە زمانی حەیوانان دەزانی بڵێ بزانین ئەم سەگە دەڵێ چی؟

ـ دەڵێ بۆ کوێ دەچن؟ هەر کوێیەک بچن خاوەن ماڵ هاوڕێتانە.

دزەکان گوێیان نەدایە و درێژەیان بە ڕێگای خۆیان دا هەتا گەیشـتنە نێو شار. هـەموو شـوێنێک گـەڕان و خۆیـان گەیانـدە نزیـک دیـواری خەزێنەی پاتشا. یەکێکیان کوتی:

ـ ئەمشەو کە بۆ دزی هاتووین وا باشە دەستێک لە خەزێنـەی پاتشـا بوەشێنین و هەتا هەین بە تەسەلی بژین. کابرای فەقیر کوتی:

ـ ئەم کارە زۆر جێی مەترسییە، ئەگەر قەرەوڵەکانی خەزێنە لـە خـەو ڕابن دەمانگرن. ئەودەم چووکترین سزامان ماچ کردنی پەتی سـێدارەی سوڵتان دەبێ.

دزەکان کوتیان: فەقیر! نەمانزانی ئەوەندە ترسنۆکی! سوڵـتان کێیـە؟ قەرەوڵ چییە؟ ئێمە لە نێزە هاویشتن و دزیدا کارزانین. نایەڵین دەستی قەرەوڵ و سوڵتان بمانگاتێ. یەکیان دەسبەجێ نێزەکەی دەرێنا و دای لە گۆشەی دیواری خەزێنەکە. دوای ئەوە لە پتەو بوونی دیـوارەکـە دڵـنیا بوون، بە ڕای هاوڕێیـەکان ئـەو دوو کەسـەی لـە ناسـینی ئینسـان و کردنەوەی قفڵدا شارەزا بوون، لە دیواری خەزێنـە وەسـەر کـەوتن و خۆیان گەیاندە خەزێنە. ئەوەی لە کردنەوەی قفڵدا کارزانی هەبوو، هەر کە قفڵەکەی گرتە دەست کرایەوە و چووە نێو خەزێنە. زێڕ و زێوێکی زۆر و هێندێک ئەشڕەفی دە توورەکەی کرد و بە ڕێگای خۆیاندا گەڕانـەوە و گەیشـتنەوە هاورێیـەکانیان. بـە پەلـە لـە شـار وەدەر کـەوتن. دوای ڕێپێوانێک چوونـە نێـو چاڵـێک و دەسـتیان کـرد بـە دابەشـینەوەی دەسـکەوتەکانیان، بـەڵام چـون تاریکـەشـەو بـوو، بـڕیاریان دا ئەشڕەفییەکان هەر ئەو کاتە بەش بکەن و زێڕ و زێوەکانیش لـە چـاڵدا حەشـار بـدەن و بـەیانی کـە هـەوا ڕوون بـۆوە دایانبەشـنەوە. لـە ئەشڕەفییەکان بەشی فەقیرەکەشیان دا و داوایان لێکرد بـەیانی زوو بـۆ

وەرگرتنی بەشەکەی تری هەر لەو شوێنە حازر بێ. کابرای فەقیرلەو کاتەدا لە پەنا دیوار وێستابوون، دەرفەتێکی وەدەست هێنا و ناونیشانی هەموویانی لە یەکیان پرسی. دوای لێکهەڵبڕان خۆی گەیاندە کۆشکەکەی و دەستووری دا قەرەوڵەکانیان بەند کردن و تاقمێکی تری وەک بەرپرسی پاراستنی خەزێنە دیاری کردن. چەند سواریشی نارد دزەکانیان گرت و بەندیان کردن. بەیانی زوو سوڵتان جلوبەرگی پاتشایەتی کردە بەر و دەستووری دا دزەکان لە بارەگا حازر بکەن. هەر کە هاتنە ژووری سوڵتان، بە دەنگێکی ترسێنەر و پڕ لە قینە-وە کوتی:

ـ ئەی تاوانبارینە واتان لێهاتووە دەست لە خەزێنەی منیش بووەشێنن؟! هەر ئێستا سزای ئەم کارە ناحەزەتان دەنێمە لەپی دەستتان. پاشان بانگی جەللادی کرد و دەستووری دا سەری هەر سێ کەس لە مەیدانی گەورەی شاردا لە لەش جیا بکەنەوە. لە دزەکان دوویان لە ترسان وەک مێوژۆکە* دەلەرزین، بەڵام سێیەمیان بێ ئەوە بترسێ و سەری لێ بشێوی بە بێدەنگی وێستابوو. هەر کە سوڵتان دەستووری بە جەللاد دا، وەزمان هات و کوتی:

ـ سوڵتان سلامەت بێ! ئێمە کە دزێمان کرد چوار کەس بووین، سێ کەسمان کاری خۆمان کرد، تەنیا چوارەمی ماوە ڕیشی هەڵتەکێنێ.

«هــەر کــەس لــە ئێمــە بۆخــۆی کــردی ئــیش، بــە قوربانــت بم هەڵتەکێنە ڕیش»

سوڵتان بە بیستنی ئەم قسەیە، دای لە قاقای پێکەنین و تێگەیشت کە هاوڕێیەکەی هەر وەک کوتبووی هــەر کەســێ بــە شــەو ببینــێ بــە ڕۆژ دەیناسێتەوە، ئەویشی ناسیوەتەوە. بەم چەشــنە لــە تاوانیــان خــۆش بوو، بەڵام بەڵێنی لێ ئەستاندن کە ئیتر دزی نەکەن.

***

پەند

*مەحموود ئەحمەدی*

# «ڕسق بە دەستی خودایە»

دەرۆزەیەک، *لەبەر دەرگای خانێک دانیشتبوو، لەو کاتەدا کە خان دەهاتەوە ماڵ، کوتی:

ـ گەورەیی خان گەلێکە، ڕسق هەر بە دەستی خانە! بەو هیوایە کە خان خەڵاتی بکا.

پینەچێکیش لە تەنیشت ئەو ماڵە دوکانی بوو. کاتیک ئەو قسانەی لە دەمی دەرۆزەکەرەکە بیست، هەستا بۆ لای چوو و پێی کوت:

ـ ئەی دەرۆزەکەر! ڕسق بە دەستی خودایە نە خان! چۆن شتی وا دەڵێی؟!

دەرۆزەکەر، هاواری لێ هەڵسا و کوتی:

ـ نا! ڕسق هەر بە دەست خانە.

خان لەو کاتەدا کە دەچۆوە ماڵ، قسەکانی پینەچی و دەرۆزەکەرەکەی بیست، بۆ ئەوە قسەی دەرۆزەکەر وەسەر کەوێ و خۆی بنوێنێ، دەستووری دا مریشکێکی بۆ بکەنە بریانی و نێو سکی پڕ لە ئاڵتوون بکەن و بۆی ببەن.

پینەچی بۆ نیوەڕۆ بەرەو ماڵ دەبۆوە، دەرۆزەکەر چاوی بە پینەچی کەوت. کوتی:

ـ پینەچی دا وەرە بزانە خان چی بۆ نادرووم، بەڵام بەداخەوە برسی نیم، ئەگەر بخوازی بە دوو دینار پێتی دەفرۆشم.

پینەچی کوتی:

ـ وەڵڵا دەیکڕم، لەماڵەوە هیچمان نییە.

پینەچی مریشکەکەی کڕی و بردییەوە.

دوای ماوەیەک، خان بۆ ئەوەی بزانێ باس و خەبەری دەرۆزەکەر چییە و ئاڵتوونەکانی چ لێکردووە، بۆ لای چوو و پێی کوت:

ـ ئەو مریشکەی بۆم ناردبووی هێنایان؟

ـ گەورەیی خان فرەیە، بەڵێ هێنایان، بەڵام من برسیم نەبوو، بە دوو دینار فرۆشتم.

ـ بە کێت فرۆشت؟

ـ ئەو پینەچییەی تەنیشتتان.

ـ ئەو پینەچییەی کە دەیکوت ڕسق بە دەستی خان نییە؟

ـ بەڵێ قوربان، بەڵام من مریشکەکەم پێشان دا و کوتم: بروانە بزانە ڕسق بە دەستی خانە یا بە دەستی خودا؟!

خان ئاخێکی هەڵکێشا و کوتی:

ـ ئەی دەرۆزەکەری نەزان و گێژ! وتەی پینەچی ڕاستە، ڕسق بە دەستی خودایە، چونکوو من سکی ئەو مریشکەم پڕ لە ئاڵتوون کردبوو، بەڵام بە نسیبی ئەو پینەچییە بوو. نە تۆ. ئەوەی کوت و دەرۆزەکەری لە گەڕەک وەدەرنا.

***

**مەسەل**

*سەلاح پایانیانی ـ مەهاباد*

## «پادارەکان بگرین، بێپاکان ئی خۆمانن»(١)

ساڵێکی لە ساڵان، ئاغای مەڵبەندێک دە سەر «سەکران»* دەکا هەتا خەرج و باجی ساڵێیان بۆ بنێرن. ئەوانیش کە لە جەنگەی کار و کوێرەوەری دان و وەختی سەرخوراندنیان نییە، دەڵێن:

ـ ئێستا جەنگەی کار و کوێرەوەرییە، کێ پێی دەکرێ لێرەڕا هەستی و باج بۆ وان بەرێ. نەوەڵڵا وا چاکە کەروێشکێکی بگرین و هەرچی هەیە بەودا بۆیان ڕەوانە بکەین!

دێنن کەروێشکێکی دەکڕن باری لێدەنێن و بەرەڵڵای دەکەن. ماوەیەک بە سەر دەچێ، ئاغا دیسان دە سەریان دەکاتەوە. سەکر قەڵس دەبن و ناعیلاج کەسێکی بۆ لای ئاغا دەنێرن کە پێی بڵێ:

ـ ئاغا خۆ ساڵێ سەت جارانمان باج و خەراج لێوەرناگری، چون ئەدی بە کەروێشکێکدا بۆمان نەناردووی؟

ئاغا دەڵێ:

ـ کوا کەنگێ ناردووتانە، ئەدی بۆ ئەمن هیچم نەدیوە؟

کابرا دەڵێ:

ـ قوربان ئێمە پێمان نەکرا خۆمان بیهێنیین، بەڵام خۆ زۆر لە مێژە بە کەروێشکێکدا ناردوومانە!!

ئاغا دەڵێ:

ـ خۆ بە خودای لێیان بە دوور نییە، وا چاکە ئەو پیاوەی ناردوویانە بە تاقی بکەمەوە بزانم هیچ عەقڵ و فامێکی هەیە؟ ئاخر چۆن شتی وا دەبێ! لە هیچ دەور و زەمانێکیدا نەبووە کەروێشکێک بووبێتە ڕاسپاردە!!

ئاغا هێندێک مێوژ و قالۆنچە لێک دەدا و لە پێش دمی کابرای ڕاسپاردەی دادەنێ و دەڵێ:

ـ دەزانم ڕێگەیەکی دوورت بڕیوە و زۆریش ماندووی، جارێ بۆ ئەوەی بحەسێیەوە، بڕێک مێوژان بخۆ، دوایە قسەی لە سەر دەکەین.

کابرا کە زۆر فەقیرۆکە دەبێ، وا دەزانێ قالۆنچەکانیش هەر مێوژن. زوو زوو ڕۆدەبێتە قالۆنچەکان و دەڵێ:

ـ «جارێ با پادارەکان بگرین، بێپاکان هەر ئی خۆمانن.»

***

مەسەل

*کتێبی تەمسیل و مەسەل (ئەحمەد وەکیلیان)*

# «پادارەکان بگرە، بێپاکان هی خۆمانن» (٢)

دوو دۆست بوون یەک لە یەکێ چلێستر و قرنیستر، بۆ هیچ کارێک دەرفەتیان بە یەکتر نەدەدا. شەوێک هەر دوو چووبوونە شەوچەرەی، خانەخۆێ کە ئەوانی دەناسی و دەیزانی چ چلێسێکن. دوو دەوری گڵیی هێنا، یەکیانی پڕ لە مێوژەڕەشە کرد و یەکیانیش پڕ لە قالۆنچەڕەشە و لە پێشی دانان. قالۆنچەکان لە سەر دەورییەکە دەجووڵانەوە. یەکیان دەستی بۆ مێوژەڕەشەکان برد، ئەوی دی دەستی لە سەر دەورێکە دانا و کوتی:

ـ برا، جارێ پادارەکان بگرە، بێ پاکان هەر لە جێگەی خۆیانن.

هەتا یەکیان خەریکی خڕکردنەوەی قالۆنچەکان بوو، ئەوی دیکە هەر چی مێوژەڕەشە بوون خواردنی.

***

**پەند** *عەبدولکەریم حەسەنخاڵی*

# «ئەگەر بە ماڵی، بە مام و خاڵی،

# ئەگەر بێ ماڵی، بە بەیتوولماڵی»

ئەم مەسەلەیە پێوەندە بە دارایی و سامانی دنیا، ئەگەر سامانت بوو، هەموو کەست هەیە و ئەگەر نەتبوو کەست نییە.

ئەم پەندە ڕیشەی مێژوویی هەیە و هەر بۆیەش کەوتۆتە سەر زار و زمانان و بەساڵاچووانی بنەماڵە قەدیمییەکانی ناوچەی موکریان بە مەسەل دەیڵێن و دەیکەنە بەڵگەی بڕوا و قسەی خۆیان.

وا مەشهوورە کە لە زەمانی یەکێک لە پاتشاکانی قاجاردا، کەریمبەگناوێکی بنەماڵەی حەسەنخاڵی کە لە ئاوایی زەنوێر و پڕ دار و درەخت و دڵڕفێنی «شەڕەفکەند» و زۆر ناوچەی مەڵبەندی موکریاندا، فەرمانڕەوا و سەردارێکی دادگەر بووە، بە هۆی دڵاوایی و بەخشین و خوانی ڕەنگینییەوە، مام و خاڵ و خزموکەسێکی زۆری لێ هاڵاوە و هەر یەکەی سامان و دەمودەزگایەکی (قوڵیبەگی) تایبەتییان پێکەوە ناوە و بە دوای ماڵی مفتەدا، هەر یەک بە چەشنێک لافی فیداکاری خۆیان بۆ کەریمبەگ لێداوە، بەڵام ئەو کاتێ کەریمبەگی

حەسەنخاڵی بە گژ حاکمی ستەمکار و زۆرداری حکوومەتدا دەچێ و لەشکر و سامانی تێدا دەچێ و شەڕەفکەند و باقی ئاواییەکانی، بە ناوی «غەنایم»ی شەڕ، لێ زەوت دەکرێن و ناوی بەیتولماڵ (ئەملاکی خالیسەی شا)یان بە سەردا دەبڕن و کەریمبەگ دەخرێتە بەندیخانەوە، زۆربەی خزم و کەسی لە ترسان هەر بە لایەوە ناچن!!

دوای چەند ساڵ کە حاکمی دزی دزێوی دێوەزمەی ستەم لە لایەن حکوومەتی ناوەندی دەگۆڕدرێ و پەپاخ* بە سەرێکیتر، بەڵام ئەهون و هێدی دێتە جێگای ئەو، کەریمبەگ لە بەندیخانە ڕزگار دەکا و بە فەرمانی شازادەیەک قەبالەی شەڕەفکەند هەروەها «قەڵادەرەسی» و «قەڵای ماران»ی کاولکراوی بە ناوی خەڵاتی بەیتولماڵ پێ دەبەخشن!

کەریمبەگ کاتێک دێتەوە سەر ملک و ماڵوحاڵی بەتاڵانچوو و داگیرکراوەکەی، بە شێوەیەک ویستوویە دەردی دڵی خۆی بەرامبەر بە بەیتولماڵ و بەڕێچوونی خۆی هەڵڕێژێ و پەندێک بۆ بەرەی داهاتووی وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ. بۆئەم مەبەستە لە «مۆر»ی ناونیشان ـ *لەو زەمانەدا «مۆر» لە جیاتی «ئیمزا» بەکار براوە* ـ کەلک وەرگرێ. جا بۆیە بە ڕاشکاوی نیازی دڵی، لە سەر ئەو مۆرە بەم چەشنە هەڵکەندووە:

«ئەگەر بە ماڵی بە مام و خاڵی

ئەگەر بێ ماڵی بە بەیتولماڵی»

شاعیر و نووسەر و زانای پایەبەرز مامۆستاهەژاری ڕەحمەتی کە لە بنەماڵەی «حەسەنخاڵی»یە، لەو بارەوە فەرموویەتی:

"هەر ئەوەی کە کەریمبەگ لەو زەماندا مۆری بە زمانی کوردی هەڵکەندووە. . . نیشان دەدا خاوەنی هەستێکی تایبەتی بووە."

بە پێی بەشی دووەمی شێعرەکە «ئەگەر بێ ماڵی بە بەیتولماڵی» وا وێدەچێ کەریمبەگ دوای تێشکان و لەدەستدانی ماڵ و سامان و ئاواییەکانی کە وەکوو ئەملاکی خالیسەی شا، یا بڵێین بەیتولماڵیحکوومەت ناسران و پاش چەند ساڵ زیندانیکران، ئاوایی شەڕەفکەند و قەڵا دەرەسی کاولکراو کە ئێستا لە سەر ملکی «ئێسکئاوا»یە و پێشتریش هەر موڵکی کەریمبەگ بووە، بە ناوی خەڵاتی بەیتولماڵ پێیبەخشراوە و ڕەبەن و ڕەبەنەماڵ ماوەتەوە.

مامۆستا هەژار دیسان دەفەرموێ: . . . ئەوەندەی لە کێلە بەرزەکانیقەبرستانی شەڕەفکەند ماوەتەوە و ئێستاش لە دوورەوە وەک پۆلی شۆڕەسواران دەبیندرێ و بە «کێلەدرێژی حەسەنخاڵی»یان مەشهوورە. بەداخەوە بەو پێیە کە ئەو کێلانە هیچ نووسراوەیەکیان لە سەر نەنوسراوە، ڕوون نییە کە ئەو گۆڕانە، هی شەهیدانی (غاری موکری قڕان)ی نزیک شەڕەفکەند و ئاوایی خوراسانەن یا هی ئەو کەسانەن کە لە شەڕەکەی کەریمبەگی حەسەنخاڵیدا شەهید بوون؟ و یا هی سەردەمێکی کۆنتر؟

مەسەل

*موتەلیب بامداد ـ مەهاباد*

## «ئەمن لە کۆڵ کەوڵەکە بوومەتەوە.
## کەوڵەکە لە کۆڵ من نابێتەوە.»

کابرایەکی هەژاری ڕووت و ڕەبەن کە لە بەر بارانێ خووسابوو، لە سەرمان وەک مێژۆکە هەڵدەلەرزی. بێ جلوبەرگیی وەڕەزی کردبوو. لەو کاتەدا سێلاوێک لە سەر کێوەوە هاتە خوارێ. شتێکی وەک کەوڵ وەسەر ئاوەکە کەوتبوو. یەکێک لەو لاوە بە کابرای کوت:

ـ چاو، چاو. ئەوە یا هەمبانەڕۆنە یا هەمبانەپەنیرە کە سێلاو دەگەڵ خۆی هێناویە. بڕۆ بیگرەوە و بیفرۆشە، بە پووڵەکەی جلوبەرگ بۆ خۆت بکڕە و دەبەری بکە.

یەکی دی کوتی:

ـ کوڕە خۆ ئەوە کەوڵە، بڕۆ بۆخۆت بیگرەوە خودا گەیاندی.

پیاوەکە وە تەماح کەوت. خۆی ڕووت کردەوە و وەنێو ئاوێ کەوت. بە چەرمەسەرییەکی زۆرەوە خۆی گەیاندە کەوڵەکە هەتا لە ئاوێی بێنێتە دەرەوە، بەڵام ئەوەی سێلاو هێنابووی نە کەوڵ بوو و نە هەمبانە،

بەڵکوو ورچێک بوو دەگەڵ سێلاو هاتبوو و لە نێو ئـاودا دەسـت و پێـی لێدەدا هەتا نەخنکێ. کابرا ویستی کەوڵـەکە بگرێتـەوە، ورچـە خـۆی هاویشتە سەر شان و پیلی و پێوەی نووسا. کابرای چـارەڕەش هـەرچی کردی و کراندی خۆی بۆ ڕزگار نەکرا.

خەڵـک کـە دیتیـان هێنانـەوەی کەوڵـەکە زۆری خایانـد و کـابرا نەهاتەوە و سێلاویش هەروا لە گڕە و کـابرا و کەوڵـەکە دەگـەڵ خـۆی دەبا، بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد:

ـ تۆ کە ناتوانی کەوڵەکە بهێنییە دەرێ لێی گەڕێ و بۆخۆت بگـەڕێوە دەنا سێلاو دەتبا و دەخنکێی.

کابرای ماڵوێرانیش هەر هاواری دەکرد:

ـ کوڕە بابە ئەمن لە کۆڵ کەوڵەکە بوومەتەوە، کەوڵەکە لە کـۆل مـن نابێتەوە.

ئەم مەسەلەیە ئەو کاتی دەگوترێ کە کەسێک بیهـەوێ کـارێکی بـاش بکا، بەڵام سەرومالی لە پێناوی ئەو کارەدا بچێ.

***

پەند

*سەلاح پایانیانی ـ مەهاباد*

# «ئەو جێیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە»

دایک و کوڕێک بوون کە ژیانێکی ساکار و فەقیرانەیان هەبوو. ڕۆژێک کوڕە بە دایکی کوت:

ـ ئەمن ئیتر لێرە نابم، دەڕۆم، دەچمە شوێنێکی دیکە بەڵکوو خودا دەرکەیەکمان بە ڕوودا بکاتەوە، لەو شێوە ژیانە وەڕەز بووم.

دایکی قبووڵی کرد و کوتی:

ـ بڕۆ بە هیوای خودای، خودا پشت و پەنات بێ. سەت تمەنیشی پێدا و کوڕە خوداحافیزی کرد و ڕۆیی.

کوڕە هەر ڕۆیی، ڕۆیی هەتا تووشی دەروێشێک هات کە هاواری دەکرد و دەیکوت:

ـ «ئەم قسەیە بە سەت تمەن دەفرۆشم.»

خەڵکێکی زۆر لە دەوری دەروێش کۆ ببوونەوە و کەس پووڵی بە قسەکەی نەدەدا.

کوڕە کوتی:

ـــ خـۆ ئێمـە هێچمـان نییە، ئـەم سـەت تمەنەشـم نەویسـت. بـە دەروێشی کوت:

ـ قسەکەت چییە ئەمن دەیکرم.

دەروێش دە پێشدا سەت تمەنەکەی وەرگرت و دوایە چۆ بن گوێی کورە کوتی:

ـ هەر کەس لێی پرسی کوێ خۆشـە؟ بڵـێ ئـەو جێیـە خۆشـە کـە دڵ لێی خۆشە.

کورە ئەم پەندەی بیست و درێژەی بە ڕێگەی خۆی دا. هێندە ڕۆیی هەتا گەیشـتە چۆڵـەوارێک، دیـتی خەڵـکێکی زۆر بـە مـەڕ و ماڵاتیانـەوە کۆبوونەتەوە. پرسی:

ـ بۆ لێرە کۆوە بوونەتەوە؟

یەکێک کوتی:

ـ ماڵاتەکانمان تینوون. هەرچەند دۆڵچە* ڕایـەڵ دەکەینـە نێـو ئـەو بیرە، گوریسەکە دەپچڕێ و دۆڵچەکە دەوێدا دەمێنێتەوە. یەکێکیشـمان شۆڕ کردووەتە خوارەوە، هەر چەند بانگی دەکەین وڵام ناداتەوە.

کورە کوتی:

ـ ئەمن دەچمە ژووری بزانم چ باسە؟

گوریسیان لە قەدی بەست و شۆڕیان کردە خوارێ. کاتێک گەیشتە بنی بیرەکە دیتی دێوێکی تێدایە.

دێو کوتی:

ـ ئەی ئادەمیزاد. ئەتۆ کێی و لێرە چ دەکەی؟ ئەسپ دێتە ئێرە نالی فڕی دەدا، باڵدار دێ باڵی دەوەرێ.

کوڕە کوتی:

ـ خەڵکێکی زۆر لە سەر عەرزی بۆخۆیان و مەڕ و ماڵاتیانەوە تینوونیانە و ئاویان دەوێ.

دێو کوتی:

ـ ئەمن پرسیارێکت لێدەکەم، دەبێ وڵامم بدەیەوە. ئەگەر وڵامت داوە ئەوە باشە، ئەگەر وڵامیشت نەداوە، وەک هۆ ئادەمیزادەی کە لە هۆوەی کەلاکی کەوتووە، دەتکوژم. لەو ئادەمیزادەم پرسی کوێ خۆشە، کوتی: سەر ڕووی عەرزی، بەڵام ئەوە وڵامی پرسیاری من نەبوو. ئێستا ئەتۆ بڵێ: کوێ خۆشە؟

کوڕە وەبیر ئەو قسەیە کەوتەوە کە لە دەروێشەکەی کڕیبوو، ڕووناکایی کەوتە دڵی و کوتی:

«ئەو جێیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە»

دێو ئەم قسەیەی زۆر بە دڵ بوو، کوتی:

ـ ئەمنیش دڵم لێرە خۆشە. ها ئەم سێ هەنارە بگرە و بڕۆ، بەڵام لە بابەت ئەم هەنارانەوە لە لای کەس قسان مەکە.

کوڕە هەنارەکانی دە بن کەواکەیدا شاردنەوە و لە بیرێ هاتە دەر. جگە لە هەنارەکان هەموو شتێکی بۆ خەڵکەکە گێڕاوە و خاوەن مەڕ و

ماڵاتەکانیش ئاویان لە بیرەکە هەڵکێشا و گایەک و مەڕێکیان دا بە کوڕەکە. ئەویش بە شایی و خۆشییەوە گەڕاوە لای دایکی.

شەو کە بۆوە دیتی هەنارەکان هۆدەکەیان ڕووناک کردووە. زانیان دەنکە هەنارەکان گەوهەری شەوچران، هەنارەکانیان شاردنەوە و هەر جارەی یەکێک لە دەنکە هەنارەکانیان دەبرد دەیانفرۆشت، بەم چەشنە ژیانێکی خۆش و تێروتەسەلیان بردە سەر.

***

مەسەل

*سەعید عەبدی ـ پیرانشار*

## «ئەوەی بۆ پوورت هێناوە، بیبە بۆ خاڵت»

ڕۆژێک منداڵێک دەچێ لە ماڵە پووری میوان دەبێ. پووریش چێشتێکی خۆشی لە پێش دادەنێ. منداڵەکە لەگەڵ خواردنی چێشتەکە ئاگای لە خۆ دەبڕێ و لە ناکاو بایەکی لێ دەبێتەوە و لە شەرمان خۆی ون دەکا و بە پەلە دەڵی:

ـ پووری گیان! خۆ نەدەهاتمە ئێرە، بە تەما بووم بچمە ماڵە خاڵم، دوایی پەشیمان بوومەوە و یەکسەر هاتمە ماڵی ئێوە.

پووری دەڵێ:

ـ قەیدی ناکا ڕۆڵە گیان، ئەوەی بۆ پوورت هێناوە بیبە بۆ خاڵت.

ئەم مەسەلە ئەو کاتەی دەگووترێ کە کەسێک بە هۆی چوونە ماڵێک یا سەردانێک منەت بنێتە سەر خاوەن ماڵ.

***

مەسەل

*سەعید عەبدی ـ پیرانشار*

# «باسی کەر و تێڕەکەیە»

سالانی زۆر زوو ژن و مێردێک دەگەڵ تاقانە کوڕەکەیان دەژیان. بنەماڵەیەکی دەستکورت و نەداربوون. لە دارەتی دە دنیایە تەنیا کەرێکیان بوو و بەس. کوڕەکەیان وەختی ژن هێنانی هاتبوو، بەلام بە هۆی نەداری و بێ پوولی بۆیان نەدەلوا ژنی بۆ بخوازن.

ژن و مێرد ڕۆژێکی بە تەنیا لە ماڵ دەبن و باسی ژن هێنان بۆ کوڕەکەیان دەکەن. مێردەکە دەڵێ:

ـــ عافرەت! ئەو کوڕە وەختی ژن هێنانی هاتووە، وا باشە دەستوبردێکی بۆ بکەین.

ـ ڕاستە، بەلام ئاخر نابێ پوولێکمان بێتە دەست، جا ئەو جار خۆی‌لێ هەڵکەین؟ ئەتۆ ئەو پوولەت نییە و ئەمنیش چ زێڕ و زێوێکم نییە هەتا بۆی بفرۆشم. خۆ بە دەستی بەتاڵیش ژن نایەتە بەر ماڵێ.

ـ ئەرێ بۆ کەرەکە نەفرۆشین بۆی بە ژن بدەین؟

ـ باشه ئەوە دامنا کـەرت فرۆشـت و بووکـت هێنـا بەرماڵـێ، دوایە چ دەکەی؟ هەموو کاروبارێکت بە هۆی ئەم کەرەوە هەڵدەسووڕێ.

ـ خودا کەریمە! هەرچی لە سەر سەبرانە، لە سەر خێرانە. ئاگایان لـێ نەبوو کوڕەکە لە پشت دەرکەوە خۆی لێ گرتبوون و قسـەکانی دایـک و باوکی دەبیستن کە باسی ژن هێنان دەکەن. هەر بۆیە هەر کات دەیەویست مەسەلەی ژن هێنان وەبیر ئەوان بهێنێتەوە دەیکوت:

ـ دایە ئەری باوکم ئێستا باسی کەر و تێڕەکە ناکا؟

ئەم مەسەلە کاتێک دەکوترێ کە بیانهـەوێ قـەرز یـا شـتێک وەبـیر کەسێک بێننەوە.

***

مەسەل

## «بانێکە و دوو هەوا»

خوشک و برایـەک ڕۆژی جـەژن بـە خـاو و خێزانـەوە دەچنـە ماڵـە باوکیان. وەرزی هاوین دەبێ و شەو لە کـاتی خـەودا جێگـەیان بـۆ لـە سەربان ڕادەخەن. دایکی بنەماڵە بۆ ئەوە بزانێ کەموکووڕیان هەیـە یـا نا، سـەرێکیان لـێدەدا. دەبینـێ بـووک و کوڕەکـەی زۆر لێـک نزیـک خەوتوون. دەڵێ:

ـ ماڵتان نەرمێ بەو گەرمایە بۆ هێندە لە یـەک نزیـک کەوتوونـەوە، گەرمە خەفە دەبن بکشێنەوە، بکشێنەوە، با نەختێک فێنکتان بێتەوە.

دواییش بە سرتە بە کچ و زاواکەی دەڵێ:

ـ ئەوە بۆ هێندە دوور لە یەک خـەوتوون؟ نـازانن سـاردە سـەرماتان دەبێ؟

بڕیک لەیەک نزیک ببنەوە!

بووکەکەی ئەم قسانە دەبیسێ، دەڵێ:

ـ قوربانت بم خودایـە، بانێکـە و دوو هەوایـە، "ئـەم سـەرەی بـانی گەرمایە، ئەو سەری بانی سەرمایە!"

پەند

*مەلا ڕەحمان کەرامەتی ـ گوندی گەڵوانی نەغەدە*

# «بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش دەکا»

دەڵێن لە دەورانی زۆر کۆندا، مەڕێک و بزنێک دوو بە دوو لە دوای لەوەڕ بوون. زۆر گەڕان، کەم گەڕان، تا ئەوەی ڕوویان کردە میرغوزارێک. جار جار کە بزن بیری لە سەرمای زستانێ دەکردەوە، دەیکوت:

ـ ئەرێ مەڕۆکە ئەتۆ هیچ بیرت لە سەرمای زستانێ کردووەتەوە؟

مەڕۆکە دەیکوت:

ـ جا من چ گوێم لە سەرمایەیە، خوریم هەیە و سەرمام نابێ.

بزنۆکە کوتی:

ـ وەڵڵا، برالە ئەمن بەرگەی سەرمایە ناگرم، دەبێ سەرپەنایەک بۆ خۆم ساز کەم.

چوو بە شاخەکانی بوو یا بە سمی، لە کەندالێکیدا کونێکی بۆخۆی ساز کرد، باران کە دەباری، دەچوو خۆی تێدا مات دەکرد. تا وای لێهات کرێوە و سەرما دەستی پێکرد و مەڕۆکە سەرما هێرشی بۆ هێنا و چووە بەر کولانەی بزنۆکە و کوتی:

ـ بزنۆکە زۆرم سەرمایە، جێم بکە.

بزنۆکە کوتی:

ـ ئاخر ئەتۆ نەتکوت، ئەمن خوریم پێوەیە و سەرمام نابێ؟

مەڕۆکە سەری بە لاملی‌یەوە نا و کوتی:

ـ جا بڵێم چی.

بزنۆکە کوتی:

ـ جێم نییە.

مەڕۆکە کوتی:

ـ هەر جێی سەرم کە.

بزنۆکە کوتی:

ـ جێم نییە.

مەڕۆکە کوتی:

ـ هەر جێی قاچانم کە.

بزنۆکە کوتی:

ـ جێم نییە.

بۆ بەیانی کە بزنۆکە لە کولانە هاتە دەر و سەیری کرد، ئەوە مەڕۆکە کەلاکی لەوێ کەوتووە و لە بەر سەرمایە ڕەق هەڵاتووە. بزنۆکە هات مەڕۆکەی کەوڵ کرد و پێستەکەی بۆخۆی کردە خێوەت و لاقەکانیشی کردە ئەستوندەک و بە خاترجەمی لە ژێر خێوەتەکە ڕۆنیشت و پاڵی لێ‌داوە.

(ئەو بە خێر و منیش بە سڵامەت هاتمەوە).

***

مەسەل

*نادر نیرومەند ـ بۆکان*

## «بۆتە جووەکەی زرێبار»

دەگێڕنەوە جارێک جوولەکەیەک لە زرێبار دەپەڕێتەوە. هەر وا مەودایەکی کەمی دەمێنێ بگاتە ئەو بەری ئاوەکە. ئاورێک لە پشت سەری‌خۆی دەداتەوە و بە دیتنی ئەو هەموو مەودایەی کە بڕیوێتی سامی لێدەنیشێ و ئەژنۆی دەنوشتێنەوە و لە مەلە دەکەوێ و دەخنکێ. جا ئەوەیە ئەگەر کەسێک لە نیوەی کاردا وره بەر بدا و کارەکەی تەواو نەکا دەڵێن:«بووەتە جووەکەی زرێبار» .

***

مەسەل

*ئەمجەد مەحموودی ـ کوردستانی عێراق*

# «بووە بە گیسکەکەی هەیاس»

سوڵتان مەحموودی غەزنەوی و هەیاسی وەزیـری، نێـوان‌ناخۆشـیان دەبێ. هەیاس لــە داخــان دەتــۆرێ و ڕوو لــە ئاشـێک دەکـا و دەبێتــە شاگردی ئاشەوان.

ماوەیەک پێدەچێ، سوڵتان دەبینێ بــەبێ هــەیاس هــیچ کــارێکی بــۆ بەڕێوە ناچی، پەنا دەباتە بەر فێڵێک. بانگەواز دەکـا و خەڵـکی شـاری غەزنە و دەوروبەری کۆ دەکاتەوە و هەر یەکەی گیسکێکیان بۆ دەکێشێ و دەیانداتێ و پێیان دەڵێ:

ـ ئەم گیسکانە دەبێ هەتا سێ مانگ بەخێو بکەن، سێ مانگ کە تــەواو بوو بیانهێننەوە. گیسکی هیچ کامتان نابێ گڕەمێک کەم و زیاد بکـا. ئــی هەر کام زیاد و کەم بێ لە داری دەدەم.

خەڵــکەکە بــە پەرۆشــەوە گیســکەکان وەردەگــرن و دەگەڕێنــەوە، ئاشەوانیش گیسکەکەی خۆی وەردەگرێ و بەرەو ئاش دەبێتەوە.

هەیاس کە ئاشەوان بە عاجزی دەبینێ هویەکەی لێ دەپرسێ. ئاشەوان مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. هەیاس پێی‌دەڵێ:

ـ عاجز مەبە، ئەگەر دەتوانی بچۆ فەڕخەگورگێکم بۆ پەیدا بکە.

ئاشەوان دەڕوا و بە هەر چەرمەسەرییەک بێ فەرخەگورگێک دەدۆزێتەوە و بۆ هەیاسی دێنێ و دەڵێ:

ـ ها. . . جا بزانم چ دەکەی؟

هەیاس هەموو ڕۆژێ سەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ خزمەتی گیسکەکە دەکا و زۆر بە باشی دەیلەوەڕێنێ. ئێوارێ فەڕخەگورگەکە پێشانی گیسک دەدا. گیسک ئەوەی خواردوویە دایدەنێ و وەک خۆی لێدێتەوە. ئەم کارە هەتا سێ مانگ درێژە پێدەدا. سێ مانگە کە تەواو دەبێ هەر کەسە گیسکی خۆی دەباتەوە. گیسکی هەموویان زیادی کردبوو، هەر گیسکی ئاشەوان وەکوو خۆی مابوو.

سوڵتان لە ئاشەوان دەپرسی:

ـ بڵێ بزانم بۆ ئی تۆ کەم و زیادی نەکردووە؟

ئاشەوان دەڵێ:

ـ قوربان شاگردێکم هەیە، ئەو گیسکەکەی بۆ بەخێو کردووم.

سوڵتان دەڵێ:

ـ شاگردەکەت لە کوێیە؟

ـ لە ئاشییە، هەتیوێکی کەچەڵی نابووتەیە.

سوڵتان دەزانێ شاگرد ئاشەوانەکە هەیاسە. دەگەڵ چەند وەزیر دەچنە ئاشی و هەیاسی ئاشت دەکەنەوە.

***

مەسەل

*فەقیهی کەشاوەرز*

## «بە گوێرەکەیی کلکتم شکاندووە»

دوو کەس بە یەکەوە دۆست دەبن. ڕۆژێک یەکێک لەو دوو کەسە میوانی ئەوی تر دەبێ، دەبینێ ژنی دۆستەکەی زۆر ڕووخۆش و گوێڕایەڵی شووەکەیەتی و بە دڵی ئەو هەڵدەستێ و دادەنیشێ. لە دۆستەکەی دەپرسێ:

ـ ئەرێ ئەو ژنەی تۆ چۆن دەگەڵ ئێوە ئاوا ڕووخۆشە و هەموو کارێکی بە پرس و ڕای تۆیە؟ خۆ ژنەکەی من هەر وەک سەگ دە قاچانم ڕۆدێ.

خاوەن ماڵ دەڵێ:

ـ کاکە گیان ئەتۆ بۆخۆت ئاوات بار هێناوە و سواری سەری خۆتت کردووە. هەر لە هەوەڵەوە شلت کێشاوە. کوردکوتەنی: «ژن ئەگەر سوار بوو نایەتە خوار». ئەمن کاتێک ئەو ژنەم هێنا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە خۆم قەڵس و تووڕە نیشان دا، لە کەر و گام دەدا. ڕووی خۆشم نەدەدایە، هەتا دەگەڵم ڕاهات و ئێستاش ئەوە دەبینی دەگەڵم زۆر باشە.

کابرای میوانیش کە ڕۆیشتەوەماڵە خۆیان، بەر لە هەر شتێک خـۆی لە ژنە توڕە کرد، دارێکـی هەڵـگرت وەرگـەڕا سـەر و گـوێلاکی کـەر و گایەکان و دەیگوڕاند.

ژنەکە هەر کـە ئـەو ئاکارانـەی لـە شـووەکەی دی کـە وەک شـێتان دەگوڕێنێ و وەردەگەڕێتە ماڵات دەڵێ:

ـ چی دیکە خۆت ماندوو مەکە فایـدەی نـادا، چـون ئـەمن «هـەر بـە گوێرەکەیی کلکتم شکاندووە.»

***

پەند

*دیاری سەلاح پایانیانی ـ مەهاباد*

## «خودا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە»

ڕۆژێک سوڵتان مەحموود بەنێو شاردا دەگەڕێ، بە بەر دەرکەی حەمامدا تێدەپەڕێ و ژنێکی زۆر جوان دەبینێ کە لە حەمام دێتە دەر. کوتی: ئەو ژنە دەبێ هی کێ بێ؟ ئەوینداری ژنە دەبێ و وەدوای ژنە دەکەوێ هەتا دەچێتە ژوورەوەی ماڵێک. ماڵەکەی نیشانە کرد و زوو گەڕاوە کۆشک و دەستووری دا پیرێژنێکی فێڵبازیان هێنا کۆشک، بە ژنەی کوت:

ـ دەبێ جلوبەرگێکی کۆن و دڕاو دەبەر بکەی و وەک سواڵکەران بچییە فلانە ماڵەی و بزانی مێردی ئەو ژنە جوانە کێیە و چ کارەیە؟

پیرێژن جلوبەرگی سواڵکەرانەی پۆشی و بە پرسەپرس خۆی گەیاندە ماڵە ژنە جوانەکە و چوو لە دەرکەی دا. ژنی خاوەن ماڵ هات و دەرکەی کردەوە، چاوی بە پیرێژن کەوت، پیرێژن پێی کوت:

ـ زۆر ماندووم، ئیزنم بدە برێک لێرە بحەسێمەوە.

پیرێژن وردەوردە بەربووە قسان و بۆی دەرکەوت مێردی ژنە دارتاشە. دوای ئەوە کە هەموو شتێکی لێ روون بۆوە، خوداحافیزی کرد و گەڕاوە

کۆشکی سوڵتان و ئەوەی زانیبووی بـۆ سوڵـتانی گێـڕاوە و خــەڵاتێکی باشیشی وەرگرت.

دوای ئەو ڕۆژە، سوڵتان ناردی دارتاشیان بردە کۆشک. دارتــاش هــەر کە لە کۆشک وەژوور کەوت، کڕنۆشی برد و کوتی:

ـ سوڵتان چ کارێکی بەم دارتاشە فەقیر و هەژارە هەیە؟

سوڵتان کوتی:

ـ ئەتۆ دەبێ لە نێــوان ئــەم ســێ کــارەی کــە پێــت دەڵــێم، یــەکیان هەڵبژێری: یا سەرت لێدەم. یا ژنەکەت تەڵاق بدەی. یا بە ســەت دەنکــە جۆ، دارێکی یەک میتری دروست بکەی!

دارتاش بڕێک بیری کردەوە و کوتی:

ـ بە سەت دەنکە جۆ داری دروست دەکەم.

سوڵتان کوتی:

ـ سێ ڕۆژت مۆڵــەتە. ئەگــەر نــەتتوانی ســەرت ئــی دارە وماڵیشــت ئی شای!

دارتاش بە ناڕەحەتی چۆوە دوکان و خەریکی کار بۆوە. ئێــوارێش کــە ویستی بچێتــەوە مــاڵ، هــەموو کەرەســەکانی دارتاشــینی هەڵــگرتن و دوکانی داخست و بە خۆی کوت: ئەم دەرکە ئیدی هیچ کــات ناکرێتــەوە! کاتێک چۆوە ماڵ، ژنەکەی لێی پرسی:

ـ پیاوەکە ئەوە بۆ وا پەشێوی؟

دارتاش هەموو شتێکی بۆ گێڕاوە. ژنە زانی چ باسە، بە مێردەکەی کوت:

ـ پیاوەکە کامیانت هەڵبژارد؟

ـ لە سەت دەنکە جۆ دار دروست بکەم.

ـ بۆت دەکریٚ؟

ـ چۆن شتی وا دەبیٚ. دەنکە جۆیەک چۆناوچۆن بە دەستەوە دەگری و دایدەتاشی؟ سەرەڕای ئەوەش بێنی جا داریکی درێژی پیٚ ساز بکەی. دوو سبەی دوایین ڕۆژی ژیانمە.

ژنە دڵی مێردەکەی داوە و کوتی:

ـ پیاوەکە! بچۆ بنوو خۆت نارەحەت مەکە، خودا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە، جا هەستە نوێژت بکە و ئاسوودە لێی بنوو.

دارتاش نوێژی کرد و لێی نوست، هەتا بزانیٚ خودا چ دەکا. ڕۆژی دوایی خەریک بوو تا بەڵکوو بتوانیٚ هەر نەبیٚ دارێک لە جۆ دروست بکا، بەڵام هەرچی کردی و کراندی لە دەستی نەهات. دیسان بە ژنەکەی کوت:

ـ ژنەکە سبەی دوایینڕۆژمە.

ـ بڕۆ وەشوێن کارت بکەوە، خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

ئەو ڕۆژیش بە سەت ترس و دڵەخۆرپە تەواو بوو. ڕۆژی سێیەم گەیشتیٚ. دارتاش چاوەڕوان بوو هەتا پیاوی سوڵتان بێن و بیبەن. ژنەش لێگدالێگدا مێردەکەی دڵداری دەداوە، دەیکوت:

ـ مەترسە خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

لەو دەمیدا دەنگی دەرکە هات. ژنە چوو دیتی یەکێک بە شوێن دارتاشدا هاتووە. دەڵێ:

دارتاش لە کوێیە بێ تابووتێک بۆ سوڵتان دروست بکا، چون سوڵتان دوێشەو مردووە.

ژنە بە خۆشحاڵییەوە خۆی بە ژووریدا کرد، دیتی مێردەکەی خەریکە خوداحافیزی لە منداڵەکانی دەکا و لە بەر خودا دەپاڕێتەوە!

ژنە کوتی:

ـ پیاوەکە، ئەدی پێم نەکوتی خودا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە؟ هەستە بچوو تابووتێ بۆ سوڵتان دروست بکە.

دارتاش کە ئەم هەواڵەی بیست کڕنۆشێکی بۆ خودا برد و کەرەسە و ئامرازی پێویست بۆ سازکردنی تابووتی هەڵگرتن و بەرەو کۆشکی سوڵتان وەڕێکەوت.

***

**مەسەل**

***ئیسماعیل قادری***

# «ڕیسەکەم لێ بۆوە بە خوری»

ڕۆژێ لە ڕۆژان، کابرایەک بە ژنەکەی کوت:

ـ ئەرێ ئافرەت بە تەمای هەتا کەی مافوور نەچنی؟ دەر و جیران هەموو هی خۆیان چنیوە، هیچ ماڵێک مافووری بە دارەوە نەماوە!

ژنە لە بەر تەمبەڵی و تەوەزەلی خۆیەوە هێشتا خورییەکەی شی نەکردبۆوە، نەیڕێستبوو، لە بیانوو دەگەڕا، کوتی:

ـ ئەی مێردەکەی گشت شەرعییە، بە مەرگی تۆ «کەرکیت»* نییە!

کابرا کوتی:

ـ ئەگەر بیانووت هەر ئەوە بێ هیچ نییە، هەر ئێستا دەچم بۆت دەکڕم.

کابرا خۆی حازر کرد و بە بیانووی کڕینی کەرکیت بەرەو شار وەڕێکەوت. کەرکیتی کڕی و گەڕاوە. چەند ڕۆژێک ڕابورد، بەڵام ژنە هێشتا هیچ کارێکی نەکردبوو و دەستی لە تەونەکە نەدابوو! کابرا کوتی:

ـ ئافرەت هەتا ئێستا بیانووت ئەوە بوو کەرکیت نییە و مافوورەکەت بۆ ناچندرێ، ئەوە کەرکیتم بۆ هێنای ئەدی بۆ دەست پێناکەی؟!

ژنە کوتی:

ـ پیاوەکە بەو خولایەی «دارهەنە»شمان* نییە، تەگبیر چییە؟ لە کوێی بێنین؟

کابرا خێرا تەورێکی هەڵگرت و چووە داربڕین بۆ دروست کردنی دارهەنی. ژنە بیرێکی کردەوە و بە خۆی کوت: بە خودا فێڵێکی لەو کابرایە نەکەم، ئابڕووم دەچێ. مێردەکەی کە لە ماڵ وەدەر دەکەوێ، وردەوردە بە دوایدا دەڕوا و لە بن کۆگاگیایەک خۆی مات دەدا و بە دەنگێکی بەرز سێ جار هاوار دەکا:

ـ هۆ داربڕەی داران دەبڕی، ژنەکەت بمرێ یا ڕیسەکەت ببێتەوە خوری؟ کابرا لای وابوو ئەم دەنگە لە غەیبەوە دەبیسێ، زۆر ترسا، کوتی:

ـ نا... نا، بە قوربانت بم، با ڕیسەکەم ببێتەوە خوری.

کابرا چۆوە مال، ژنە بە پیرییەوە چوو و کوتی:

ـ پیاوەکە ئەوە بۆ دارهەنەت نەهێناوە؟

کابرا چۆنییەتی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە. ژنەی مەکرباز بۆ لای خورییەکەی هەڵات و کوتی:

ـ هەی ماڵت نەشێوێ، خۆ هەموو «ڕیسەکەت لێ کردمەوە خوری!»

***

**مەسەل**

*مەلا رەحمان کەرامەتی ـ گوندی گەڵوانی نەغەدە*

## «ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ، دەیکوت ترشە»

ڕۆژێک ڕێوی بە پەنا دارێکیدا ڕۆیی کە باوەشی تێوەرنەدەسوورا، سەری هەڵێنا کە چاوی لە دارەکە کرد، دوو لق دارەمێوی وەها لە قەدی دارەکە هاڵاوە مەگەر خودا بزانێ و هێشووی زەرد و ڕەشی ترێی پێوە هاتوون. هەر چەند دەخۆی نووسا، نەیتوانی بە دارەکە هەڵگەڕێ و خۆی بگەیەنێتە ئەو هێشۆترێیانە، بۆیە لێی ناهۆمید بوو و بۆ وەی دڵخۆشی خۆی بداتەوە، کوتی:

ـ کوڕە جا ئەوە چییە، قۆرەیەک بوو، نەبوو!؟ بۆ خۆمی پێوە ماندوو کەم؟!

ترێ وەجواب هات و کوتی:

ـ ئا، ئا، بە سەری خۆت ڕاست دەکەی، ترێ ترشە! ئەگەر دەمت پێم گەیشتبا، قەت ئاوات نەدەکوت. هەر بۆیەش دەڵێن:

«ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ، دەیکوت ترشە».

پەند

*مامبرایم ئەحمەدپوور*

*(گوندی قازانلی بۆکان)*

## «زاری خۆت توند بگرە، خەڵکی بە دز مەگرە»

شەوێک سوڵتان مەحموود، بەبێ هەیاس هەستا دەورێکی شاری لێبدا. دیتی چرایەک دایسێ: ڕووی کردە چراکە و تەقولبابی دەرگاکەی کرد. ساحێب ماڵ هات لێی هەڵگرت، کوتی:

ـ کێی؟

ـ کابرایەکی دەروێشم و ئەوشۆ هیچ کوێ نەبووە بچم، ئەگەر ئیزنم بدەی ئەوشۆ لێرە دەمێنمەوە.

ئەگەر چۆ ژووری، دیتی کابرا جۆلایە، دانیشت کوتی:

ـ کاکی جۆلا ئەتۆ ڕۆژێ چەند کار دەکەی؟

ـ ڕۆژێ دوو قڕان.

ـ ئەو دوو قڕانە، چۆناوچۆن خەرج دەکەی؟

ـ لەو دوو قڕانە، پەناباتێکیان دەکەمە خەرجی، پەناباتێکیان لە قەرز دەدەمەوە، پەناباتێکیان دەدەم بە قەرز، پەناباتێکیشم بە فیڕۆ دەڕوا.

ـ جا خۆ نازانم ئەمە چۆنە؟

ـ بۆ ماناکەی دەبیَ سەت تمەنم پیَ بدەی.

ـ ئەورِۆ سەت تمەنم پەیدا کردووە، ئەوەش سەت تمەنەکە!

ـ ئەگەر پەناباتێکی دەدەمەوە لە قەرز، ئەوە بابێکی پیرم هەیە بۆ ئەوی خەرج دەکەم، پێی قەرزدارم. پەناباتێکیش دەدەم بە قەرز، کورِێکم هەیە بۆ وی خەرج دەکەم. پەناباتێکیش خەرجی خۆمە. دەمێنیَ پەناباتێک، ئەویش کە بە فیرِۆ دەچیَ، کچێکم هەیە بۆ ئەوی خەرج دەکەم و ئەویش وەختی خۆی کابرایەک دەیبا و دەرِوا.

ـ لە لای کەسی دیکە ئەو قسەی مەڵیَ.

. . . وەختی خۆی بوو، هەستا وەدەرکەوت و رِۆیشتەوە. بۆ سبەینیَ لە مەجلیسدا ئەو مەتەڵەی دایهێنا. هیچ کەس نەیزانی، هەیاس و وەزیرەکانیش هیچیان نەیانزانی. کوتیان:

ـ قوربان مۆڵەتمان بدە.

کوتی:

ـ ئەوشۆ سوڵتان مەحموود کە چۆتە نێو شار ئەو مەتەڵەی وەگیر کەوتووە!

بۆیە هەیاس شەویَ خۆی دزیەوە وەدەر کەوت و بە سەر هەمان ماڵدا کەوت و بەو نەقڵەی سوڵتان مەحموودی زانی. سبەینیَ کە رِۆژ بۆوە، کوتی:

ـ قوربان، ئەوەش وڵامی نەقڵەکەت!

سوڵتان دەستووری دا بچن لە فلان گەڕەک فلان جـۆلا بێـنن. جۆلایـان هێنا، سوڵتان کوتی:

ـ ئەمن نەمکوت ئەو نەقڵەی لەلای کەس باس مەکە؟!

ـ قوربان تۆ بووی؟ ئەمن بە تۆم نەکوت مەگەر تۆ. . . . ؟! قوربان ئەتۆ هاتووی لە مەجلیسدا داتهێناوە و خەڵـکیش وەدوای کـەوتووە و حاڵـی بووە، ئەوە ئەتۆی قسەت تێدا ڕاناوەستێ نە من!

***

پەند

*سەید زاهید هیدایەتی ـ سنە*

## «زمان لێگەڕێ سەر سلامەتە»

دەگێڕنەوە زەمانی زوو حاکمێک هەبوو، هەر کات ئیشتیای لێ بووبا بڕیاری دەدا کە جاڕچی وەنێو شاری بکەون تا خەڵک لە مەیدانی گەورەی شار کۆ ببنەوە و بە خۆشی حاکم و بنەماڵەکەی ئاهەنگ و بەزم بگێڕن.

ڕۆژێک هەر بەو شێوە، خەڵک جاڕ درا و بە چەپڵەڕێزان و باللۆرە لێدان پاڵەوانەکانی شار، خۆ بە خۆ و جاروباریش لەگەڵ چەند پڵینگی دەستەمۆ، زۆرەبانی و ململانەیان دەست پێکرد.

زۆربەی پاڵەوانەکان بە سەر و گوێلاکی خوێناوی لە جەرگەی مەیدان دەکەوتن و تلیان دەخوارد. کەسی وا لە خۆڕادیو نەمابوو بێتە مەیدان. پیاوێکی پۆخل لە نێو خەڵک هەستایە سەر پێ، هەڵیدایە و کوتی:

ـ بە ڕەحمەت بێ بابم، لە زۆرەبانبازیدا هاوتای نەبوو. شێر، پڵینگ، بەبر و. . . خۆیان لەبەر نەدەگرت.

جاڕچی ئەگەر وای بیست کوتی:

ـ بێ شک ئەتۆش دەبێ بێچووەپاڵەوان بی! بە پیاوەکانی دارۆغەی ڕاگەیاند توند بیگرن بیهێننە مەیدان. هەر چۆنێک بوو بە مرخێشمرخێش* دەگژ پڵینگەکانیان ڕۆکرد. لە ماوەیەکی کورتدا بە چۆکدا هات و بە دەردی خۆی گیرۆ بوو. زمانی خۆی لێی بوو بە مار. بۆیە دەڵێن:

«زمان لێگەڕێ، سەر سلامەتە».

***

پەند

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

# «ژنیش بە پیاو دەگۆڕێ»

پاتشایەک دەگەڵ وەزیرەکەی بە نهێنی بەنێو وڵاتدا دەگەڕێن، تەماشا دەکەن ئەوە جوتیارێک لە بەرپاڵی چیایەکدا خەریکی جووت کردنە و هەر کات گەیشتە سەر هۆگان و گایەکانی هەسدانەوە*، دەست دەکا بە هەڵپەڕین، دەگاتە سەری هەر هۆگانێک، بڕێک سەما دەکا، جا دوایە گایەکان لێدەخوڕێ.

پاتشا زۆری پێ سەیر دەبێ، ڕوو دە وەزیری دەکا دەڵێ: ئەوە یانی چی؟ ئەو جوتیارە بۆ وا دەکا؟ بە خودا یا شێتە یا هەر نازانی ماندووبوون چییە!

وەزیر کە زۆر ژیر و تێگەیشتوو دەبێ، دەڵێ:

ـ قوربان ئەوە دڵی لە ماڵێ خۆشە. پاتشا دەڵێ،

ـ برۆ بچین بە تاقی بکەینەوە. دەچنـە لای جوتیـار و بـانگی دەکـەن. جوتیار بەرەو ڕوویان دەچێ، سلاویان لێدەکا. پاتشا و وەزیر لە ئەسپ دادەبەزن و دەگەڵ جوتیار دەکەونە قسان.

پاتشا بە جوتیار دەڵێ:

ـ بلێ بزانم جووت کردنەکەت لە چییە و هەڵپەڕینەکەت لە چییە؟

کابرای جوتیار سام دەیگرێ و بە پڵتەپڵت دەڵێ:

ـ ئەمن ژنێکم هەیە زۆرم بۆ باشە، هەر کە دەچمەوە ماڵ، بـەرەوپیرم دێ، نیر و ئاموور لە گایـەکان دەکاتـەوە، ئـاو دێنـێ دەسـت و چـاوی پێبشۆم، دەوروبەرم ئاوڕشێن دەکـا، هێنـدەم بـە دەوریدا دێ و دەچـێ نازانم چۆنی بگێڕمەوە.

پاتشا خۆی پێ ناساند. جوتیار هێندەی دی سام گرتی، ئەو جار هـەر قسەی بۆ نەدەکرا.

پاتشا گوتی:

ـ ئەمن سێ ژنم هەیە، هەر سێکیانت دەدەمێ، ژنەکەی خـۆت بـدە بـە من!

کابرای جوتیار گوتی:

ـ بەڵێ بە سەر چاو، هەرچی پاتشا دەستوور بفەرمووێ.

پانشا و وەزیر خوداحافیزییان کرد و ڕۆیشتن. جوتیار زۆر بە تاسەوە بەرەو ماڵ بۆوە. ژنە وەک هەموو ڕۆژان بەرەوپیری هات، بەڵام جوتیـار

زۆر پەشێو و ناڕەحەت بوو، وەکوو ڕۆژان کەیفخۆش نەدەهاتە بەر چاو. هەر چەند ژنە لێی دەپرسی، چی پێ نەدەگوت. دەستی لە جووتکردن هەڵگرت.

دوای چەند ڕۆژ لە بەرەبەیانییەکدا وەزیر و چەند پیاوی پاتشا دەگەڵ سێ ژنەکانی پاتشا چوونە بەر دەرگای جوتیار. ژنەکانی پاتشایان بەجێ هێشت و ژنی جوتیاریان دەگەڵ خۆیان برد. کابرای جوتیار چی پێ نەما و ناعیلاج دەستی بە کار کردەوە. دوای چەند ڕۆژ ژیان دەگەڵ ژنانی پاتشا، هەر سێکی بانگ کردن، کوتی:

ـ هەواڵیان پێداوم خزمێکمان ئەمری خودای کردووە، دەبێ بچینە سەرەخۆشی.

ژنەکان کوتیان:

ـ زۆر باشە دەچین، خۆ ڕێگاکە زۆر دوور نییە؟

جوتیار کوتی:

ـ نا هێندە دوور نییە. لەو بەری چۆمە.

جوتیار و سێ ژنەکەی خۆیان ساز دا و بەڕێبوون. گەینە دەم چۆم. چۆم هەر هاژەی دەهات. ژنەکان کوتیان:

ـ ئێمە ناوێرین خۆ لەو ئاوە زۆرە بدەین!

جوتیار کوتی:

ـ بۆخۆم لە کۆڵتان دەکەم.

جوتیار خۆی هەڵکرد و دەپێشدا ژنە گەورەکەی لە کۆڵ کرد و لە چۆمی دا، هەر کە گەیشتە خوڕێنیٚ* ڕاوەستا و بە ژنەکەی کوت:

ـ پاتشا بۆچی دەستی لە تۆ هەڵگرت؟ ڕاستی دەڵێی بلێ دەنا دە نێو ئەو چۆمەت داوێم.

ژنە دەستی بە پاڕانەوە کرد و گوتی:

ـ تۆبە هەزار تۆبە!

جوتیار کوتی:

ـ هیچ عیلاجت نییە، هەتا ڕاستیم پیٚنەڵێی لێرە نابزووم.

ژنە کوتی:

ـ پاتشا بۆیە دەستی لە من هەڵگرت هەتا شتی هێناباوە ماڵ، دانەیەک یا بڕێکم لیٚ دەدزی. ئەگەر دوو هێلکەی هێناباوە، دانەیەکیانم دەشاردەوە.

جوتیار کوتی:

ـ ئەوەم پیٚ چا دەبیٚ.

ژنی گەورەی پەڕاندەوە. بۆ نێونجی گەڕایەوە. ئەویشی لە کۆڵ کرد و وەنێو چۆمی کەوت و لە جیٚ خوڕێنەکە ڕاوەستا و کوتی:

ـ بلێ بزانم، پاتشا بۆچی دەستی لە تۆ هەڵگرت؟ ڕاستیم پیٚ دەڵێی باشە دەنا دەنێو ئەو ئاوەت داوێم.

ژنە کوتی:

ـ ڕاستییەکەی ئەوەیە لە سەر پاتشاڕا حەزم لە مەیتەری دەکرد!

جوتیار کوتی:

ـ ئەوەشم پێ چا دەبێ.

ئەویشی پەڕاندەوە. بۆ ژنە چکۆلەکەی گەڕاوە، لە کۆڵی کرد و چوو لە خوڕێنەکە وێستا و کوتی:

ـ پاتشا بۆچی لەسەر ئەو هەموو جوانییەتڕا دەستی لێ هەڵگرتی؟ ئەگەر ڕاستیم پێ نەڵێی دەو ئاوەت داوێم.

ژنە کوتی:

ـ تەنیا عەیبی من ئەوە بوو، پاتشا کوتبای سیر ئەمن دەمکوت پیواز.

جوتیار کوتی:

ـ زمانی درێژ بە من کورت نابێتەوە.

دە خۆرێنێی هاویشت و ئاو بردی، چۆوە لای دوو ژنەکانی تر و هێنانییەوە ئەو بەرەی و بە یەکەوە چوونەوە ماڵ، ژنەکان زۆر ترسابوون نەیاندەوێرا چاو دە چاوی مێردەکەیان ببڕن.

جوتیار چووە هۆدەی ژنە گەورەکە و بە پاچی وەرگەڕا دیوار هەتا کونی بکا، ژنە بە سەردا هات و کوتی:

ـ ئەوە چ دەکەی؟

ئەوە کونێک بەو دیوارەدا دەکەمەوە کە هەرکات شتێکت دزی بەو کونەدا وەدەریخەی.

ژنە کوتی:

ـ تۆبە و هەزار جار تۆبە کە تازە کاری وا ناکەم.

جوتیار دەستی لێ هەڵگرت و چووە دیوی ژنەکەی تر و هەر بەو شێوە وەرگەڕا دیواری. ژنە بە سەردا هاتەوە و کوتی:

ـ ئەوە چ دەکەی؟

ـ دەمەوێ دەرکێک بەو دیوارەدا بکەمەوە کە هەر کات ئەمن هاتمەوە و حەریفەکەت لە لا بوو، بەو دەرکەیەدا ڕایپەڕێنی، هەتا ئەمن نەیبینم.

ژنە کوتی:

ـ تۆبە تازە کاری وا ناکەم.

جوتیار ئەو جار لە ژنەکانی دڵنیا بوو و زۆر بە خۆشی ڕایاندەبوارد.

دوای ساڵێک پاتشا کەوتەوە بیری گەڕان، دەگەڵ وەزیرەکەی وەدەرکەوتن. پاتشا جووتیارەکەی هاتەوە بیر و بە وەزیری کوت با بچینە لای جوتیار، بزانین ئێستا چۆن دەژی؟

پاتشا و وەزیر ڕۆیشتن و کاتێک لە جوتیار نزیک بوونەوە دیتیان جوتیار ئەوجار نەک هەر لە سەری هۆگان، بەڵکوو دە نێو هۆگانیش‌دا هەر هەڵدەپەڕێ! زۆریان پێ سەیر بوو! پاتشا ڕووی دە وەزیری کرد، کوتی:

ـ یانی چی؟ ئەو کابرایە چییە؟!

وەزیر کوتی:

ـ پاتشام خۆش بێ، ئەم کابرایە پاک و پیسی لێک جیا کردووەتەوە.

چوونە لای جوتیار و دوای سڵاو و چاکوخۆشی، پاتشا کوتی:

ـ دەگەڵ ژنەکانت چۆنی؟

جوتیار چۆنیەتی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە.

پاتشا کوتی:

ـ چۆنت دڵ هات ئەو ژنە جوانە دە ئاوێ باوێی؟!

جوتیار کوتی:

ـ پاتشام خۆش بێ، ئەمن زمانی درێژم پێ قوڵە نابێتەوە.

ژنی پێشووی جوتیاریش کە لە لای پاتشا بوو، هەر سێ ئاکاری ژنانی پاتشای هەڵگرتبوو.

***

پەند

*مستەفا ڕەسووڵی ئازەر ـ شنۆ*

# «عەولادی خراپ بەڵایە»

پیاوێکی پیری پەککەوتە، دوو کوڕی هەبوو. کوڕەکان بۆ باوکیان زۆر خەراپ بوون، هەرکات لە دەرەوەڕا دەهاتنەوە ماڵ دەیانکوت:

ـ پیرەی خەرفاو ئەوە هێشتا ماوی، نەمردووی؟

باوکە زۆر بە ڕووخۆشییەوە پێی دەکوتن:

ـ ڕۆڵە گیان! بۆ وام لێدەکەن؟ بۆ جەزرەبەم دەدەن؟ ئەی ئەمن باوکتان نیم؟ خودا هەڵناگرێ. . . .

پیاوەکە لە دەست کوڕەکانی وەزاڵە هاتبوو، بیری کردەوە کوتی:

ـ ئەگەر چارەیەکی لە خۆم نەکەم، لە وانەیە هەر بمکووژن. کووپەڵەیەکی هێنا هەتا بن هەنگلانی کای تێکرد. بڕێکی ڕۆن قاڵ کردەوە و لە سەری ڕۆکرد و دەبن گڵی نا. کوڕەکان کە گەڕانەوە ماڵ وەک هەمیشە دەستیان کردەوە بە قسەی ناڕەوا بە بابیان. بابەکە بزەیەکی تاڵی نیشتە سەر لێو و کوتی:

ـ ڕۆڵە ئەگەرچی ئێوە دەرحەق بە من خەراپن و دژوێنم* پێدەدەن، بەڵام ئەمن ئەرکی باوکایەتی خۆم بەجێ گەیاندووە و بۆ دواڕۆژ پاشەکەوتم بۆ کردوون هەتا دوای مردنم کەلکی لێ وەرگرن.

کوڕەکان بەم وتەیـەی باوکیـان خۆشـحاڵ بـوون و گەشـانەوە و بـە ڕووخۆشی کوتیان:

ـ ئەی کوا، لە کام شوێنە؟

باوکەیان کوتی:

ـ ئێستا پێتان ناڵێم، بەڵام لە لای دۆستێکم وەسیەتم کردووە، ئەگـەر مردم، شوێنەکەتان پێشان بدا و ئێوەش وەک دوو برای بـاش، لـە نێـو خۆتاندا بەشی بکەن و زوڵمێ لە یەکتری نەکەن.

کوڕەکان لەو ڕۆژە بەو لاوە قەدری باوکیان دەگرت و ڕێز و حوڕمەتێکی باشتریان لێدەنا و ئیتر بێدڵییان نەدەکرد. باوکەکـەش لـەو لاوە خـۆی گەیاندە دۆستەکەی و چۆنیەتی بەسەرهاتەکەی بۆ باس کرد و قەولی لێ ئەستاند هەتا دوای مردن و تەواو بوونی سەرەخۆشی لە لای هیچ کامیان نەیدرکێنێ. پیرەپیاو نەخۆش دەکەوێ و پاش چەنـد ڕۆژ کـۆچی دوایـی دەکا. کوڕەکان لە خۆشی ئەوە کە پاش باوکیان شتێکی چاکیـان دەسـت دەکـەوێ، سەرەخۆشـی بـۆ دادەنـێن. دوای سەرەخۆشـی دەچنـە لای دۆستەکەی باوکیان هـەتا شـوێنی شـتەکەیان پـێ نیشـان بـدا. کـابرا پێشانیان دەدا. براکان لە سەر زیادەبەش شەڕیان لێ پەیدا دەبێ: یـەک دەیکوت ئەمن چاکترم خزمەت کـردووە، زۆرتـر دەگـرم. . . ئـەویتـر دەیکوت نەخێر ئەمن زۆرتر دەگرم. . . کابرا کوتی:

ـ هەر دووکتان چاکتان خزمەت کردووە که وابوو دەبێ بەشی هەر دوو لا وەکوو یەک بێ.

براکـــان ڕازی بـــوون و کووپەکـــەیان دەرهێنـــا و زۆر بـــە ئەســـپایی ڕۆنەکەیان لە سەر لابرد، لە خۆشییان هیچ ئاگایـان لـە خـۆ نـەبوو، لایان وابوو دوای ئەوە ڕۆن و کایەکەیان لە کووپەڵــە دەرێنـا، دەگاتـە زێڕەکان. کابرا بیری لە ئەزموونی باوکی ئەم دوو کوڕە دەکـردەوە کـە ئەگەر ئەوەی نـەکردبا، ڕەنـگ بـوو لــە کووچــە و کۆڵانـاندا سـەری نابایەوە. کوڕەکان هەروا بە پەلە کایان لە نێو کووپەکەدا دەردەدا، هەتا گەیشتە بنی کووپە و بینیان هیچــی تێـدا نییــە. ئــەوجار دەســتیان بــە جنێو و قسەی بێجێ بە گۆڕی باوکیان کرد. . . لە حەیفان کووپەکەیان بە دیواری دادا، کووپەکە شکا و ئەوانیش شتێکیان پێ نەبڕا.

کابرا کوتی:

ـ نـاڕەحەتی پێناوی! ئەوە وڵامی خەراپەکانی خۆتـانە بــەرامبــەر بــەو کارە ناحەزانەی دەگەڵ باوکتان دەتانکرد!

کوڕەکـــان ســـەری شـــەرمەزاریان داخســـت و ڕۆیشـــتن و ئاوڕیـــان لە دواوە نەداوە.

***

مەسەل

*دیاری سەلاح پایانیانی ـ مەهاباد*

## «گەنمەکە هی خۆت، ئەدی کەر و جەواڵی خەڵکی بۆ کوێ دەبەی؟»

وەرزێرێک هەموو ساڵێ گەنمی دەچاند و زەرەدی لێدەکرد. ساڵێک لێبڕا دەگەڵ خودا ببێتە شەریک. سەرەتای زستان لە وەختی تۆو چاندن‌دا تەمای گرت لە هەڵگرتنەوەی خەلە و خەرمان‌دا نیوەی بەرهەمەکەی دە ڕێی خودا بە سەر فەقیر و هەژاران‌دا ببەشێتەوە. ئەزقەزا ئەو ساڵە، ساڵێکی خۆش بوو و حاسڵ و داهاتێکی زۆری هەبوو. بۆ دروونەوەش یارمەتی لە دەروجیرانان وەرگرت. گەنمەکەی دروو و لە جێخوونی دا، بەڵام تەماحی ڕێنیشت و گەنمەکەی هەموو بە وڵاغی بردەوە ماڵێ و کوتی:

ـ خودایە حاسڵی ئەم ساڵ هی من و ساڵی دیکەش هی تۆ.

ساڵی دواییش هەروا ساڵێکی گەلێک خۆش بوو، بەڵام دیسان تەماح لێی نەگەڕا کابرای وەرزێر نەزرەکەی بگەیەنێتە جێ. ڕووی دە خودای کرد و کوتی:

ـ خودایە ئەگەر ئیزنت لــە ســەر بــێ حاســڵاتی ئەمساڵــیش بۆخــۆم هەڵدەگرم و لە جیاتیان دوو ساڵ لە سەر یەک بۆ تۆی دەچێنم.

بەم چەشنە گەنمەکەی بار کرد و بردییەوە. ساڵی سێهەم جارێکی تر لە وەختی هەڵگرتنەوەی خەلە و خەرمان تــەماح دایگرتــەوە. چــوو چەنــد ولاغی هێنان و گەنمەکەی دە جەوالان کرد و بەرەو شار وەڕێکــەوت. لــە ڕێگەدا دەگەڵ خودا کەوتە ڕاز و نیاز:

ـ خودایە بەڵێن بێ لە سێ ساڵی داهاتوودا هەمووی گەنمەکە لە ڕێــی تۆدا بدەم بە فەقیر و هەژاران.

لەو قسانەدا بوو گەیشتە چۆمێک. ولاغەکانی دا پێش هەتا لە چۆمیــان بپەڕێنێتەوە. لە ناکاو بارانێکی بەخوڕ دایدا و ســێلاو هەســتا و گــەنم و ولاغەکانی بە یەکەوە برد. کابرای بەدبەخت پەشۆکا و پەنای بــردە بــەر کێوێکی بڵیند و هاواری کرد:

ـ هۆی خودایە! هۆی. . .! گەنمەکە هی خــۆت، ئــەدی کــەر و جەواڵــی خەڵکی بۆ کوێ دەبەی؟

***

مەسەل

*نادر نیروومەند ـ بۆکان*

## «نە شیری وشتر و نە دیداری عەرەب» (١)

لە ڕۆژگارانی کۆندا کابرایەکی عەرەب، لە وڵاتی عەرەبستان دەژیا. ئەم کابرایە لە سامانی دنیا تاقە وشترێکی بوو کە بە شیرەکەی بژیوی نەمرنەژی بنەماڵەکەی دابین دەکرد. ڕۆژێ بیستی وشترەکەیان لە نێو مێگەلەوشتری ئاوایی دەرکردووە. وشترەکەی گەڕۆڵ* ببوو، ئیتر لەمەبەدواوە ناچار بوو خۆی بچێتە لای وشترەکە و بیلەوەڕێنێ. ڕۆژێکیان کابرای عەرەب لە سارا* وشترەکەی دەلەوەڕێنێ، برسێتی زۆری بۆ دێنێ، هەڵدەستێ کاسەکەلێک لە نێو پیاسکەکەی دێنێتە دەرێ و وشترە گەڕۆڵەکەی تێدا دەدۆشێ. بڕێک لە شیرەکە ئەخواتەوە و پاشماوەکەشی ئەبا لە بن کەڵەکەبەردێک کە لەو نزیکانە ئەبێ دایئەنێ تا ئێوارە بیباتەوە بۆ منداڵەکانی، بەڵام پاش قەدەرێ لە ناکاو مارێکی درێژی ڕەش لەبن کەڵەکەبەرد دێتە دەر و ئەچێتە سەر جامەشیرەکە و یەکبین گشتی هەڵدەلووشێ و پاشان هەر لە بن کەڵەکەبەردەدا خۆی ئەشارێتەوە. کابرای عەرەب لە دڵی خۆیدا ئەڵێ:

ـ خودایە چ بکەم ئەوەش هات شیری منداڵەکانی خواردەوە و لێیدا ڕۆیی. وەڵڵا منداڵە هەژارەکانم بێ شێر سەر دەنێنەوە! کاتێک دەرکەوتم هەر لاتەی سکیان دەهات داخوا ئێستا لە چ حاڵێک دان؟

سەری داخستبوو و بیری لە برسییەتی منداڵەکانی دەکردەوە، چی بکا و چی نەکا. . . خشەیەکی هاتە بەر گـوێ، سـەری هەڵـبڕی کـە ڕوانی، هەمان مار هەر لەو شـوێنە هاتــە دەری و بــە ئەسـپایی بــەرەو جامــە بەتاڵەکە ڕاخوشی، سەری بە سەر داگرت و شـتێکی هێـق کـردە نــاوی، زرینگەیەکی نزم لە کاسـەکە بــەرز بـۆوە. مارکــە بــە شـوینی خـۆیدا گەڕایەوە. عەڕەب هەستا سەرپێ و بەرەو کاسەکە ڕۆیی. چوو بزانێ مار چی هاویشتۆتە نێو جامەکەوە. گەیشتە لای، تەماشای نێـوی کـرد. بــە دیتنی ئەو شتەی نێوجامەکە ئەوەندە نەما لە خۆشییان باڵ بگـرێ. تـف لە زاریدا وشک ببوو. وای زانی چاوەکانی بە هەڵە دەبینن. دەسـتی بــە چاویدا هێنا و هەڵیگلۆفین، بەڵام نا، بە هەڵە نەچووبوو. ئــەوەی مــار هێقی کردبووە نێو جامەکە هــیچ شــتێک جگــە لــە دەنکــە گەوهــەرێکی گرانبایی نەبوو. بە دەستێکی لەرزوک و شەپڵەلێدراوەوە دەریهێنــا. لــە نێو دەستیدا هەڵیگوشی. دوای ماوەیەک ئەم دەست ئەو دەسـت پێکـردن دەسرەیەکی تێوەپیچا و لە تەنکەی باخەڵی نا. ئێـوارە بــە زوویەکــەوە وەشترە گەڕۆڵەکەیدایە پێش و بــەرەو مــاڵ بـۆوە. لــەڕێدا جارجــار دەستێکی لە سەر گیرفانەکەی دادەنا هەتا لە بوونی دڵنیا بێ.

هەموو ڕۆژێ ئەم ڕووداوە دووپـات ئــەبۆوە. کــابرای عــەڕەب شـیری وشتری ئەدۆشییە نێو جامێک و لە بن کەڵەکەبەردەکە دایئەنا، مــارەش

شیرەکەی هەڵدەلووشی و دەنکە گەوهەرێکی لەبری* هێق دەکردە نێو جامەکە.

کابرا زۆر دەوڵەمەند و دەستڕۆیو ببوو. خەڵکی پێیان سەیر بوو. چلۆن بە تاقە وشترێکی گەڕۆڵەوە ئەو هەموو سامانەی پێکەوە ناوە! کەس سەرەندەری لە کاری ئەو دەرنەدەکرد.

ڕۆژێکیان کابرای عەرەب سەفەرێکی بە پەلەی کەوتە بەر. کوڕەکەی بانگ کردە لای خۆی و پێی کوت:

ـ وشترەکە ببە لە فلانە شوێن بیلەوەڕێنە و شیرەکەی لە جامێکدا بدۆشە و لە بن کەڵەکەبەردێکدا کە لەو نزیکانەیە دایبنێ، بەڵام لە بەر پەلەپەل لە بیری چوو بە کوڕەکەی بڵێ مارێ لەو حاڵە و لەو ڕەنگە بۆ شیر خواردنەوە دێ، دەنگی نەدەی و ئازاری نەدەی. لە ڕێگا ئەمەی وەبیر هاتەوە و لە دڵی خۆیدا کوتی، بریا بە کوڕەکەم کوتبایە! لە ئاوایی زۆر دوور کەوتبۆوە. بە دڵیدا هات:

ـ «کوڕەکەم شتێکی بە سەر نەیە؟!»

فێنکی ئێوارێ بوو، کوڕە چۆن باوکی کوتبووی، نوختە بە نوختەی جێبەجێ کرد. شیری وشترەکەی لە جامێکدا دۆشی و لە بن کەڵەکەبەردێک داینا. مارەکە بێ ئەوە سڵ بکا و بەو گومانە هەر کابرای ڕۆژان شیری بۆ داناوە هاتە دەرێ، بەڵام هێشتا نەگەیبووە سەر جامە شیرەکە، کوڕەکە بە داردەستەوە تەپی دایە سەر و بە یەکەم زەبری

داردەست کلکی قرتاند. مارەکەش وەرگەڕایەوە لە قاچوقولی کوڕە هالا و قەپی لە پووزی گرت و پێوەی دا. . .

خۆرئاوا بوو، دایکی کوڕە لە نەهاتنەوەی کوڕە نیگەران بوو، لەگەڵ چەند کەس لە هاوسێیەکانی چوون بزانن کوڕە بۆچی نەهاتەوە؟ پێوشوێنیان هەڵگرت و لە دوورەوە تارماییەکیان بەدی کرد. چوونە پێشترەوە، منداڵێکیان بەدی کرد کە بە دەمەوە لە سەر هەرد ڕەهێڵ ببوو. لێی نزیک بوونەوە، لەشی ماسیو و ساردەوەبووی کوڕەیان ناسییەوە.

بۆیان دەرکەوت مار پێوەی داوە. وشترەکەش هەر لەو نزیکانە یخی خواردبوو و کاوێژی دەکرد. تەرمی کوڕەیان لێ هەڵبەست.

کابرای عەرەب (باوکی کوڕە) لە سەفەر گەڕایەوە. کوڕەیان ناشتبوو. بە بۆنەی مەرگی جگەرگۆشەکەی ڕەشی پۆشی و تازیەی گرت. پرسە و سەرەخۆشی تەواو ببوو.

کابرای عەرەب وشترەکەی بۆ لەوەڕاندن بەرەو جێگای ڕۆژان دەنگ دا. هەر کە گەیشتە جێ، گازی مارەکەی کرد. مار هاتە بەر زارکی کونەکەی، عەرەب پێی کوت:

ـ تازە شتێک کە نەدەبا ببێ بووە، ئێستاش نەچووە بچێ، وەرە با هەر دۆستەکەی جاران بین.

مار وڵامی داوە:

ـ تازە نە تۆ مەرگی جگەرگۆشەکەت لە بیر دەچێ و نە ئـەمنیش کلکـی قرتاوی خۆم فرامۆش دەکەم.

نە شیری وشترێم دەوێ، نە دیداری عەڕەب.

***

مەسەل

## «نە مار کلکی لە بیر دەچێ نە باغەوان کوڕی» (٢)

لە زەمانی زۆر کۆندا، پیرەمێردێکی هەژار هەبوو، ژیانی ئەستەم و پڕ لە تەنگوچەڵەمەی خۆی لە ڕێگای باغەوانی و دارفرۆشییەوە ڕادەبوارد.

پیرەمێرد حەوت کچی هەبوون، خودا بە سەری پیری کوڕێکی پێدابوو. هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستا، تەور و داس و گوریسی هەڵدەگرتن و دەچۆ داربڕین. ئێواران هیلاک و ماندوو دەگەڕایەوە و دارەکانی دەفرۆشتن و پێویستیەکانی خاوخێزانی خۆی پێ دابین دەکردن.

ڕۆژێک لە نێوان دارستانێکی چڕدا خەریکی داربڕین بوو، لە پڕ مارێکی گەورە بە قەت ئەژدیهایەکی لێ پەیدا بوو. پیاوەی بەستەزمان سەری لێ چەواشە بوو. نەیدەزانی چ بکا و چۆن خۆی لە دەست ئەو مارە ڕزگار بکا. پێی وابوو هەر ئێستا پەلاماری دەدا و دەیخوا. کە چی لێی هاتە پێش و ماندوو نەبوونی لێکرد و کوتی:

ـ بە یەک شەرت نەبێ لە دەست من ڕزگاریت نابێ!

پیرەپیاوە بە پەشۆکاوی کوتی:

ـ قوربان تکایە لە من واز بێنە. هەر دەستوورێکت هەبێ بە چاوان، سەرم دە ڕێدایە.

مارە زەلامەکە کوتی:

ـ ئەمن دەنگی شمشالم زۆر پێخۆشە، ئەگەر بتوانی شمشالم بۆ لێبدەی، ئەوە وازت لێ دێنم و پاداشیشت دەدەمێ. ئەگینا هەر ئێستا دەتکوژم.

پیاوەکە شمشاڵژەنێکی فرە باش بوو، بە بیستنی ئەم قسەیە هاتەوە سەرخۆ. دەستی بۆ بەرپشتێنەکەی برد و شمشاڵەکەی دەرهانی و دەستی کرد بە شمشاڵ لێدان، هەتا ماری زۆردار ماندوو بوو. لە پاشان پیاوەی بانگ کرد و کوتی بە دوای مندا وەرە. پیرەپیاوە بە لارەملی کەوتە شوێن مارەکە. گەیشتنە بەردەرکی ئەشکەوتێک، دەستی ڕاداشت و بە قەرا دوو مسقاڵ ئاڵتوونی دا بە پیاوە و پێی کوت:

ـ هەموو ڕۆژێ وەرە شمشالم بۆ لێبدە و ئەمنیش ئاڵتوونت دەدەمێ.

بەڵێ، پیرەمێرد هەموو ڕۆژێ دەچوو شمشاڵی بۆ لێدەدا و ئاڵتوونی خۆی وەردەگرت. وردەوردە خۆی گرت و دەوڵەمەند بوو. خۆی ساز کرد بچێتە حەج. پێش ئەوەی بڕوا، کوڕەکەی فێری شمشاڵژەنین کرد و پاشان شوێنی مارەکەی پێشان دا و ڕاسپاردەی تەواوی پێکرد کە چ بکا و بۆ کوێ بچێ و چۆن بجووڵێتەوە.

پیرەپیاو بەرەو حەج کەوتە ڕێ. کوڕە شمشاڵی هەڵگرت و ڕووی کردە شوێنی مارەکە. هەواڵی چوونە حەجی باوکی پێڕاگەیاند و دوایە هێندێکی شمشاڵ بۆ لێدا. مارەکەش بڕێکی ئاڵتوون پێدا. چەند ڕۆژێک بەم چەشنە تێپەڕی. کوڕە کاتێک بە وردی سەرنجی دا ئەشکەوتەکە، دیتی هەمووی ئاڵتوونە! لەبەر خۆیەوە کوتی:

ـ بابم هەڵەی کردووە! بۆچی ئەو مارەی نەکوشتووە و ئەو هەموو ئاڵتوونەی وەچنگ نەهێناوە؟

کوڕە وە تەماح کەوت، چووە ماڵ و شمشیرێکی کۆنیان بوو هێنای و ڕووی کردە دارستان بۆ کوشتنی مارەکە. لە کاتێکدا کە مارەکە خەوتبوو خۆی گەیاندە سەر. خێرا شمشیری هەڵێنا و یەک بە هێزی خۆی دایهێنا و کلکی ماری پەڕاند. مارکە خەبەری بۆوە، پەلاماری کوڕەی دا گرتی و خواردی.

پیرەپیاو لە زیارەتی حەج گەڕاوە، دیتی هەموو بنەماڵەکەی ڕەشپۆشن! پرسیاری کرد، ئەوانیش کارەساتەکەیان بۆ گێراوە.

پیاوە پاشە وەی سەری سووک بوو، شمشاڵی دەست دایە و بەرەو شوێنی جارانی کەوتە ڕێ. دوای هەواڵپرسی هێندێکی شمشاڵ بۆ لێدا. مارە هەر بە شێوەی جاران هێندێکی ئاڵتووندایە و پێی کوت:

ـ بڕۆ و ئیتر مەیەوە ئەو لایانە!

پیاوە کوتی:

ـ بۆ قوربان؟

ـ چونکە هەتا ئەمن سەیری کلکی بڕاوی خۆم بکەم و تۆش سەیری جلی خوێناوی کوڕەکەت بکەی، قەت لە یەکتری دڵپاک نابین.

*ئەحمەد پاداش ـ پیرانشار*

# «هەرکەس چاڵێ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ بۆخۆی تێدەکەوێ» (١)

پاتشایەک نۆکەرێکی دەبێ. هەموو ڕۆژێ لیرەیەکی دەداتێ، لیرەکە دەدا بـە کابرایەکی کوێری سواڵکەر.

ڕۆژێک کوێرە دەکەوێتە بیری ئەوە فێڵێک لە نۆکەرەکە بکـا. بـە هەڵـکەوت دەزانێ کە کابرای نۆکەر ئەم شەوە سیر و ماست دەخوا. هەڵدەستێ دەچێتە لای پاشا و دەڵێ:

ـ پادشام خۆش بێ، نۆکەرەکەت زۆر خەراپە، لە هەموو جێگایـەک باسـت دەکا و دەڵێ: پادشا بۆگەنیوی لە زاری دێ. ئەگەر باوەڕیش ناکەی بەیانی دێتە لات بە تاقی بکەوە. کاتێک قسەت دەگەڵ دەکا دەستی بە لووتییـەوە دەگـرێ و ڕوو لەولا دەکا.

پادشا قسەکەی کوێرە باوەڕ دەکا، کاغەزێک دەنووسـێ و دەیداتـە دەسـت نۆکەر و دەڵێ بیبە بۆ خەزنەدار.

کاتێک نۆکەر لە ماڵ دێتە دەر، کوێرە کاغەزێکی بە دەستەوە دەبینێ و لێی دەپرسێ ئەو کاغەزە چییە؟

نۆکەر دەڵێ:

ـ ئەوە پاتشا بۆی نووسیوم کە بۆ خەزنەداری بەرم.

کوێرە دەکەوێتە پاڕانەوە و لاڵانەوە، دەڵێ:

ـ بیدە بە من بۆ خەزنەداری بەرم، بەڵکوو شتێکم بداتێ.

نۆکەر بەزەیی پێدا دێ و کاغەزەکەی دەداتێ و دەیبا بۆ خەزنەدار، خەزنەدار کە نامەکە دەخوێنێتەوە دەبینێ لێی نووسراوە:

ـ هەڵگری نامەکە دێتە لاتان سەری ببڕن و کای دە پێستی ئاخنن.

خەزنەدار خێرا جەللادان بانگ دەکا و دەڵێ:

ـ سەری ئەم پیاوە لێ بدەن و کای دە پێستی ئاخنن.

نۆکەر بەیانی دەچێتە لای پاتشا، پاتشا لە دیتنی ئەو سەری سوڕ دەمێنێ و لێی دەپرسێ:

کاغەزەکەت بردە لای خەزنەدار؟

نۆکەر لە وەڵامدا دەڵێ:

ـ نەخێر گەورەم بۆخۆم نەمبرد! کوێرێک زۆرم لەبەر پاڕاوە و ئەمنیش بەزییم پێداهات و دامێ بەڵکوو خەزنەدار شتێکی بداتێ، لەو کاتدا جەنازەی کوێرەیان هێنا کە کایان دە پێستی سەری ئاخنیبوو.

پاتشا بە نۆکەرەکەی کوت:

ـ ئەو ڕۆژەی قسەت لەگەڵ من دەکرد بۆچی دەستت بە لووتت دەگرت و ڕووت لەولا دەکرد؟

نۆکەر کوتی:

ـ قوربان ئەو ڕۆژە سیرم خواردبوو و کوتم با بۆنەکەی بۆ پاتشا نەچێ.

پاتشا سەرێکی ڕاوەشاند و لەبەر خۆیەوە کوتی:

«هەر کەس چاڵێ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ بۆخۆی تێدەکەوێ»

***

پەند

سەید زاهید هیدایەتی ـ سنە

# «هەرکەس چاڵێ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ بۆخۆی تێدەکەوێ» (٢)

ئەو وەختەی کە پێغەمبەری مەزن سڵاوی خودای لێبێ، لەنێوقەبیلە و هۆزی قورەیش‌دا دوژمنێکی زۆری هەبوو، دوژمنەکانی هەرچی حەولیان دەدا پێغەمبەریان بۆ لە نێو نەدەچوو. پیلان نەمابوو نەیگێڕن. لە هیچ خەتایەک دەستیان نەدەگێڕاوە. بەو حاڵەش هێشتا نەیانتوانیتۆسقاڵێک لە ئیمانی حەزرەت کەم بکەنەوە. بە ناچاری ڕۆژێکی دوژمنەکانی بڕیاریان دا پیلانێکی نوێ داڕێژن. بەڵکوو ویستە نارەواکەیان بێتە دی. لە شوێنێک کۆ بوونەوە و ناردیان بە شوێن ئەبووجەهل‌دا. ئەبووجەهل هات، کوتیان:

ـ ئەبووجەهل بڕیارێکمان داوە، دەبێ ئەتۆ یاریدەمان بدەی هیچ، بەڵکوو بەڕێوەبەری پێلانەکەش بی. دەبێ لە پێش هەموو شت‌دا بیرێکی

زۆر قوول لە بەر دەركـی دیوەكـەی خـۆت هەلـقەنی و میوانـداری لـە محەممەد بكەی. ئەو دەم محەممەد دە بیرەكە دەكەوێ و ئێمەش گلـەبانی دەكەین و ئیدی هەر بۆ خۆمان دەبینە سەردار.

ئەبووجەهل ئەو ڕاسپاردەیەی بە شـانازییەوە قبـوول كـرد و دەسـت بەكار بوو. بیرەكەی هەلقەند، كاروبارەكانی پێویستی هـەموو بـەڕێوە بردن. هەموو شت كە حـازر كـرا دەسـتوپێوەنـدەكانی خـۆی ئاگـادار كردنەوە و ناردی بە شوێن پێغەمبەردا.

قاسید بە پێغەمبەری ڕاگەیاند كـە میـوانی ئەبووجـەهلی. حـەزرەتی محەممەدیش فەرمووی دێم. ڕاسپاردەكە بە هەلاتن ڕۆیشـتەوە بـۆ مالـە ئەبووجـەهل و بـە ئەبووجـەهلی ڕاگەیانـد كـە محەممـەد ئـەوە دێ. ئەبووجەهل لە خۆشی ئەوەی كە پیلانەكەی سەری گرتووە بە پەلـە لـە دیوەكەی خۆی هاتە دەر. لە بیری چووبوو بیرێكـی وا قوولـی لـە بـەر دەركەی دیوەكەی خۆی هەلكەندووە و لەپڕ تێكەوت. بـوو بـە هـەرا كـە ئەبووجەهل دە بیرێ كەوتووە. ناردیان بە شـوێن پێغەمبـەردا كـە بـێ ئەبووجەهل لە بیرێ كەوتووە دەریبێنێتەوە.

پێغەمبەر هات فەرمووی:

ـ «لا حەولە وەلا قووەتە ئیللا بـیللا» هـەر كـەس چالـێ بـۆ خەلـكی هەلكەنێ بۆخۆی تێدەكەوێ. حەزرەتی محەممەد سلاوی خـودای لێبـێ، فەرمووی:

ـ ئەبووجەهل ڕوو لە خودای گەورە بکــە و لــە کــردەوە ناحــەزەکانی ڕابردووت پەشیمان ببەوە و وەرە سەر ڕێگەی ڕاست، جــا دەرتدێنمــەوە.

ئەویش بەڕواڵەت پەشیمان بۆوە.

سەرەڕای ئەوەی کە بیرەکە یەکجار قووڵ بــوو، پێغەمبــەر فــەرمووی بیسمیللا، دەستی درێژ کرد و دەریهێناوە. ئەبووجەهل هاتە دەر و کوتی:

ـ ئای لەو سیحرەی!

پێغەمبەر ڕووی وەرگێڕا و فەرمووی:

«لا ئیلاه ئیلەڵڵا» هــەر کــەس چاڵــێ بــۆ خەڵــکی هەڵــکەنێ بۆخــۆی تێدەکەوێ.

***

مەسەل

*فەرەیدوون قەنبەروەیسی / ئیسلامئابادی غەرب*

## «هەی وە تەپ و هەی وە دوو،

## برا خاسە نەوەک شوو»

ماڵێک شەش کەنیشکیان هەبوو. لە نێعمەتی کوڕ بێبەری بوون. خەم و پەژارەی نەبوونی کوڕ ئەم ماڵەی داگرتبوو، تاکوو خوا کوڕێکی پێدان. کوڕەکە گەورە بوو، کەنیشکەکان ئازەو بوون و شوویان کرد. واهات دایک و باوک بە ڕەحمەتی خوا چوون. هەموو کەنیشکەکان بە گیانی تاقە براکەیان سوێند دەخوارد و زۆر خۆشیان دەویست و بۆ هەر کارێکی دژوار و بۆ هەر پێشهاتێک دەچوونە لای براکەیان. ڕۆژێک یەکیان لەتەک باوکی منالەکانیا بووە شەڕی و بە گریان و نووکەنووک هاتە ماڵە تەنیا براکەی. زۆر کەس بە شوێنیا هاتن، بەڵام نەگەڕایەوە ماڵە شووەکەی. چەند شەو و ڕۆژێک بەسەر چوو. خوشکەکە وردەوردە کەمتاقەت ئەبوو. هەر جۆرێک بوو فامانی بە براکەی کە دڵی بۆ ماڵ و منالەکانی تەنگ بووە و گەرەکیە بگەڕێتەوە لای منالەکانی. گوندی ماڵەشووەکەی لە گوندی ماڵە براکەی زۆر دوور بوو، خوشک و برا بەیانی زوو کەوتنە ڕێ. سەرما و بەستەڵەک هەموو شوێنێکی تەنیبوو. براکە کە زانی

خوشکەکەی لە سەرمانا هەڵدەلەرزێ و تەقەی ددانەکانی ئەڕواتە فەلەک، ئەمەی کەوتە بیر کە ئەشێ ئاگرێک داگیرسێنێ، هەم خۆی و هەم خوشکەکەی گەرمەو کاتەوە. لایاندا گوندێکی کاولبووگ کە زۆربەی ماڵەکان بە سەر یەکا ڕووخابوون و کەس لە گونددا نەمابوو. لەو دەوروبەرە کەمێ چیلکەوچاڵیان کۆ کردنەوە، بەڵام زۆر کەم بوو. لە ناچاری قۆناخی چەکەکەی نایە بان ئاگر و خۆی و خوشکەکەی لە دەست سەرما ڕزگاریان بوو. کاتێ گەرمیان بۆوە ڕێگایان گرتە بەر، پرسیارێک بە خەیاڵی براکەیدا هات، کوتی:

ـ ئەرێ خوشکە گیان! خۆت باش ئەزانی پێوانی ئەم هەموو ڕێگا دوورودرێژە و چاو کەوتن بە کەسێک کە لە تەک خوشکما شەڕی کردووە و هەزاران دژمێنی پێداوە و لە ماڵ دەریکردووە، لە هەمووی گرینگتر بۆ خاتری تۆ قۆناخی چەکەکەم سووتاندووە، ئەرکی سەرشانم بەجێ گەیاندووە، بەڵام پرسیارێکم هەیە، ئەشێ وەڵامێکی دروستم بدەیتەوە؟ ئەو وەڵامەی لە کانگای دڵتەوە دێتە دەرۆ، نەک وەڵامێک بۆ دڵخۆشی من. خوشکە وتی:

ـ فەرموو براگیان، سوێندم بە یەزدانی پاک لە دڵەوە وەڵامت دەدەمەوە.

براکە وتی:

ـ خوشکە گیان هەر چەند ئەزانم وەڵامدانەوەی سەختە، بەڵام شتێکە کەوتۆتە خەیاڵم و ئەویچ ئەمەیە:

ـ منت زۆر خۆش ئەوێ کە بە هەر تەپ و دووکەڵێک بوو لە دەست سەرما ڕزگارم کردی، یا باوکی منداڵەکانت کە لە ماڵ وەدەری نای؟

خوشکە بە شەرمەوە وتی:

ـ هەر دووکتان لای من خۆشەویستن.

برا وتی:

ـ نا خوشکە گیان! ئەمە قسەی دڵت نەبوو، ڕاستیەکەم پێ بڵێ بەخوا لێت دڵگیر نابم. خوشکە وتی:

ـ برا گیان تۆ زۆر خۆشەویستی، بەڵام هەی وەتەپ و هەی وەدوو برا خاسە نەک وەک شوو.

برا وتی:

ـ لە وەڵامەکەت زۆر خۆشحاڵ بووم خوشکە گیان، چونکوو ئەگەر باوکی منداڵەکانت خۆش نەوێ، ژینت تاڵ دەبێ، منداڵەکانت بێخاوەن دەمێننەوە. سپاس وێژم خوشکە گیان.

***

مەسەل

*عومەر شێخڵڵا دەشتەکی*

## «جارێ ئەو کوڕەی گەورە کە»

لە کوردەواری‌دا جاران لەبەر پڕکاری، بووک ساڵی پێش جەژن باوەخۆن دەکراوە. پیرەمێردێکی بەساڵاچوو لەگەڵ بووکەکەی هەر یەکە سورای گوێدرێژێک ببوون بۆ ماڵی باوکی بووکە دەڕۆیشتن. لە ڕێگادا دەگەنە سەر کانییەک و دادەبەزن پشوویەک بدەن.

بووکە کە بارگران دەبێ، دەمارەکانی شل دەبنەوە خۆی پێ ناگیرێ، بایەکی لێ دەبێتەوە، بووکە لە شەرمان هەر ئەوەندەیە وەزگ نادا، خەزوورە هەست دەکا، بۆ دڵدانەوەی بووکەکەی دەڵێ:

ــ بە خودای چابوو، کچم خودا زۆر باشی بۆ ئێمە هێنا!

بووکە کوتی:

ــ چۆن؟

خەزوورە کوتی:

ــ ئەوەی وەکوو تۆی بە سەر بێ خودا کوڕێکی دەداتێ. بووکە وەک گوڵ گەشایەوە. بە دەم سەرخۆشییەوە کە نۆبەرەی کوڕ دەبێ، کوتی:

ــ مامە یەکی دی بکەم؟

خەزوورە کوتی:

ــ کچم جارێ ئەوەی گەورە کە، بۆ دووەمیان خودا کەریمە.

مەسەل

## «ئەگەر کێو نەڕوا دەروێش دەڕوا»

مام دەروێشێک لە وەرزی زستاندا دەچێتە دێیەک. ئەو دێیە لە پشت کێوێک هەڵکەوتبوو و بە هۆی بارینی بەفرێکی قورس بستێک عەرزی ڕەش لە هیچ شوێنێک بەدەرەوە نەبوو. دێیەکە بە ڕۆژیش قەت تاوی نەدەگرتەوە. دەروێش بە خەڵکی دێیەکەی دەڵێ:

ئێوە بۆچی ئەم کێوە لەبەر چاوی خۆتان لا نابەن تا ببێ بە دەشت و بۆ هەمێشە لە تیشکی خۆر کەلک وەرگرن.

خەڵکەکە کوتیان:

ـ ماڵە بابت وێران بێ ئێمە چۆن دەتوانین ئەم کێوە گەورەیە لابەرین!؟

دەروێش کوتی:

ـ ئەگەر ئێوە ئەم زستانە هەتا بەهارێ ئەمن بەخێو بکەن، لابردنی ئەم کێوە بۆ من وەک ئاو خواردنەوە وایە و بۆتانی لادەبەم و دەشتێکی جوان و ڕازاوەتان بۆ پێک دێنم.

خەڵکی نەزانی دێ متمانەیان پێکرد و دەروێش لە سەرمای زستاندا لە جێگەوبانێکی گەرم و نەرم و بە خواردەمەنی خۆشخۆش، خۆی پێ بەخێو کردن. کاتێک زستان دوایی هات، خەڵکی ساویلکەی دێ کوتیان:

ـ دە هەستە دەروێشی خۆشەویست، کاتی ئەوە هاتووە بەڵای ئەم کێوەمان لە کۆڵ بکەیەوە.

دەروێش کوتی:

ـ بە سەر چاو هەر ئێستا لای ئەبەم.

لە جێگای خۆی هەستا و خەڵکی دێ وەشوێنی کەوتن کە بزانن دەروێش بە چ شێوەیەک کێوەکە لادەبا! دەروێش بەرەو ڕووی کێوەکە وەستا و کوتی:

ـ ئەی کێو بڕۆ!

برێک بێدەنگ بوو و دیسان کوتی:

ـ ئەی کێو بڕۆ!

بەڵام کێوەکە لە جێی خۆی نەبزووت. خەڵکی دێ کوتیان:

ـ کەس ناتوانێ بەم وتانە ئەم کێوە لابەرێ!

دەروێش کوتی:

ـ دەی جا ئیستە کە کێو نەڕوا، دەروێش دەڕوا.

***

مەسەل

## «دیوار لەگەڵ تۆمە، پاسا گوێت لێ بێ»

دەڵێن باڵووڵ ڕۆژانە لە چۆڵەوار دەگەڕا. ڕۆژێک دەگەڵ پیاوێک هاوسەفەر دەبێ. هاوسەفەرەکەی بارێکی قورسی لە کەرەکەی نابوو و بەرەو ئاوایی‌یەک دەرۆیشتن، لە ڕێگادا لێی دەپرسێ: ناوت چییە؟ لە کام تایفەی؟ لە کوێوە دێی؟ باوکت کێیە؟ بە کورتی هەموو شتێکی لێ دەپرسێ و ئەویش وڵامی دەداتەوە. باڵووڵ دیتی ئەو پیاوە لە بارەی وی‌دا هیچ شتێک ناپرسێ. ویستی لە عەیبی ئەو کارەی ئاگادار بکا. لەو دەم‌دا جۆگەلەیەکی لە دوورەوە دی. باڵووڵ هەنگاوەکانی توندتر کرد و هاوسەفەرەکەی بەجێ هێشت و لە جۆگە پەڕییەوە. کابرا هات هەتا گەیشتە جۆگەکە. کاتێ ویستی بپەڕێتەوە، کەرەکە بە بارەوە حاسێ بوو. هەرچی کردی نەیتوانی بیهێنێتە دەر. نەیدەزانی چ بکا. باڵووڵیش دوور کەوتبۆوە و کابراش ناوی ئەوی نەدەزانی هەتا بانگی بکا. بە هەڵاتن وەدوای کەوت و پێی‌کوت کە چ بووە.

باڵووڵ کوتی:

ـ ئاخر ماڵوێران ئەمن هەر لە بەیانییەوە تا ئێستا لە تۆ دەپرسم کێی و لە کوێوە دێ و باوکت کێیە؟ ئەتۆ هیچ لە من ناپرسی ناوت چییە؟

چوون کەریان بە بارەوە دەرکێشا و وەڕێکەوتن، هەتا گەیشتنە شار. کەرەکەیان بردە کاروانسەرایەک. کاتێک ویستیان ماڵئاوایی لە یەکتر بکەن، کابرا بە باڵووڵی کوت:

ـ دەمەوێ هەتا ماوم لە خزمەت تۆ دابم.

ـ بە مەرجێک!

ـ چ مەرجێک؟

ـ هەر کارێکی ئەمن کردم، ئەتۆش بیکەی.

کابرا قبووڵی کرد و بەرەو مەجلیسێک کە لەو نزیکانە بوو وەڕێکەوتن. کابرا چەقۆیەکی پێبوو، لە باغەڵی دەرێنا و نیشانی باڵووڵی دا و کوتی:

ـ کەس چەقۆی وای نییە.

ـ ئەم چەقۆیە نیشانی هەموو کەس مەدە.

ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە مەجلیسەکە. باڵووڵ لە لای دەرکە دانیشت و کابراش چوو لای سەرەوە. کاتێک پیاوی گەورەگەورە دەهاتن دادەنیشتن ئەو هەر دەکشاوە خوارێ تا گەیشتە سووچی دەرکە. ئەمە یەکێک لە پەندەکانی باڵووڵ بوو کە کابرا گوێی پێنەدابوو.

سفرەیان کە ڕاخست خانەخوێ شووتووەکی هێنا، داوای چەقۆیکرد، کابرا بەر لە هەمووان دەستی دە باغەڵی نا و چەقۆی دەرێنا. شووتوویان شکاند، بەڵام خانەخوێ کە دیتی چەقۆیەکە قیمەتییە کوتی:

ـ ئەم چەقۆیە هی منە، ئەتۆ ئەوەت لە کوێ هێناوە؟

کابرا هەرچەند سوێندی خوارد فایدەی نەبوو. کارەکە وای لێهات کە ویستیان کابرای زیندانی بکەن. باڵوولێشیان سوێند دابوو کە کابرا ڕێنوێنی نەکا. دوو ڕۆژیان مۆڵەت دا هەتا بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ. باڵووڵ چۆ حەسارێ بۆ ئەوەی سوێندی لێ نەکەوێ، کوتی:

ـ «دیوار دەگەڵ تۆمە، پاسار گوێت لێ بێ» سبەی وەختێ ئەگەر لێیان پرسی بڵێ: چەند وەخت لە مەوبەر کاتێ لە خەو هەستام ئەم چەقۆیە لە سەر زگی باوکم بوو، سەریان بڕیبوو و چەقۆکەشیان لەبیر چووبوو. کابراش ئەم قسانەی کرد و خانەخوێی درۆزنیشیان خستە زیندان.

هەرکات بیانەوێ شتێک بە کینایە بە کەسێک حاڵی بکەن، ئەم مەسەلە دەهێنەوە.

سەرچاوە: "کتێبی تەمسیل و مەسەل"

***

مەسەل

## «بە کەرێ ناوێری جلەکەی دەکوتی»

کابرایەک بە سواری کەرێ بە ڕێگایەکدا دەڕۆیی. کەروێشکێک لە بن پێیانی دەرپەڕی. کەرەکە ڕەوییەوە و جلەکەی خوار کرد و کابرا وەعەرزی کەوت. هیچی پێ نەما هەستاوە، وەرگەڕا جلی کەرەکە. ڕێبوارێک پێیکوت:

ـ ئەدی بۆ ئەم جلە دەکوتی؟!

کابرا کوتی:

ـ کەر لە کەروێشک ترسا و ڕەوییەوە، جلەکە خوار بۆوە. ئێستا کە کەرەکە لە دەستم دەرچووە و دەستم پێی ڕاناگا، تاوانەکەی لەو جلە دەستێنمەوە!

ئەو کاتی دەکوترێ کەسێک عەزیەت و ئازاری دیبێ و دەستی بەو کەسە ڕانەگا کە عەزیەتی کردووە و تۆڵەی لە یەکیتر بستێنێتەوە.

***

زاراوە

## «ئێستر لوشکی لێداوە»

ڕۆژێک نەفەرێک شکایەتی بردە لای قازی. چونکە قـازی بـەرتیلخـۆر بوو کابرا خیگەیەکی کەرە بۆ برد کە لایەنی ئەو بگرێ. کابراکەی دیکەش ئێسترێکی بۆ برد هەتا قازی حەق بەو بدا. لە کاتی پێراگەیشتن بە کاری دوو نەفەرەکەدا، ئەوەی خێگەکـەرەی بردبوو، چـاوەڕێ بـوو قـازی بـە لایەنی لەو حوکم بدا و ئـەوەی ئێستریشـی بردبـوو هـەروەتر. ئـەوەی خێگەکەرەی بردبوو، ڕووی دە قازی کرد و کوتی:

ـ جەنابی قازی! ئەو پەڵە چەورەی بە عەباکەتەوەیە ئی کەرە نییە؟

قازی زۆر زوو کوتی:

ـ نەوەڵڵا ئەوە ئێستر لووشکی لێداوە!

کابرا زانی ئەوی دیکە پێشدەستی کردووە و ئێستری بۆ قازی بردووە.

*سەرچاوە: "کتێبی تەمسیل و مەسەل*

*کتێبی تەمسیل و مەسەل (ئەحمەد وەکیلیان)*

## «گۆشتی ناخوا گۆشتاوێ دەخوا!»

لە ڕۆژگاری زۆر کۆندا چەند کەس بۆ کار چووبوونە چۆلەوار. مەڕێکی قەڵەو کە لە مێگەل بەجێ مابوو دەبیننەوە. بێ ئەوە حەڵاڵ و حەرامیان لەبەر چاو بێ، سەری مەڕەکە دەبڕن و بڕێک لە گۆشتەکەی بۆ نیوەڕۆ لێدەنێن. وەختی نان خواردن لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و دەیانەوێ گۆشت و شۆرباوەکەی بخۆن. یەکێک لە وان بۆ خۆڕانان وا دەنوێنێ کە شتی حەرام ناخوا. هەر چەند خوڵقیان کرد نەیخوارد و لێی نزیک نەبۆوە. دیتیان کە مل نادا، بۆخۆیان خەریکی خواردن بوون. پیاوە بەڕواڵەت حەرامنەخۆرەکە کە لە ڕاستیدا دەگەڵ ئەوانیتر جیاوازی نەبوو و فەرقی حەرام و حەڵاڵی نەدەکرد، دیتی ئەگەر بڕێکیتر خۆ ببوێرێ ڕەنگە ئێسقانیشی وەبەر نەکەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر ئیشتیای چۆبوو شۆرباوگۆشتەکە! شەرمی دەکرد بڵێ گۆشتی بدەن بە منیش. کوتی:

ـ ئەمن گۆشتی ناخوم، بڕێکم لە ئاوەکەی بدەنێ.

ئەم مەسەلە لە بارەی کەسانێکەوە دەکوترێ کە فەرقی حەڵاڵ و حەرام نەکەن و لە ڕاستیدا بە دەستی وەلای نێ و بە لاقی بیکێشێتە پێش.

***

| |
|---|
| مەسەل |

*کتێبی تەمسیل و مەسەل (ئەحمەد وەکیلیان)*

## «هەر لە سەرەوە دانیشە قسەی زلزل بکە!» (١)

ژنێک کچێکی عەزەبی هەبوو. دەچۆ هەر شوێنێک تاریفی کچەکەی دەکرد. ڕۆژێک پێیانکوت خوازبێنچی بۆ کچەکەی دێن.ماڵوحاڵیان خاوێن کردەوە. دەرکوبانیان ئاوڕشێن کرد. بە کچەکەی کوت:

ـ دەچمە حەمامێ، ئەتۆش دەستێک بە سەروچاوتدا بێنە و کاتێک خوازبێنچی هاتن لە سەرەوە دانیشە و قسەی زلزل بکە و بە بەریاندا وەرە و بچوو. مریشکێکیشم کوشتووەتەوە و لە سەر کوچکاور وەسەرم ناوە. ئاگات لێ بێ ئاوەرەکە نەکووژێتەوە. بەکورتی هەرچی پێویست بوو ڕایسپادە کچەکەی.

دایک کە وەدەر کەوت، کچە یەکەم کاری کە کردی، چوو هەرچی جەواڵی گەنم و جۆ بوو لە سەریەک کەڵەکەی کردن و خۆشی چوو لە سەریان دانیشت. پاش ماوەیەک چەند ژن وەژوور کەوتن. هەرچی بانگی خانەخوێیان کرد، کەس وەڵامی نەداوە. چاویان بێرە و بە وێدا گێڕا،

دیتیان کچەکە لە سەر جەواڵی گەنم و جۆ دانیشتووە و زەقزەق چاوی تێبڕیون. کوتیان:

ـ کیژێ دایکت لە کوێیە؟

کچە لە جیات وڵامدانەوە کوتی:

ـ وشتر، کەر، گا

خوازبێنچی سەریان سوڕ ما و لایان وابوو کچە شێتە. هەستان ڕۆیشتن و ئاوڕیان نەداوە. لەو کاتەدا سەگێک سەری بە ماڵدا کرد و یەکڕاست چوو مدبەقێ و قابڵمەی وەرگێڕا و مریشکەکەی برد و وەدەر کەوت. کچە دیتی سەگەکە مریشکی برد، بەڵام وەسەر خۆی نەهێنا.

دوای سەعاتێک دایکی کچە گەڕاوە، دیتی کچەکەی هەموو جەواڵەکانی لە سەر یەک کەڵەکە کردوون و خۆشی قیت لە سەریان دانیشتووە! کوتی:

ـ قەرەبەخت* ئەوە شێت بوویە؟ لەو سەرەوە چ دەکەی؟ خوازبێنچی نەهاتوون؟

کچە کوتی:

ـ بۆخۆت کوتت لە سەرەوە دانیشە و هەر قسەی زلزل بکە، ئەمنیش ئاوام کردووە! خوازبێنچی هاتن و هەر چییەکیان پرسی هەر کوتم: وشتر، کەر، گا...، سەگیش هات مریشکەکەی لە قابڵەمە دەرێنا و

بردی، ئەمنیش هیچم پێنەکوت. دایکی قوڕوەسەر لە سەری خۆی دا و کوتی:

ـ قوڕت وەسەری! ئەتۆ هێند بێئاقڵ و نەفامی بۆ وەی نابی شوو بکەی.

(ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو کەسانە دێننەوە کە زیاتر لە توانایان کاریان پێ بسپێردرێ یا لە بابەت ئەو کەسانەوە کە زۆرتر لە وەی کە دەیزانن قسە یا کار بکەن.)

***

مەسەل

# «لە سەرەوە دانیشە قسەی زلزل بکە» (٢)

دایک و کوڕێک بوون، کوڕە برێک ئاقڵی سووک بـوو و هێنـدێک جـار کاری وای دەکرد هەموو کەس سەری سوڕ دەما. خەڵک دەیانکوت شێتە، بەڵام دایکی دەیکوت:

ـ نا! کوڕی من جاریٚ تازەلاوە. ئەگەر ژنی بۆ بێنم چاک دەبیٚ.

ڕۆژێک دەگەڵ کوڕەکەی چۆ خـوازبێنی کچێـک. ئـەم کچـە سـەرەڕای ئەوەی کە زۆر جوان بوو، لە بنەماڵەیەکی ناوبەدەرەوەش بـوو. دایکـە کوڕەی فێرکرد کە ئەگـەر چوونـە ماڵـە بـاوکی بـووک، لـە سـەرەوە دانیشیٚ و قسەی زلزل بکا، کوڕە کوتی:

ـ چ لەوە باشتر؟ جا ئەو قسە زلانەی ئەمن دەیانزانم!

دایک و کوڕە چوونـە خـوازبێنی. دایکـە دانیشـت و کوڕەکـە هـەر وا ڕاوەستابوو. هەتا باوکی کچە کوتی:

ـ کاکە گیان فەرموو دانیشە.

بەڵام کاکی زاوا چ گوێی بەو قسانە نەدەچوو، دەگەڕا شـوێنێکی بڵـیند بدۆزێتەوە بچیٚ لە سەری دانیشیٚ. یەکجیٚ چـوو لـە سـەر دەسـتەنوێن دانیشت. دایکی فەقیر ڕەنگی بزرکا. کوتی:

ـ کوڕم وەرە خواریٚ!

باوکی کچە کوتی:

ـ چ قەیدیە؟ پێیخۆشە با لەوێ دانیشێ.

دایکە کوتی:

ـ کوڕەکەم زۆر شۆخە!

باوکی کچە پرسی:

ـ ناوت چییە؟ چ کارێکی دەکەی؟

کوڕە کوتی:

ـ شێر، بەبر، پڵینگ!

دایکی کوڕە کە دیتی خەریکە ئابڕووی بچێ، کوتی:

ـ کوڕی من ئەوڕۆ سیوادی کراوەتەوە!

خوداحافیزییان لە باوکی کچە خواست و ڕۆیشتن. دایکە لە ڕێگادا بە کوڕەکەی دەکوت:

ـ ڕۆڵە گیان! ئەمن کوتم لە سەرەوە دانیشە قسەی زلزل بکە، ئیدی نە ئەو قسانە! ئەو جار لە خوارەوە دانیشە و قسەی چکۆلەچکۆلە بکە.

دوای چەند ڕۆژێک دایکە کوڕەکەی هەڵدەگرێ و دەچێتەوە ماڵە کچە، ئەوجار کوڕە قوولکەیەک دەدۆزێتەوە دەچێ تێیدا دادەنیشێ و هەر چی لێی دەپرسن، هەر دەڵێ:

ـ بەرسوولکە، مشک، مارمێلکە. . . .

باوکی کچە کە کوڕەی ئاوا دەبینێ دەڵێ:

ـ خوشکم ئەو کوڕەی تۆ شێتە، وا باشە بیبەیە لای حەکیم نەک ژنی بۆ بخوازی!

***عەزیز ئالی ـ مەهاباد***

مەسەل

# «وەی لەو ڕێ نزیکە و قازانجە زۆرەی»

ڕۆژێک مشکەکان کۆ دەبنەوە هەتا نامەیەکی بۆ پشیلە بنێرن کە ئیتر ئازاریان نەدا. بە مشکێک دەڵێن.

ـ ئەم نامەیە ببە بۆ پشیلە و هەقی زەحمەتەکەش سەت تمەنت دەدەینێ!

مشک بیر دەکاتەوە و دەڵێ:

ـ ئەمن نایبەم!

دەڵێن:

ـ بۆ؟

دەڵێ:

ـ ئەو ڕێ نزیکە و قازانجە زۆرە، بێئەگەر نییە!

***

# فەرهەنگۆک

**ئاموور:** هەوجار، هێش، داری مابەینی نیر و دەندە

**ئاوا:** بەم جۆرە، ون و نادیار، مەترسی (هەزار ئاوای دنیایە)

**بەهارکێڵ:** [بەهارەکێڵ]، شوی زەوی لە بەهاردا

**پۆخڵ:** پیس، پیس و پۆخل (لە وی هەر گەڕێ هەتا خودا حەز دەکا پیاوێکی پیس و پۆخڵە)

**پەپاخ:** کڵاوێکی لە پێست چاکراو (پەیاخێکی لە سەرە، هەر بەوە بیناسەوە.)

**تخێڵ:** ڕاست بە سەر عەرزدا درێژبوون (هێند شەکەت و ماندوو بوو هەر خۆی بۆ ڕانەوەستا، یەکڕاست لە سەر عەرزەکە تخێڵ بوو.)

**جاڕس:** وەڕز، قەڵس (ئەو کارە منی جاڕس کرد و وازی لێ دێنم.)

**جێخوون:** جۆخین، خەرمان، بێدەر

**چووقەرە:** چرۆ (دارەکانی حەوشەمان هەموویان چووقەرەیان دەرکردووە.)

**خوڕێن:** خوڕ، نێرینەی چەم کە بە توندی دێ (لەگەڵ هاوڕێیەکەم وێکڕا لە خوڕێنی چۆمەکەمان دا و پەڕینەوە.)

خەفۆک: ئەو گایەی لە خەتتی جووتدا دەخەوێ (ئەو گایەی ماڵە عەولاڕەشی هەتا بڵێی خەفۆکە و دەبێ دە فکری گایەکی دیکە دابێ.)

دارهەنە: دارێکی ئەستوور لە دەزگای تەوندا

دڤۆێن: چڵکن، ئەسپێون (هێند لەمێژە خۆم نەششتووە هەتا بڵێی دڤۆێنم.)

دگان: ددان

دۆڵچە: سەتڵی چەرمین (دا ئەو دۆڵچەیە بێنە هەتا بڕێک ئاوێ هەڵێنجین.)

دەرۆزە: پارسەکی، گەدایی، سواڵکردن

دەستەکەوشە: دەستەدوو، دەزگری هەوجار

ڕان: [لێرەدا مەبەست] مێگەلەمەڕ (ئەو ڕانە بەرە بۆ هەواری)

ڕست: پەتی باریکی هۆنراو، قەلادەی ملی تاژی

ڕمێن: برەو، ڕەواج (ئەو سەروبەندەی بازاڕەکەی خۆشە و بە برەوە)

ڕەهێڵ بوون: تخێڵ، تەخت بە عەرزدا درێژبوون، ڕژنە، تاوی باران

زایە: لەکارکەوتوو، لەنێوچوو (ئەو پیاوەی بە دەست زایە بوو.)

ژنکۆک: ژنی ناتەواو لە ئاوەزدا، ژنی بێ ناونیشان

سارا: چۆل، بیابان، ناوی ژنانە

سەکران: ناوچەیەکە لە کوردستان

سەقا: ئاوکێش

شالیار: وەزیر

شیلنگەباران: بارانێکی بەتەوژم و بەلەز

کالەمێر: مرۆڤی پیر و زۆرهان

کڵاوە: ئاڵقەی دارینی ملی گاجووت، پۆپەی باڵدار، تروپکی چیا

کلۆت: ئێسکی سەر سمتی ولاغ

کلیلەبەفر: ڕنوو

کولەک: کلۆک، خۆشکوڵ، ئەو دانەوێڵەیەی زوو دەکولێ (ئەو نۆکەی بێنە کولەکە، درەنگە میوانەکان دەگەنێ.)

کەتەنی: تایبەتدان و وەلانان بۆ مەبەستێک

کەرکیت: شەی پۆکوت، هەپە، ئامرازێکە بۆ کوتانی پۆی فەڕش

کانیچە: سەرمژانە، دارێکی کورتە لە نێوان نیر و ئامووردا

گفت: پەیمان، بەڵێن

گەڕۆڵ: گڕوێ، گڕو [لێرەدا] گەڕۆک

قەرەبەخت: چارەڕەش، کلۆڵ، بەدبەخت (مرۆڤێکی چەندە چارەڕەش و قەرەبەختە.)

لاتێل: تەماشاکردن بە گۆشەی چاو (بە لاتێلەوە لێم دەڕوانێ).

لەبری: لەباتی، لەجیاتی

مڕخێشمڕخێش: هەناسە سواربوون بە کێشانی شتی زۆر قورس (بە مرخێشمرخێش دەگەڵ خۆی برد).

میراخوڕ: کەسێ کە بە سەر تەویلەی خان و شادا ڕادەگا. میراخوڕی پاتشایە).

مێوژۆکە: لکی داری دار دەمووکانە. (وەک مێوژۆکە دەلەرزێ) [بڕوانە «وەک مێژۆکە هەڵلەرزین»]

هۆرتە: وتەی جوتیارە بۆ خەت ڕاستکردنەوە

هۆگان: خەتتی جووت لەم سەر تا ئەو سەر (گاسوور هەر یەک دوو هۆگانێکی تەواو دەکرد.)

هەرەسەبەفر: بەفرێک کە هەرەس دێنێ، ڕنوو، کەویەبەفر

هەسدانەوە: هەسدان، بریتییە لە ڕووشکاندن و تەمێکردن

***

# زاراوە، پەند و مەسەل

ـ سەری خۆ هەڵگرتن

«لە بیری ئەوەدا بوو کارێک وەدۆزێ هەتا بتوانێ ژیانی خۆی و خاو و خێزانی پێ دابین بکا. تەمای ئەوەی گرت سەری خۆێ هەڵگرێ و بڕوا تا بەڵکوو کارێکی دەست بکەوێ.» (١٣)

ـ غوڕابی خەو

«بەیانییەکی زوو تەیار بوو و ماڵاوایی لە ژنەکەی خواست، چاوی هەرسێک منداڵەکانی کە لە غوڕابی خەویدا بوون ڕامووسی. ناوی خودا و پێغەمبەرانی هێنا و وەڕێ کەوت.» (١٣)

ـ وەختی ماڵنووستنان

«ئەو هەمووە زێڕە چ لێ بکا. دوای فکرێکی زۆر وای بە باش زانی لە وەختی ماڵنووستنان‌دا بچێتەوە و زێڕەکان لە کەلێنێکی کادێنەکەی ماڵە خۆیان‌دا حەشار بدا.» (١٤)

ـ لاق هاویشتنە سەر لاق

«لە ڕۆژی خۆی‌دا بە فیز و هەوایەکی زۆرەوە دەچوونە ژوورەوە و بە کەیف و خۆشییەوە لە سەر کورسی دادەنیشتن و لاقیان دەهاویشتە سەر لاقیان.» (٢٣)

ـ دە دەست‌دا مانەوە

«ئەم نرخە بۆ ئەم سندووقانە یەگجار زۆرە، ئەوەندەی ناکەن، دە دەستت‌دا دەمێننەوە. هەرزانیان بدە با بفرۆشرێن.» (٢٥)

ـ بێ سێ‌ودوو کردن

«ڕۆژێک ناردی بە شوێن دەللاک‌دا کە بێ سەر و ڕدێنی بۆ بتاشێ. دەللاک بێ سێ‌ودوو هەستا و بەرەو کۆشکی پاتشا وەڕێ کەوت.» (٢٦)

ـ سەر تێداچوون

«بڕیارمان دابوو کە سەر و ڕدێنت دەتاشم، بەم گوێزانە دەماری ئەستۆت ببڕم و بتکووژم، بەڵام دەرکەوت ئەگەر بێتوو ئەم کارە بکەم سەری خۆشم تێدا دەچێ!» (٢٦)

ـ قێزهاتنەوە

«کاتی نان خواردن، خاوەن باغ لیکاوی بە زاری‌دا دێتە خوار، ژنی داربڕ چاوی بە دەمولەوسی کابرا دەکەوێ، پێی دەڵێ: هۆی شێتە! دەمت وەرگێڕە قێزمان دەبێتەوە.» (٢٩)

ـ خەو وەچاوان نەکەوتن

«شەو تا بەیان لەبەر ئێشی برینەکانم و سکی برسیمەوە خەوم وەچاوان ناکەوێ.» (٣٢)

- تاڵی و سوێری ڕۆژگار چێشتن

«مەزنی بنەماڵە پیاوێکی بەساڵاچوو و بەئەزموون بوو. تاڵی و سوێری ڕۆژگاری چێشتبوو.» (٣٥)

- دەستوبرد کردن

«بڕۆ وەدەرکەوە، بۆ لەم گوندەدا هەر ئێمە دەوڵەمەندین؟! نەگبەت کوتی: هەر ئەوەیە کە کوتم، دەستوبردی خۆتان بکەن.» (٣٦)

- دامان

«چ شتێک لە هەموو شت پیسترە؟ وەزیر داما و نەیتوانی وەڵامێک بداتەوە.» (٣٩)

- دەست بە سەرداگرتن

«خۆ کەس لێرە نییە، لە پێشدا دەست بە سەر گەنجەکە دادەگرم و دوایە شوانە دەکووژم.» (٤٠)

- ترس نیشتنەوە

«شوانە بە دیتنی مارەکە دەحەبەسێ، خیرا شمشاڵەکەی دەبەر پشتێندی دەنێتەوە و بە پەلە ڕادەکا. دوای ماوەیەک کە ترسەکەی دەنیشێتەوە.» (٤١)

- لاقەقوونەکردن

«لەپڕ چاوی بە مارەکە دەکەوێ کە لە نێوان دوو بەردەکەدا قیت بۆتەوە. شمشاڵەکەی فڕێ دەدا و لاقەقوونەی خەڵاس دەکا. لە ناکاو لاقی لە بەردێک هەڵدەنگوێ و دەکەوێ.» (٤٢)

ـ بەزم پێگرتن

«ئاخر بۆ؟! خۆ من لە چاکە زیاتر هیچم بۆ تۆ نەبووە؟! بۆ لە خۆڕایی ئەو بەزمەت بە من گرتووە؟» (٤٤)

ـ شەرح بردن

«وا دیارە ئەم گایەش هەر هێندەی دارەکەی تێدەگا. وا چاکە شەرحەکەمان ببەینە لای یەکیتر.» (٤٦)

ـ پێوشوێن هەڵگرتن

«بەم دۆڵەدا بچن ڕێوییەکی لێیە کلکی دەڵێی ڕێواسە. ڕاوچییەکان پێوشوێنی ڕێوی دەگرن و دەیبیننەوە و تاژی تێبەر دەدەن و ڕێوییەکە دەخنکێنن!» (٤٧)

ـ قسە لە ڕوو بوون

«کابرایەک دەچێتە لای باڵووڵی زانا، چونکوو زۆر قسە لە ڕوو بووە باڵووڵە شێتیان پێکوتووە.» (٤٨)

ـ دڵ پێ سووتان

«باڵووڵ دڵی پێی دەسووتێ و دەڵێ» (٤٨)

ـ پەند بەسەرهێنان

«چ خەراپەیەکم دەگەڵ تۆ کردبوو ئەو پەندەت بە سەر هێنام؟!» (٤٩)

ـ وە برەو کەوتن

«ڕوو دەکەنە دووکانەکەی نۆکی لێدەکڕن و ڕۆژ بە ڕۆژ فرۆشی زۆرتر دەبێ و دوکانەکەی برەوێکی زیاتر پەیدا دەکا.» (٥٠)

ـ وەڕمێن کەوتن

«سوڵتان مەحموودیش کە دەبینێ باڵووڵ دووکانەکەی وەڕمێن کەوتووە، هەر لەبەرڕا نۆکی بۆ دەنێرێ.» (٥٠)

ـ قسە لە دڵ گران هاتن

«سوڵتان ئەو قسەیەی لە دڵ گران هات و بە تەواوی هێزییەوە شەقێکی لە باڵووڵ دا و کڵاوەکەی لە سەری فڕێ دا.» (٥١)

ـ بە دوو ڕست کەروێشک ڕاو کردن

«ڕۆژێک دەچێتە ڕاو. تانجییەکەی زۆر خێرا دەبێ و هەر لە شاخێک بە دوو ڕست دوو کەروێشک ڕاو دەکا.» (٥٢)

ـ لە سێبەری کەسێکدا حەسانەوە

«پاتشام سڵامەت بێ، خوا بۆ ئێمەت ڕاوەستاو بکا و خەڵک لە سێبەرتدا حەساوەتر بن.» (٥٤)

ـ دەستەوەستان ڕاوەستان

«سوڵتان دەستووریدا چوون سمایلیان هێنا و دەستەوەستان ڕاوەستا.» (٥٧)

ـ ڕیش سپی بوون

«ئێمە ئەوە ڕیشمان سپی بوو بە قەت تۆمان نەزانی.» (٥٧)

ـ قڕ کردن

«وەڵڵا گورگ لە مەڕەکانی ئێمەیان دا، هەر چەند بانگن کردن یەکێک لەو سەگانە نەهاتە گیانی گورگەکان! مەڕەکەیان لێ قڕ کردین!» (٥٩)

ـ دەستەنگ بوون

«پیاوێک بوو، زۆر دەستەنگ و نەدار بوو. کۆشێکی منداڵ هەبوون.(٦٠)

ـ لە دەست زایەبوون

«کابرایەک بە هۆی کەمتەرخەمی یەکێکی لە دەست زایە دەبێ. هەر چەند مەلا و حاجی و ڕدێن‌سپی دەنێرێتە لای خزم و کەسی کوژراو، مەسلەتی دەگەڵ ناکەن.» (٦٣)

ـ خوێن بە خوێن کووژانەوە

«بابم ئێمە پیاومان لێ کوژراوە، خوێنمان لێ رژاوە. خوێن هەر بە خوێن دەکووژێتەوە.» (٦٣)

ـ دە پێناوداچوون

«کابرا کە دیتی فایدەی نییە و مەسلەتی دەگەڵ ناکەن و ئەگەر لەوە زیاتر بمێنێتەوە ڕەنگە منداڵەکانیشی دە پێناودا بچن، بڕیاری دا لەوێ بار بکا و بچێتە شوێنێکی تر کە دەستی کەسی پێڕانەگا.» (٦٣)

ـ لە پێ کەوتن

«لە بوومەلێڵی ئێوارەدا دەگەنە ئەو دیوی سنوور و خانوویەک بە کرێ دەگرن. یەکجار ماندوو دەبن و لە پێ دەکەون.» (٦٣)

ـ بەلاداهاتن

«لە ماندووبوونیان، هەر یەکەی لە حاستە خۆی بەلادا دێ.» (٦٣)

ـ ئاوای دنیا

«نا ڕۆڵە! لێرەش هەر دەبێ وشیار بین، هەزار ئاوای دنیایە، دەبێ بە نۆرە بنووین.» (٦٤)

ـ سەر و گوێلاک تێکردنەوە

«ئەو کوڕە تا ئێستا هیچی نەکردبوو باوکی هەموو ئێواران سەر و گوێلاکی تێک دەکردەوە، ئەمڕۆ کە بەڕەکەی بە ئاودا چووە بە کوشتنیش دەستی لێ هەڵناگرێ.» (٦٩)

ـ خوای من و تۆ کردن

«خوای من و تۆ کردی، کوڕەکەی لە تجارەت گەڕاوە و ڕێی دەو شوێنە کەوت کە دایکی لێبوو.» (٧١)

ـ بە پیرەوە چوون

«ژنە بە پەرۆشەوە بە پیرییەوە چوو.» (٧١)

ـ واق وڕمان

«کوڕە گوێی پێنەدا و دەستیکرد بە هەڵکەندن و دیتی هیچی تێدا نییە. ژنە لە ترسان واقی وڕ مابوو.» (٧٢)

ـ سەری شەرمەزاری داخستن و چ پێ نەمان

«بووکە سەری شەرمەزاری داخست و ئیتر چی پێ نەما و کوڕەش ژنەی لەو شوێنە وا هەڵیکەندبوو زیندەبەچاڵ کرد.»(٧٢)

ـ سوور زانین

ـ لە دەست بوونەوە

«نەشیدەوێرا بیفرۆشێ، چونکوو سوور دەیزانی هەر لە دەستی بێتە دەر، تازە گای بۆ ناکڕێتەوە». (٧٤)

ـ تەیروتیوور تێکەڵکردن

«بۆ ئەوەی ئاواڵەکەی شک نەکا و پێنەزانێ، دەست دەکا بە قسە و لە تەیروتیوور تێکەڵی دەکا و لێی نابڕێتەوە.» (٧٥)

ـ چاو تێر نەبوون

«ئەو کابرایە زۆر بەتەماحە، چاوی تێر نابێ، پێی بڵێ بەیانی زوو بێتە بارەگا.» (٧٨)

ـ پەککەوتەیی

«لەو وڵاتەدا باوکی وەزیری شاعەبباسیش دەگاتە سەردەمی پەککەوتەیی.» (٨٠)

ـ دەوراندەوران بوونی دونیا

«ڕۆلە دەوراندەورانە، جێی هیچ گازندە و گلەیییەک نییە. ئەمنیش سەردەمێک هەر ئە لەم شوێنە باوکم خستە ژێرەوە. چاوەنوارِ بە، ڕۆژێک نۆرەی تۆش دێ.» (٨٠)

ـ دە فکرەوە چوون

«وەزیر بەم قسەیەی باوکی دادەمێنێ و دە فکرەوە دەچێ.» (٨١)

ـ پەت لە مل کردن

«وەڵڵاهی شاعەبباس پەتیشم لە مل بکا ئەم کارە ناحەزە ناکەم.» (٨١)

ـ پەک کەوتن

«ڕۆڵە لە سەر من خۆت تووشی گێرە و کێشە مەکە، ئەمن تازە پەکم کەوتووە.» (٨١)

ـ گوێ پێنەدان

«گوێی پێنادا و دەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە ماڵ و دەیبا لە عەمبارێکدا جێگەی بۆ خۆش دەکا.» (٨١)

ـ سەر لێ هەڵێنان

«هەموو ڕۆژێک کە دەگەڕێتەوە ماڵ، دەچێ سەرێک لە باوکی هەڵدێنێ.» (٨١)

ـ کوێر کردنەوە

«پاتشام خۆش بێ، چون دەتەوەێ لەبەر ژنێکی پەست و خراپ گەڕەکێک کوێر بکەیەوە؟» (٨٢)

ـ تێچاندن

«کابراش دەچێتە لای شوانە و بۆ ژنە تێدەچنێ و دەڵێ: ماڵوێران ئەتۆ بەو کوێرەوەرییە شوانێتی ماڵان دەکەی و ئاگاشت لە ژنەکەت نییە چ ئیشگەلێکی چەوت و ناحەز دەکا!» (٨٢)

ـ سەری خۆ هەڵگرتن

«کابرا دەستێک جلوبەرگ و هێندێک پارەی پێدەدا. ژنە جل وبەرگەکە دەپۆشێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ. ڕێگەی دە شارێک دەکەوێ.» (٨٣)

ـ دین لە لا نەمان

«ڕۆبووە کلکی و لە بنەوەڕا دەریهێنا. خاوەن گوێدرێژ کە ئەمەی چاو پێکەوت دینی لە لا نەما، هەڕای کردە کابرا و کابراکە ڕای کرد.» (٨٦)

ـ پێدزە کردن

«خاوەن گوێدرێژیش کە بڕیارەکانی قازی بەم چەشنە دی، ویستی بە پێدزکێ لە ژوورەکە بچێتە دەر.» (٨٨)

ـ بە ڕقدا چوون

«تۆ خۆت باش دەزانی ماوەیەکە خەلیفە لێم بە ڕقدا چووە و قینی لێ هەڵگرتووم، بێ دەسەڵاتی کردووم.» (٩٠)

ـ چاو لە دەست بوون

«غروورم ئیزنم پێنادا دەست بۆ لای هەموو کەس درێژ بکەم، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ڕۆژگارێک چاو لە دەستی من بوونە!» (٩٠)

ـ قەرز وەئەستۆ گرتن

«بەڵێ! دە هەزار دینار. دەترسم بمرم و نەتوانم بیدەمەوە. قەرزەکەت وەئەستۆ دەگرم.» (٩١)

ـ سەری خەجاڵەتی داخستن

«عەبدولمەلیک سەری خەجاڵەتی داخست و کوتی: ئەوەی نیازم بوو جێبەجێ کرا.» (٩١)

ـ چاک بۆ چوون

«خۆ کچەکەشمی ناوێ؟ قوربان زۆر چاکی بۆ چووی!» (٩٣)

ـ چاو لێکنان

«تا دوایین ساڵی تەمەنی حاکمی شاری شام دەبێ و لە ئاکامدا بۆ هەمیشە چاوی لێک دەنێ.» (٩٤)

ـ خاو بوونەوە

«زوڵمی دەکرد، خەڵکی ئازار دەدا، دوایە خاو دەبۆوە و لە کاری خۆی پەشیمان دەبۆوە» (٩٨)

ـ کڵاوی خۆ کردنە قازی

ـ هەڵچوون

«ڕۆژێک دانیشت، کڵاوی خۆی کردە قازی و بە خۆی کوت. ئەوە کارێکی خراپە. ئەمن زوو هەڵدەچم و ناتوانم هێدی و هێمن بم.» (٩٨)

«ئەگەر شتێکم دی بە دڵم نەبوو، لە داخان هەڵنەچم.» (٩٨)

ـ فرچک گرتن

«ئەتۆ هەر لە منداڵییەوە وا گەورە بوویە و فرچکت بە تووڕە و تۆسنی گرتووە.» (٩٩)

ـ خۆ لێ نەگۆڕان

«دەبێ بە خۆت بڵێی، تازە تووڕە نابم، یا ئەمن تووڕە نیم، ئەوەت هەمێشە لە بیر بێ و قەت لە بیری مەکە. عادەتی پێدەگری و وەختی خۆشی و ناخۆشی، خۆت لێ ناگۆڕێ.» (٩٩)

ـ چاکە و خەراپە ناسین

«ئەمن بۆ خۆم چاکە و خەراپە دەناسم، بەڵام وەختێک تووڕە بووم یا کەیفم ساز بوو، هەموو شتێکم لە بیر دەچێتەوە.» (١٠٠)

ـ بە دڵەوە نەنووسان

«ئەوە هەو نییە و ئەوەیان دووورودرێژە و ئەویدی منداڵانەیە و هۆوە بە دڵەوە نانووسیٚ و. . . .» (١٠١)

ـ سەر و بن کردن

«ئێمە شەو و ڕۆژ خەریکین. هەموو کتێبمان سەر و بن کردووە، هێشتا قسەیەکی وامان نەدیتۆتەوە بە کاری جەنابت بیٚ!» (١٠٢)

ـ نوتقهاتن

«چۆن پیاوێکی نەخوێندەوار دەتوانیٚ نوتقی بیٚ؟» (١٠٢)

ـ کەللەی کۆن

«بە بیستنی ئەم قسەیە، هەڵڵا و بگرە دە مەجلیس کەوت. یەک دەیگوت: ئەوە بە کار نایە، ئەوی دی دەیکوت: ئەوە کەللەی کۆنە. یەک لەو سەر هەلێدەدایە و یەک لەو سەری. قەرەباڵغێک بوو، مەپرسە.» (١٠٣)

ـ ئۆقرە گرتن

«ئەمن بەش بە حاڵی خۆم زۆرم پیٚ جوانە، لە هەموان کورتتر و پڕماناترە و دڵی من بەوە نەبیٚ ئۆقرە ناگریٚ.» (١٠٣)

ـ وەکوو خۆی نەمان

«وەختێک وەبیرم بێتەوە هیچ شتێک وەکوو خۆی نامێنیٚ و خۆش و ناخۆش هەتا سەر نین، دڵم ئەهوەن دەبێتەوە.» (١٠٣)

ـ سەختی لێگرتن

«كوتی: فەقیرم دەگەڕێم. ڕۆژگار سەختی لێگرتووم. بــە دوای پــارووە نانێکدا دەگەڕێم.» (١٠٤)

ـ گوێ نەدان

«دزەکان گوێیان نەدایە و درێژەیان بە ڕێگای خۆیان دا هەتا گەیشتنە نێو شار.» (١٠٥)

ـ ماچ کردنی پەتی سێدارە

«ئەم کارە زۆر جێی مەترسییە، ئەگەر قەرەوڵەکانی خەزێنە لــە خــەو ڕابن دەمانگرن. ئەودەم چووکترین سزامان ماچ کردنی پەتی سـێدارەی سوڵتان دەبێ.» (١٠٦)

ـ دە سەر کردنەوە

«دێنن کەروێشکێکی دەکڕن باری لێدەنێن و بەرەڵڵای دەکەن. ماوەیــەک بە سەر دەچێ، ئاغا دیسان دە سەریان دەکاتەوە.» (١١١)

ـ لافی فیداکاری لێدان

«بە دوایماڵی مفتەدا، هەر یەک بە چەشنێک لافی فیداکاری خۆیان بۆ کەریمبەگ لێداوە.» (١١٤)

ـ بە گژداچوون

«بەڵام ئەو کاتێ کەریمبەگی حەسەنخاڵی بە گـژ حــاکمی سـتەمکار و زۆرداری حکوومەتدا دەچێ.» (١١٥)

ـ وەک مێژۆکە هەڵڵەرزین

«کابرایەکی هەژاری ڕووت و ڕەبەن کە لە بەر بارانێ خووسابوو، لە سەرمان وەک مێژۆکە هەڵدەلەرزی.» (١١٧) [مێژۆکە: بەرخی تازەزاو]

ـ دەست و پێ لێدان

«بەڵکوو ورچێک بوو دەگەڵ سێڵاو هاتبوو و لە نێو ئاودا دەست و پێی لێدەدا هەتا نەخنکێ.» (١١٨)

ـ لە گڕ بوون

«خەڵک کە دیتیان هێنانەوەی کەوڵەکە زۆری خایاند و کابرا نەهاتەوە و سێڵاویش هەروا لە گڕە و کابرا و کەوڵەکە دەگەڵ خۆی دەبا.» (١١٨)

ـ دەرکە بە ڕوودا کردنەوە

«ئەمن ئیتر لێرە نابم، دەڕۆم، دەچمە شوێنێکی دیکە بەڵکوو خودا دەرکەیەکمان بە ڕوودا بکاتەوە، لەو شێوە ژیانە وەڕەز بووم.» (١١٩)

ـ پووڵ بە قسە نەدان

«خەڵکێکی زۆر لە دەوری دەروێش کۆ ببوونەوە و کەس پووڵی بە قسەکەی نەدەدا.» (١١٩)

ـ ناڵ فڕێدانی ئەسپ، باڵ وەرینی باڵندە

«ئەی ئادەمیزاد. ئەتۆ کێی و لێرە چ دەکەی؟ ئەسپ دێتە ئێرە ناڵی فڕی دەدا، باڵدار دێ باڵی دەوەرێ.» (١٢١)

ـ ڕووناکایی کەوتنە دڵەوە

«کوڕە وەبیر ئەو قسەیە کەوتەوە کە لە دەروێشەکەی کڕیبوو، ڕووناکایی کەوتە دڵی و کوتی: ئەو جێیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە» (١٢١)

ـ به دڵ بوون

«دێو ئەم قسەیەی زۆر بە دڵ بوو.» (١٢١)

ـ ئاگا له خۆ بڕان

«منداڵەکە لەگەڵ خواردنی چێشتەکە ئاگای لە خۆ دەبڕێ و لە ناکاو بایەکی لێ دەبێتەوە و لە شەرمان خۆی ون دەکا.» (١٢٣)

ـ دارەتی دە دنیا

«بنەماڵەیەکی دەستکورت و نەداربوون. لە دارەتی دە دنیایە تەنیا کەرێکیان بوو و بەس.» (١٢٦)

ـ دەستوبردکردن

«عافرەت! ئەو کوڕە وەختی ژن هێنانی هاتووە، وا باشە دەستوبردێکی بۆ بکەین.» (١٢٤)

ـ خۆ لێ هەڵکردین

ـ دەستی بەتاڵ

«ڕاستە، بەڵام ئاخر نابێ پووڵێکمان بێتە دەست، جا ئەو جار خۆی لێ هەڵکەین؟ ئەتۆ ئەو پووڵەت نییە و ئەمنیش چ زێڕ و زێوێکم نییە هەتا بۆی بفرۆشم. خۆ بە دەستی بەتاڵیش ژن نایەتە بەر ماڵێ.» (١٢٤)

ـ کاروبار هەڵسووڕان

«هەموو کاروبارێکت بە هۆی ئەم کەرەوە هەڵدەسووڕێ.» (١٢٥)

ـ لە سەر سەبران بوون، لە سەر خێران بوون

«خودا کەریمە! هەرچی لە سەر سەبرانە، لە سەر خێرانە.» (١٢٥)

ـ گوێ لە سەرما نەبوون

«مەڕۆکە دەیکوت: جا من چ گوێم لە سەرمایەیە، خوریم هەیە و سەرمام نابێ.» (١٢٧)

ـ خۆ مات کردن

«لە کەندالێکیدا کونێکی بۆخۆی ساز کرد، باران کە دەباری، دەچوو خۆی تێدا مات دەکرد.» (١٢٧)

ـ سەر بە لاملەوەنان

«ئاخر ئەتۆ نەتکوت، ئەمن خوریم پێوەیە و سەرمام نابێ؟ مەڕۆکە سەری بە لاملییەوە نا.» (١٢٧)

ـ خاترجەم بوون

«پێستەکەی بۆخۆی کردە خێوەت و لاقەکانیشی کردە ئەستوندەک و بە خاترجەمی لە ژێر خێوەتەکە ڕۆنیشت و پالی لێداوە.» (١٢٨)

ـ بە دلی کەسێک هەستان و دانیشتن

«دەبینێ ژنی دۆستەکەی زۆر ڕووخۆش و گوێڕایەلی شووەکەیەتی و بە دلی ئەو هەلدەستێ و دادەنیشێ.» (١٣٢)

ـ وەک سەگ دە قاچان ڕۆهاتن

«خۆ ژنەکەی من هەر وەک سەگ دە قاچانم ڕۆدێ.» (١٣٢)

ـ شل کێشان

ـ سوار بوون و نەهاتنە خوار

«کاکە گیان ئەتۆ بۆخۆت ئاوات بار هێناوە و سواری سەری خۆتت کردووە. هەر لە هەوەڵەوە شلت کێشاوە. کورد کوتەنی: ژن ئەگەر سوار بوو نایەتە خوار». (١٣٢)

ـ بە پرسەپرس

«پیرێژن جلوبەرگی سواڵکەرانەی پۆشی و بە پرسەپرس خۆی گەیاندە ماڵە ژنە جوانەکە و چوو لە دەرکەی دا.» (١٣٤)

ـ بەربوونە قسان

«پیرێژن وردەوردە بەربووە قسان و بۆی دەرکەوت مێردی ژنە دارتاشە. دوای ئەوە کە هەموو شتێکی لێ روون بۆوە، خوداحافیزی کرد و گەڕاوە کۆشکی سوڵتان.» (١٣٤)

ـ سەر ئی دار و ماڵیش ئی شای!

«سێ رۆژت مۆڵەتە. ئەگەر نەتتوانی سەرت ئی دارە و ماڵیشت ئی شای!» (١٣٥)

ـ باوەش تێوەرنەسووڕان

«ڕێوی بە پەنا دارێکیدا ڕۆیی کە باوەشی تێوەرنەدەسووڕا.» (١٤٠)

ـ دەخۆ نووسان

«هەر چەند دەخۆی نووسا، نەیتوانی بە دارەکە هەڵگەڕێ و خۆی بگەیەنێتە ئەو هێشۆترێیانە، بۆیە لێی ناهۆمید بوو.» (١٤٠)

ـ خۆ دزینەوە

«بۆیه هەیاس شەویٚ خۆی دزیەوە وەدەر کەوت و بە سەر هەمان ماڵدا کەوت و بەو نەقڵەی سوڵتان مەحموودی زانی.» (١٤٢)

ـ قسە تێدا ڕانەوەستان

«قوربان ئەتۆ هاتووی لـە مـەجلیسدا داتهێنـاوە و خەڵـکیش وەدوای کەوتووە و حاڵی بووە، ئەوە ئەتۆی قسەت تێـدا ڕاناوەسـتیٚ نـە مـن!» (١٤٣)

ـ لە خۆڕادیو

«کەسی وا لە خۆڕادیو نەمابوو بێتە مەیدان. پیـاوێکی پۆخـل لـە نێـو خەڵک هەستایە سەر پیٚ.» (١٤٤)

ـ نەبوونی هاوتا

ـ خۆلەبەر ڕانەگرتن

«بە ڕەحمەت بیٚ بابم، لە زۆرەبانبازیدا هاوتای نەبوو. شێر، پڵێنگ، بەبر و. . . خۆیان لەبەر نەدەگرت.» (١٤٤)

ـ دەگژ ڕۆکردن

«هەر چۆنێک بوو بە مڕخێشمڕخێش دەگژ پڵێنگەکانیان ڕۆکرد.(١٤٥)

ـ بە چۆکدا هاتن

«لە ماوەیەکی کورتدا بە چۆکدا هات و بـە دەردی خـۆی گـیرۆ بـوو. زمانی خۆی لێی بوو بە مار.» (١٤٥)

ـ سام گرتن

«بلێ بزانم جووت کردنەکەت لە چییە و هەڵپەڕینەکەت لە چییە؟ کابرای جوتیار سام دەیگرێ و بە پڵتەپڵت دەڵێ.» (١٤٧)

ـ بە دەوردا هاتن و چوون

«ئاو دێنێ دەست و چاوی پێبشۆم، دەوروبەرم ئاوڕشێن دەکا، هێندەم بە دەوری‌دا دێ و دەچێ نازانم چۆنی بگێڕمەوە.» (١٤٧)

ـ بە ئەمری خودا کردن

«هەواڵیان پێداوم خزمێکمان ئەمری خودای کردووە، دەبێ بچینە سەرەخۆشی.» (١٤٨)

ـ خۆ لە ئاو نەدان

«ئێمە ناوێرین خۆ لەو ئاوە زۆرە بدەین!» (١٤٨)

ـ کوتبای سیر ئەمن دەمکوت پیواز

ـ زمانی درێژ

«تەنیا عەیبی من ئەوە بوو، پاتشا کوتبای سیر ئەمن دەمکوت پیواز. جوتیار کوتی: زمانی درێژ بە من کورت نابێتەوە.» (١٥٠)

ـ چاو دە چاو بڕین

«ژنەکان زۆر ترسابوون نەیاندەوێرا چاو دە چاوی مێردەکەیان ببڕن.» (١٥٠)

ـ پاک و پیس لێک نەکردنەوە

«ئەم کابرایە پاک و پیسی لێک جیا کردووەتەوە.» (١٥١)

ـ پیری خەرفاو

«پیرەی خەرفاو ئەوە هێشتا ماوی، نەمردووی؟» (١٥٣)

ـ وەزاڵە هاتن

ـ چارەیەک لە خۆ نەکردن

«پیاوەکە لە دەست کوڕەکانی وەزاڵە هاتبوو، بـیری کـردەوە کـوتی: ئەگەر چارەیەکی لە خۆم نەکەم، لە وانەیە هەر بمکووژن.»(١٥٣)

ـ هەتا بن هەنگلان ئاخنین

«کووپەڵەیەکی هێنا هەتا بن هەنگلانی کای تێکرد.» (١٥٣)

ـ ئاگا لە خۆ نەبوون

«لە خۆشییان هیچ ئاگایان لە خۆ نەبوو.» (١٥٥)

ـ سەری شەرمەزاری داخستن

«کوڕەکان سەری شەرمەزاریان داخست و ڕۆیشتن و ئاوڕیان لـە دواوە نەداوە.» (١٥٥)

ـ زۆر بۆ هێنانی برسیایەتی

«ڕۆژێکیان کابرای عەڕەب لە سارا وشترەکەی دەلـەوەڕێنێ، برسـێتی زۆری بۆ دێنێ.» (١٥٨)

ـ سەرنانەوە

«وەڵڵا منداڵە هەژارەکانم بێ شێر سەر دەنێنـەوە! کاتێـک دەرکـەوتم هەر لاتەی سکیان دەهات داخوا ئێستا لە چ حاڵێک دان؟» (١٥٨)

ـ باڵگرتن لە خۆشیان

ـ تف لە زاردا وشک بوون

«بە دیتنی ئەو شتەی نێوجامەکە ئەوەندە نەما لە خۆشییان باڵ بگرێ. تف لە زاریدا وشک ببوو.» (١٥٩)

- ئەم دەست ئەو دەست پێکردن

- لە تەنکەی باخەڵنان

«لە نێو دەستیدا هەڵیگوشی. دوای ماوەیەک ئەم دەست ئەو دەست پێکردن دەسرەیەکی تێوەپیچا و لە تەنکەی باخەڵی نا.» (١٥٩)

- دەستڕۆیو بوون

- سەرەندەر دەرنەدەکردن

«کابرا زۆر دەوڵەمەند و دەستڕۆیو ببوو. خەڵکی پێیان سەیر بوو. چلۆن بە تاقە وشترێکی گەڕۆڵەوە ئەو هەموو سامانەی پێکەوە ناوە! کەس سەرەندەری لە کاری ئەو دەرنەدەکرد.» (١٦٠)

- تەپ دانە سەر

«بەڵام هێشتا نەگەیبووە سەر جامە شیرەکە، کوڕەکە بە داردەستەوە تەپی دایە سەر و بە یەکەم زەبری داردەست کلکی قرتاند.» (١٦٠)

- بەستەزمان

- سەرلێ چەواشە بوون

«لە پڕ مارێکی گەورە بە قەت ئەژدیهایەکی لێ پەیدا بوو. پیاوەی بەستەزمان سەری لێ چەواشە بوو. نەیدەزانی چ بکا و چۆن خۆی لە دەست ئەو مارە ڕزگار بکا.» (١٦٣)

- وازهێنان

- سەر دە ڕێدا بوون

«قوربان تکایه له من واز بێنه. هەر دەستوورێکت هەبێ بە چاوان، سەرم دە ڕێدایە.» (١٦٣)

- بە لارەمل بوون

«هەتا ماری زۆردار ماندوو بوو. له پاشان پیاوەی بانگ کرد و کوتی بە دوای مندا وەرە. پیرەپیاوە بە لارەملی کەوتە شوێن مارەکە.» (١٦٤)

- سەرسووک بوون

«پیرەپیاو لە زیارەتی حەج گەڕاوە، دیتی هەموو بنەماڵەکەی ڕەشپۆشن! پرسیاری کرد، ئەوانیش کارەساتەکەیان بۆ گێراوە. پیاوە پاشە وەی سەری سووک بوو، شمشاڵی دەست دایە و بەرەو شوێنی جارانی کەوتە ڕێ.» (١٦٥)

- دەست نەگێڕانەوە لە کار

«لە هیچ خەتایەک دەستیان نەدەگێڕاوە.» (١٦٩)

- بێبەری بوون

«ماڵێک شەش کەنیشکیان هەبوو. لە نێعمەتی کوڕ بێبەری بوون. خەم و پەژارەی نەبوونی کوڕ ئەم ماڵەی داگرتبوو.» (١٧٢)

- بە ڕەحمەتی خوا چوون

«واهات دایک و باوک بە ڕەحمەتی خوا چوون.» (١٧٢)

- قسەی دڵ نەبوون

«نا خوشکە گیان! ئەمە قسەی دڵت نەبوو، ڕاستیەکەم پێ بڵێ بەخوا لێت دڵگیر نابم.» (١٧٤)

ـ وەزگدان

«دەمارەکانی شل دەبنەوە خۆی پێناگیرێ، بایەکی لێ دەبێتەوە، بووکە لە شەرمان هەر ئەوەندەیە وەزگ نادا.» (١٧٥)

ـ وەک گوڵ گەشانەوە

«ئەوەی وەکوو تۆی بە سەر بێ خودا کوڕێکی دەداتێ. بووکە وەک گوڵ گەشایەوە.» (١٧٥)

ـ وەک ئاو خواردنەوە

«لابردنی ئەم کێوە بۆ من وەک ئاو خواردنەوە وایە و بۆتانی لادەبەم و دەشتێکی جوان و ڕازاوەتان بۆ پێک دێنم.» (١٧٦)

ـ پێشدەستی کردن

«نەوەڵڵا ئەوە ئێستر لووشکی لێداوە! کابرا زانی ئەوی دیکە پێشدەستی کردووە و ئێستری بۆ قازی بردووە.» (١٨٢)

ـ حەڵاڵ و حەرام لەبەر چاو نەبوون

«بێ ئەوە حەڵاڵ و حەرامیان لەبەر چاو بێ، سەری مەڕەکە دەبڕن و بڕێک لە گۆشتەکەی بۆ نیوەڕۆ لێدەنێن.» (١٨٣)

ـ خۆڕانان

«یەکێک لە وان بۆ خۆڕانان وا دەنوێنێ کە شتی حەرام ناخوا.» (١٨٣)

ـ بە دەست وەلانان و بە لاق کێشانەوە

«لە ڕاستیدا بە دەستی وەلای نێ و بە لاقی بیکێشێتە پێش.» (١٨٣)

ـ کچی عەزەب

«ژنێک کچێکی عەزەبی هەبوو.» (١٨٤)

ـ بە بەردا هاتن و چوون

«دەچمە حەمامێ، ئەتۆش دەستێک بە سەروچاوتدا بێنە و کاتێک خوازبێنچی هاتن لە سەرەوە دانیشە و قسەی زلزل بکە و بە بەریاندا وەرە و بچوو.» (١٨٤)

ـ ڕۆیشتن و ئاوڕ نەدانەوە

«خوازبێنچی سەریان سوڕ ما و لایان وابوو کچە شێتە. هەستان ڕۆیشتن و ئاوڕیان نەداوە.» (١٨٥)

ـ ئاقڵ سووک بوون

«کوڕە برێک ئاقڵی سووک بوو و هێندێک جار کاری وای دەکرد هەموو کەس سەری سوڕ دەما. خەڵک دەیانکوت شێتە.» (١٨٧)

ـ سیواد کرانەوە

«دایکی کوڕە کە دیتی خەریکە ئابڕووی بچێ، کوتی: کوڕی من ئەوڕۆ سیوادی کراوەتەوە!» (١٨٨)

***

# لیزگەی ناوەکان

ـ ناوچەی موکریان: ناوی مەڵبەندێکی پان و بەرینە لە کوردستان. (١١٤)

ـ شەڕەفکەند: گوندێکە لە کوردستانی ئێران.(١١٦، ١١٥)

ـ مامۆستا هەژار: عەبدووڕەحمان شەڕەفکەندی بە نازناوی «هەژار»، مامۆستایەکی مەزن و ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار ئەدەبی کوردی (نووسەر، شاعیر و وەرگێڕی بەتوانا) گەلێکی خزمەت بە ئەدەبی نەتەوەکەی کرد و ئاسەواری زۆر بەنرخی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، وەکوو: بەرەو کوردستان(دیوانەشێعر)، ئاڵەکۆک، چێشتی مجێور(بیرەوەری)، وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی «قانون در تێب»ی بووعەلی سینا (دە هەشت بەرگدا)، وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام، وەرگێڕانی بەرهەمەکانی دوکتۆر شەریعەتی و... (١١٦)

ـ خوراسانە: گوندێکە لە کوردستان. (١١٦)